**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١١٦

سالّی/ ٢٠٢٠ – بەرگی سەدو شازدە

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٢

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٠/٩/٢٩ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٠/١٠/٥ ل ٣٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٠/١٠/٢٧ `ل ١٨٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ١٠)خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٠/١١/٢٥ ل ٢١٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٠/١١/٣٠ ل ٣٠١

پارێزراوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بۆ ئێمە پێمان خۆشە نەچنە بەردەمی دادگا، خۆتان بڕیار دەدەن بچنە بەردەمی دادگا ئیجرائاتی ئصولی، پەیڕەوی، چی لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان پێویستە ئێمە هاوکارتان دەبین بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیداری فیعلی یەکلایی بکاتەوە، ئەم دۆسیەیە لە ناو پەرلەمانی کوردستان دا نەمێنێ، ئەوە حەقێکی مەحفووزە بۆ هەردوولا، زۆر سوپاس.

دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی سێهەمی بەرنامەی کارەکەمان دەکەین، داوا لە بەڕێزان لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، بە مەبەستی خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧) و (٨٨) و (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، فەرموون.

دەی بزانم نوقتەی نیزامییە، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا (١٨) بڕگا (٥) پاراستنا ئارامیا هۆڵێ دەسەڵاتا جەنابی ئێوەیە، خۆزیکا جارەکا بێنە جهێ مە ببینن کانی ئارامی لێ هەیە یان نا، یانی ئەز نزانم ئەڤ دەرگەها چ تێدا هەنە دکتۆرە، هەر دەرگەیەکی دە پاسەوانێت تێدا، ئەمزانیت ژی کۆبوونەوە چووینە پاسەوانا هاتیە ناڤ هولیدا هەرەشەن پەرلەمانتارا کرن، هیڤی دارم مە چ عەسکەری نینە لە هەرێمی کوردستانێ

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دەرگایە داخەن بێ زەحمەت، هەلەز خان بەو نەوعە هەست بە ئارامی ناکات، حەقی خۆشیەتی، دەرگاکە داخەن، ئەو دەرگایەش داخەن، هەردووکی داخەن، تەواو، کاکە ئەوەی کۆڕۆنای گرتووە خەمی ئێمەیان نەماوە دەڵێن چی دەبێ با ببێ.

**بەڕێز د. صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تەندروستیا مە گرنگتر لە هەندێ..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بکەنەوە، ئەوەی ئێرە بکەنەوە، هەتا هەوا هاتووچۆ بکات بەڕێزان هۆڵەکە بچووکە ئەوە دەکەینەوە لەگەڵ ئەوە.

**بەڕێز هەلەز أحمد محمد:**

دکتۆرە مەوزووعی دەرگا نییە، دە پاسەوان لێرەنە، یەعنی هەر هەوا نایەتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئەوانە پاسەوان نین، هەڵەز خان، ئەوانە پۆلیسی پەرلەمانی کوردستانن، خۆ ئینسانن کاکە، خۆ کوڕی ئەم وڵاتەن، خۆ قابیلە بۆ ئێوە نییە هەڵەز خان، خاتوون گیان، نەهاتوونەتە ناو هۆڵ، شوێنی خۆیانە، ئێمە حەقی خۆمانە موئەسەسەین، تەواو، سوپاس.

بەڕێـزان بـۆ موناقەشـە کردنـی یـان بـۆ خوێنـدنەوەی دووەمـی ئەم پـرۆژە یاسـایە، کە پـرۆژەی حکومەتە دەبوو بەڕێز وەزیری دارایی ئامادە بێ، بەڵام ئیعتیـزاری هێنـاوەتەوە لەبەر ئەوەی کە کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە ئەنجـوومەنی وەزیـران هەیە، ئـێمە بەردەوام دەبـین تـا ئەو کـاتەی کە ڕەنگە بەڕێز وەزیری هەرێك بۆ کاروباری پەرلەمان ئامادە بێ، بەڵام تـا ئەو کـاتە ئـێمە دەسـت بە کارەکانی خۆمان دەکەین، بەڵێ کاك زیاد، فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بە پێی پەیڕەو دەبێ هەردوو پرۆژەکە هەم پـرۆژەی هـاتوو، هەم ئەو پـرۆژەیەش کە هەردوو لیـژنە بە هاوبەشـی ئامـادەکراوە، دەبـێ لێـرە هەردوو پـرۆژەکە بخوێنـدرێتەوە، بەڵا پرۆژەکان ماددەکان کاتێکی زۆر زۆری دەوێ زۆرن، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر پەسەند بـێ هەرچەنـدە بە پێـی پەیـڕەو دەبـێ هەردووکیـان بخوێنـدرێتەوە، ئەگەر پەسـەند بێـت یەك ئەو پـرۆژەی کە لەلایەن هەردوو لیـژنەی یاسـایی و دارایـی ئامـادەکراوە بخوێنـدرێتەوە و بکـرێ بە بنەما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئەو کـاتەی خوێنـدنەوەی یەکممـان بـۆ پـرۆژە یاسـای فرۆشـتن و بەکرێـدانی مایەکـانی دەوڵەت لە هەرێمـی کوردسـتان-عیـراق کـرد خرابـووە نـاو بۆکسـی هەمووتانەوە، پرۆژەکە وەکو خۆی چەند لاپەڕەیە یان چەند ماددەیە، تەصەور دەکەم لە پەنجـا زیاتر بێ کاتێکی زۆر زۆری پێویستە، ئەگەر ئێمە هەردووکی بخوێنینەوە دانیشتنی ئەمڕۆ بەس فریای ئەوە دەکەوین هەردووکی بخوێنینەوە، بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی دارایـی پێشـنیار دەکـات پرۆژەکەی حکومەت نەخـوێنینەوە، تەنهـا ئەو ڕاپـۆرتە بخـوێنینەوە کە لیـژنەی مـالی ئامادەیـان کردووە لیژنەی قانونی ڕاستاندنیان بۆ کردووە، زیاتر لە جارێك حکـومەت خـۆی ئامـادە بـووە لە ئامادەکردنی پرۆژەکە، بەڵام بۆ ئەوە ئێمە پێویستە ڕەچاوی ماددەی (٧٨) بکەیـن، ئەگەر ئێـوە بە دەنگـدان ڕەزامەنـدن ڕاپـۆرتەکە بخوێنـدرێتەوە و بکـرێتە بنەمـا، بـا ئـێمە یەکسـەر ڕاپـۆرتەکە بخوێنینەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە با بفەرموێ دەسـت بەرز بکـاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کـرا، بەڵـێ فەرمـوون بەڕێـزان ڕاپـۆرتی هاوبەش بخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بـۆ کـراوە لەلایەن لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی و لیژنەی کاروباری دارایی

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ئەوەندە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکانی لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی یەکەم و سێیەم لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستانی عیراق، تایبەت بۆ خوێندنەوەی دووەم دوای کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەی خوارەوە پێ پەسەندە:

پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عیراق:

دەروازەی یەکەم/ بنەما سەرەکییەکان

ماددەی یەکەم/ بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان

٢- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٣- دەسەڵاتی تایبەتمەند: هەر یەکە لە وەزیر یان سەرۆکی لایەنە نەبەستراو بە وەزارەت یان هەر کەسێك کە ئەوان ڕێ پێ دەدەن بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دەگرێتەوە.

٤- موڵك و ماڵی دەوڵەت: موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

ماددەی دووەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عباس، ئێمە دەنگمان دا لەسەر ئەوەی کە ئەوە دەکەینە بنەما و تەواو، هەمووی مەخوێننەوە، مادده بە مادده.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام دەبێ لە پێشەکییەکەیەوە، لە عینوانەکەیەوە دەست پێ بکەین، حەز دەکەی جارێکی تر عینوانەکە دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

ناونیشانەکەی (پرۆژە یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عیراق).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ناونیشانە؟ ناویان بنووسە، بەڵێ فەرموو کاك دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو پێیەی كە هەرێمی كوردستان صیفەتی دەوڵەتی نییە، هەرێمێكە لە چوارچێوەی نیزامی فیدراڵی، من پێم باشە ناونیشانەكە بەو شێوەیەی لێ بكرێ (پرۆژە یاسای فرۆشتن و بە كرێدانی موڵك و ماڵی گشتی یان كەرتی گشتی) وشەی دەوڵەت لابچێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بڕیاردەرانی هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی تێبینییەكانی پەرلەمانتاران بنووسن، هەر كەسێك بوو بە سێ پێشنیار لە بەرامبەری بنووسن بووە بە سێ، بۆ ئەوەی لە حازركردنی ڕاپۆرتی دەنگدان ئاسانكاریمان بۆ بكات، هەر كەسێك كە زانی خۆی پێشنیارەكەی دەبێ بە سێ كەس هاوكارمان بێ بیداتە لیژنەكان ئاسانتریش دەبێ، كاك باڵانبۆ، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، من پشتگیری قسەكانی د.ڕێبوار دەكەم، ئێمە حك,مەتین دەوڵەت نین، لەبەر ئەوە ئەگەر بەو شێوەیەش بێت پێویستە داهاتەكەی بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، كاك حكمت، فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ژی هەمان مەبەسەت هەبوو، پشتگیریا د.ڕێبوار دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەكارهێنانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لێرەدا ئەو دەلالەتەی نییە كە ئێمە دەوڵەتین یان نا، موڵك و ماڵی دەوڵەت لە ناو هەرێمی كوردستان، موڵك و ماڵی كەرتی گشتی بە تەنها كافی نییە،بە تەنها كافی نییە ئەوەی لەسەر قیتاعی عامە، ڕەنگە شتی تر هەیە لەسەر هیچ بەشێك یان لەسەر هیچ موئەسەسەیەكی قیتاعی عام موسەجەل نییە، بەڵام موڵكی دەوڵەتیشە، ئێمە ئەگەر ئەو بڕگەیە لابدەین دڵنیابن لەوەی كە خەلەلێكی قانونیمان بۆ دروست دەبێ، بۆیە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە هاتووە، كە وتوومانە موڵكی دەوڵەت لە ناو هەرێمی كوردستان دا ئیتر ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە، ئەم بابەتە موناقەشەیەكی زۆر زۆر دوور و درێژی لەسەر كراوە، لە خواریشەوە لە ناو تەعریفەكان دا ئەو شەرحەی كە جەنابتان دەتانەوێ كراوە، بەڵێ سوپاس، ماددەی یەكەم.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

دەروازەی یەكەم/ بنەما سەرەكییەكان

ماددەی یەكەم/ بۆ مەبەستی حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریان دەگەیەنێت:

١- هەرێم: هەرێمی كوردستان-عیراق.

٢- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق.
٣- دەسەڵاتی تایبەتمەند: هەر یەك لەوەزیریان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتیان هەر کەسێك کە ئەوان رێی پێ دەدەن بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دەگرێتەوە.
٤- موڵك و ماڵی دەوڵەت: موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر پێناسەکان قسەی هەیە، کاك شێخ ظاهر ، کاك ڕێبوار، کاك لقمان، ئاشنا خان، مامۆستا أبوبکر، کاك مەم، کەستان لەبیرچووە؟ بەڵێ کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم بڕگەی چوارەمی من پێشنیاز دەکەم کە موڵك و ماڵی دەوڵەت، موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر موڵك و ماڵێکی دەوڵەت هەبێ بۆ نمونە لە خانەقین بێت، هی موڵك و ماڵی حکومەت بێت، هی دەوڵەت بێت لە خانەقین بێت، ناوچەکانی کە بە ناو جێناکۆکە بە پێی دەستووری ماددەی (١٤٠)ی عیراقی، پێموایە ئەوە نایگرێتەوە بەو شێوەیە، بۆیە پێشنیاز دەکەم موڵك و ماڵی کەرتی گشتی هەرێم دەگرێتەوە، ئەو لایە لابرێ ڕەنگە خزمەتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها گفتوگۆی ئەم ماددە دەکەم و هیچی تر لە ڕاستی دا، پێموایە ئەم پرۆژە یاسایە لە ڕاستی دا گفتوگۆی لەسەر نەکەین، لەبەر ئەوەی لە کوردستان دا بەداخەوە یاساکان ئیستیغلال دەکرێن بۆ بواری گەندەڵی و بۆ بەهەدەر دانی سامانی گشتی، یەعنی لەسەردەمی حکومەتی گۆڕبەگۆڕی پێشوو لە سەرجەم پارێزگاکان و قەزا و ناحییەکان دا هەزاران خانوو دروست کرابوون کە پێیان دەووترا خانووی مەنصەب، ئەوانە بەداخەوە تەملیك کران و تاپۆ کران، مەسەلەن لە شوێنێکی وەکو سەددی دەربەندیخان و دوکان کە ئەوە پەیوەندی لە هەردوو بەنداوەکە و بە هەردوو وێستگەکەوە هەبوو تەماشا دەکەین ئەم خانووانە بەڕاستی تاپۆ دەکرێ کە ئەوە کفری حکومڕانی ئیدارەدانە، بۆیە من بەڕاستی بە گومانم ئەم یاسایە کە لەم کاتەدا حکومەت پێشنیازی کردووە جارێکی تر ئەوە بەکاربهێنرێتەوە کە موڵکێکی زۆری دەوڵەت لە زەوی و زار، لە خانوو و بەرە، لە موڵکەکانی ئەوقاف بەڕاستی بفرۆشرێت ئەوەش بەڕاستی زیانێکی گەورەیە لە ڕووی نەتەوەیی و ستراتیجی دەیکەن، بۆیە من لەگەڵ کۆی یاساکەدا نیم، پێمباشە هەر دوابخرێ و موناقەشەی لەسەر نەکرێ، کاتی ئەوە نییە، چونکە هیچ گەرەنتییەك نییە ئەم یاسایە بەلاڕێدا نەبرێ، وەکو یاسای وەبەرهێنان کە بەداخەوە لە ڕێگەی ئەو یاسایەوە موڵك و ماڵێکی زۆر لە ڕووی موصاتەحەوە دراوە، زەوی دراوە بە موصاتەحە ژمارەکەیت پێ

دەڵێم، ڕەقەمەکەیت پێ دەڵێم فرۆشراوە لە ڕاستی دا، ئەوە لە کوێی دونیادا بووە؟ بۆیە من بەشەکەی خۆم هیچ گفتوگۆیەك ناکەم و بایکۆتی ئەو کۆبوونەوەش دەکەم ئەگەر بێت و پڕۆژە یاساکە ئیشی لەسەر بکرێ و گفتوگۆی لەسەر بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام مامۆستا أبوبکر ئێستا لە هەرێمی کوردستان قانونی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ جێبەجێ دەکرێ، هەر هەمان ئەم یاسایەیە ئەوەی جەنابت باسی دەکەی هیچ ڕێگرییەکی قانونی لەبەردەم موئەسەسات دا نییە بۆ فرۆشتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت، ئەوەی ئێستا لەبەردەستماندایە ئێمە دەرفەتمان هەیە بۆ ئەوەی بە جۆرێکی لێ بکەین مەرجەکان زیاد بکەین، ڕێگرییەکان زیاد بکەین، ئەوەی (مساطحە) بۆ نمونە یەکێك لەوانەی بابڵێین باشیەکانی ئەم پڕۆژەیە ئەوەیە کە قەدەغەی تەملیککردنی تێدایە،ئێستا جەنابت دەڵێی بۆ نمونە موستاتەحە تەملیك دەکرێ، بەڵام لێرە ماددەیەك هەیە دەڵێ (مساطحە) دوای تەواوبوونی مودەکەی بە هیچ شیوەیەك تەملیك ناکرێ)، کەواتە ئێستا ئێمە قانوونێکمان هەیە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە و ئیشی پێدەکرێت، یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦)ە، هیچ ڕێگریەکی قانوونی لەبەردەمی موئەسەساتدا نییە، جگە لە چاودێری، جگە لە چاودێری پەرلەمان، دیوانی چاودێری دارایی، لێرە کۆمەڵێك ماددە زیاد کراوە، بەپێچەوانەوە توانیویەتی ئەو ڕێگریانە بکات، لەبەر ئەوە داوات لێدەکەم هاوکارمان بیت، لەگەڵمان بمێنیتەوە، جەنابت پیاوێکی بە تەجروبەی، دەتوانین قانوونەکە باشتر بکەین لەوەی ئێستا هەیە، زۆر سوپاس.کاك (لقمان)، فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم ماددەی (١) من تێبینیم هەیە، پێم وایە ئەو دەسەڵاتە سنووردار بکرێت، بۆ وەزیری سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت، بوار نەدرێ بۆ ئەوەی کە خەڵکی تر سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە بکات، کە موڵك و ماڵی دەوڵەت دەفرۆشێت، واتا هەر کەسێك کە ئەوان ڕێی پێدەدەن، ئەمە لابرێت، واتە دەسەڵاتەکە سنوردار بکرێت، بۆ وەزیری سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکە ئەوەیە بۆ نمونە ئەگەر لە دهۆك مودیر عامی صحە کۆمەڵێك کەرەستەی خراپی بەها هەبوو لە مەغزەنێکدا، نەتوانی بیفرۆشێت؟ نەتوانێ لیژنەیێك پێکبێنێت بیفرۆشێت؟ وەزیر بێگومان دەسەڵات بۆ شتێکی دیاریکراوە بە کەسێکی دیاریکراو دەدات، هەمووشمان بڕوامان بە لامەرکەزیەتی ئیداری هەیە، (ئاشنا) خان، فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی مامۆستا (ابوبکر) دەکەم، لەو رووەوە ئێستا بەراستی ئێمە لە فەراغی قانوونیدا نین، تایبەت بەم پرۆژە یاسایە، بابەتی ئاوەنتر و حەساستر و گرینگ تر هەیە، کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، کاری لەسەر بکرێ، وەکو تێبینیش لەسەر پرۆژە یاساکە بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆژە یاسایە بنەماکانی لامەرکەزیەتی تیا جێ نەکراوەتەوە، هەست دەکرێ کە بە نەفەسی هەمان یاسا کۆنەکە نوسراوە، کە تەواو تۆخکردنەوەی لامەرکەزیەتە، گەرانەوەی دەسەڵاتە بۆ پایتەخت، بەگشتی بۆ حکومەت بۆ وەزارەتەکان بەبێ ئەوەی کە پاریزگار، قائیمقام، بەڕێوەبەری ناحیە، بەڕێوەبەری گشتی، هیچ ڕۆڵێکیان هەبێ تێیدا، مەترسییەکیش هەیە بەو هەموو ئاسانکاریەی تێیدا کراوە، بۆ کەسانی کڕیار پرۆژەکە نەبێتە سەرچاوەێکی داهاتی گرینگ بۆ حکومەت، کە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم قانوونە، ئەمە وەکو تێبینی بەشێوازێکی گشتی لەسەر کۆی پرۆژەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە چ ماددەێکدا نوسراوە بەس حکومەت لە مەرکەز بۆی هەیە؟

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە شێوەێکی گشتی پرۆژەکە کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کە زاتە دەسەڵاتەکان بگەڕێتەوە بۆ مەرکەزیەت، بەڵام ئەگەر قسە بکەین لەسەر بابڵێین مەرکەزیەت تۆخ بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە قسە بکەین لەسەر ماددەی یەکەم قەرارە هەر خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت، من تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی یەکەمکە پێناسە نەکراوە بۆ هەندێك دەستەواژە، کە گرینگە ئەو دەستەواژانە پێناسە بکرێن، چونکە چەند جارێك دووبارە بونەتەوە، ئەوەی کە پێناسە کراوە موڵك وماڵی دەوڵەتە، لایەنی تایبەتمەند پێناسە کراوە، بەڵام گرینگە چەند پێناسەێکی تر زیاد بکرێ، لیژنەکان، مایە، زیادکردنی ئاشکراگرینگە، ئەمانەش پێناسەیان بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك (لقمان) ئێستا پێچەوانەی بەڕێزتان وتی ئەو شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە بۆ خوار وەزیر و سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە، پێی باش نەبوو، جەنابت عەکسەکەی دەڵێی بەپێچەوانەوە، کە ئەڵێی لایەنی تایبەتمەند بریتییە یە لە وەزیر و یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە، یا هەر کەسێك کە ئەوان ڕێی پێدەدەن، کەواتە بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە پارێزگاکان لە ئیدارە سەربەخۆکان، دەسەڵاتیان هەیە، دەتوانن ئەم پرۆسەیە بەڕێوە ببەن، کاك (د.رێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم پەیوەست بە پێناسی دەسەڵاتی تایبەتمەند، دەستەواژەی دەسەڵاتی تایبەتمەند، لەراستیدا ناوی وەزیر هاتووە، ناوی بەرێوەبەری گشتیش هاتووە، بۆ ئەوەی کە زۆر روون بێت،

من پێم باشە نـاوی سـەرۆکی یەکە ئیـداریەکانیش بە ئاشـکرا بێـت، هەروەهـا پارێزگارەکـان، بـۆ ئەوەی کە روون بێت، سەبارەت بە چوارەم کە پێناسی موڵك و ماڵی دەوڵەت دەکا لێـرە تەئکیـد لەسەر قسەی خۆم دەکەمەوە، موڵك و ماڵی دەوڵەت وەکو لە پێناسەکەش هاتووە تەنها موڵـك و ماڵی گشتی دەگرێتەوە، جەنابیشت ئەزانی، لێرە نوسراوە موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێـم، بۆیە ناونیشانەکە ئەگەر وەکو تەرحم کرد وای لێبکرێت باشترە،سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك شێخ (ظاهر )، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، مـن یەکەم کەس دەسـتم بڵنـد کـرد، بەڵام ئەخیـرم، هیـوادارم ئەو خـاڵە پەیڕەویەم پێبدەن، ئەگەر پشتگیریم نەبوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی هەر لە پەیڕەودا هەیە.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر سێیەم و چوارەم هەیە، سێیەم بۆ نمونە دڵێ دەسەڵاتی تایبەتمەند، هەر یەکە لە وەزیر و یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، یان هەر کەسێکە ئەوان ڕێ پێدەدەن بە مەرجێك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، من پێشنیاز دەکەم بەو شێوەیەی لێبێت بەراستی، بەشـێوەێکی هەمیشـەیی لە هەر وەزارەتێـك یـان لایەنـی نەبەسـتراوە بە وەزارەت لێژنەیەکـی هەمیشەیی بۆ فرۆشتن و بوکرێدان، مایە گـوێزرا و نەگوێزراوەکـان دەوڵەت پێکبهێنرێـت، کە لە سێ کەس کەمتر نەبێت و یان لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت سەرۆکایەتی ئەو لێـژنەیە بکـات، خاڵی چوارەمیش موڵـك و مـاڵی دەوڵەت، پێشـنیار دەکەم بەم شـێوەی لێبکرێـت، موڵـك و مـاڵی کەرتی گشتی گوێزراوە و نەگوێزراوە لە هەرێم بگرێتەوە، واتا گوێزراوە و نەگوێزراوەی بۆ زیـاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی بەڕێز (د.ڤالا) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، کە بەڕێز وەزیری دارایی دەسەڵاتەکانی خۆی پێـداوە، بـۆ ئەوەی بتـوانێ لەم گفتوگـۆیە لەگەڵمـان ئامـادە بێت، ناوتمان نەنوسیبوو کاك (هێڤیدار)، ماددەی (٢)، بەڕێزان، کاك (عباس)، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر موڵك و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەی دەوڵەت لە کاتی فرۆشـتن یان بەکرێدان جێبەجێ دەکرێت ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەبارەی ئەو ماددەیەوە، کاك (بەڵین)، (خدیجە) خـان، کـاك شێخ (ظاهر )، کاك (بەڵێن) فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٢)، من پێشنیاز ئەکەم بەم شـێوازەی لێبکرێـت، حوکمەکـانی ئەم یاسـایە لەسـەر موڵك و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەی دەوڵەت لە کاتی فرۆشتن یان بەکرێدان جێبەجێ بکرێت، ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت پێشنیاز ئەکەم ئەوە هەڵبگیرێ، بۆ ئەوەی کـۆی موڵـك و ماڵی دەوڵەت بە گـوازراوە و نەگـوازراوە تەنها بەم یاسـایە بتـوانین تەحەکـومی پێـبکەین، پەنـا نەبەینە بەر ئەو دەقە یاسایانەی کە پێچەوانەی بڕگەی ماددەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، (خدیجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢)، منیش هەمـان تێبینـی کـاك (بەڵێن)م هەیە، کە دەڵێـت ئەگەر دەقێکـی یاسایی پێچەوانەی نەبێتن، یەعنی بـوونی ئەم میمبەرە وا دەکـات کە ئەگەر هەر یاسـایەکی تـر پـێچەوانەی ئەم یاسـایە بێـت دەبێـتن کـار بە یاسـای تـر بکەیـن، ئەو یاسـایە بـۆچی دەردەکەی، هەروەها ئەوە خودی ئەو ماددەیە وا دەکات کە پـێچەوانەی مـاددەی (٤٠) بیـتن، بەم یاسـایە کە دەڵێـتن نـابی کـار بە هـیچ دەقێکـی یاسایی بکرێـت بە پـێچەوانەی ئەم یاسایە بکەیـن، یەعنـی متعارزە لەگەڵ ماددەی (٤٠)ی خودی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ (ظاهر )، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٢) حوکمەکـانی ئەم یاسـایە بەسـەر موڵـك و مـاڵی گـوێزراوە و نەگـوێزاروی دەوڵەت لەکاتی فرۆشتنی یان بەکرێدان جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر دەقێکی یاسایی پـێچەوانە نەبێـت، مـن پێشـنیار دەکەم لەبەر ئەوەی ئەم یاسـایە تـایبەتە بە فرۆشـتن و بەکرێـدان مـایە گـوێزراوە و نەگوێزراوەکـانی دەوڵەت بـۆ ئەوەی لەکـاتی جێبەجێکردنیـدا هـیچ نـاروونییەك لە دەقەکـانی نەبێـت، بەئاسـانی جێبەجـێ بکرێـت، پێشـنیار دەکەم لە سـەرەتا پێناسـەی مـایەی گـوێزراوە و نەگـوێزراوە بکرێـت، هەرچەنـدە لە یاسـایەکانی تـردا پێناسـە کـراوە، بەڵام لەبەر ئەوە یاسـاکە تایبەتە و هەبوونی پێناسەکە بۆ تەنفیز کردنی یاساکە بەئاسانی گرینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوونی بڕگەیەك لە لیستەکەدا لە ماددەی (٢) کە دەڵـێ ئەگەر دەقـێکە یاسایی پـێچەوانە نەبێـت بوونی ئەم ڕستەیە ئەم بڕگەیە خۆی پـێچەوانەی مـاددە (٤٠)ە لە پـرۆژە یاسـاکە، ئەگەردەقێکـی

یاسایی پـێچەوانە نەبێـت، واتـا ئەگەر دەقێکـی یاسـایی پـێچەوانە هەبـوو نابێـت ئەوە تەنفیـز بکرێـت، کە ئەوەش مخـالفە بـۆ مـاددەی (٤٠) لە پـرۆژە یاسـایەکە کە دەڵـێ کـار بە هـیچ دەق و یاسایەك ناکرێ ئەگەر پێچەاونە بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، پاڵپشتی کاك (بەڵێن) و (خدیجە) خان ئەکەم، کە ئەو بڕگەیە دەستەواژەی بوونی دەقێکی پێچەوانە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جا لەپێشەوە وشەیەك بەکاردێت ئەمە خـۆی لادراوە، لە جیـاتی مـایەی موڵـك و مـاڵی دەوڵەت" هەر وتمـان موڵـك و مـاڵی دەوڵەت، مایەمـان لاداوە، بەگشـتی، هەنـدێ جـار بەکاردێـت ئەگەر نوسخەیەکتان لەم نوسخانە لەبەردەست دابێت ئەمە نەمـاوە، سـەبارەت بەوەی ئەگەر دەقێکـی یاسایی پێچەوانە نەبێت بەراستی من بەشبەحاڵی خۆم لە لێژنەی یاسایمە ئەمەمان دەرهێنابوو، بەڵام جـاریکی دیـکە تۆمـار کـراوەتەوە، مـن پشـتیوانی ئەم ڕەئیـانە دەکەم کە ئەمە لابـدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، بەرێـز وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان، بەڕێزتـان وابـزانم ئامـادەبوون لە کۆبوونەوەی لێژنە دارایی، یەکێك لەو بابەتانەی تەرح کرابوو، ئەو بـابەتە بـوو، قسـەێکتان هەیە لەو دەستەواژەیەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، مـانەوەی ئەم دەسـتەیە ئەو دەسـتەواژەیە لە نیهـایەتی مـاددەی یەکەمە لە پرۆژە یاسایی حکومەت بۆتە نیهایەتی ماددەی دووەم لە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەنـد ئـێمە زۆر بە گرینگـی دەزانـین کە وەکـو خـۆی بمێنێـتەو، وەکـو خـۆی بـڕوات لە بەر ئەو ڕوونکـردنەوەیە یاسـاییانەی خـوارەوە، لەم یاسـایانەی خـوارەوە هـیچ دەقێکـی یاسـایی نیـیە دەسەڵات بدات بە فرۆشـتن یـان بەکرێـدانی مایەکـانی دەوڵەت، واتـا ئەو قانوونـانەی کە ئێسـتا دەیخەێنمەوە هەموویان خاڤعن بۆ کرین و فرۆشتنی مایەکـانی دەوڵەت بپێـی ئەو یاسـایەی کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات:

یەکەم: قانون وزارت العدل.

دووەم: قانوون وزارەت داخلیە.

سێیەم: قانون وەزارەتی پێشمەرگە.

چوارەم: قانوونی وەزراتی مالیە و اقتصات.

پێنجەم: قانوونی وەزارەتی (صحە).

شەشەم: قانوونی وەزارەتی تەربیە.

حەوتەم: قانوونی وەزارەتی ئەوقاف.

هەشتەم: قانوونی وەزارەتی تەعلیم عالی.

نۆیەم: وەزارەتی تخطیط.
دەیەم: وەزارەتی عەمەل.
یازدەیەم: قانوونی وەزارەتی سەقافە.
دوازدەیەم: قانوونی وەزارەتی شئونی شهداء.
سێزدەیەم: قانوونی وەزارەتی زراعة.
چواردەیەم: قانوونی وەزارەتی تیجارة.
پازدەیەم: قانوونی نەقل و اتصالات.
شازدەیەم: قانوونی وەزارەتی کارەبا.
حەڤدەیەم: قانوونی وەزارەتی اعمار و اسکان.
هەژدەیەم: قانوونی وەزارەتی بلدیات و سیاحە.
نۆزدەم: قانوونی وەزارەتی ثروات طبیعیە.
بیستەم: قانوونی محافظات لە اقلیمی کوردستان.
دوو تاکە یاسای مەوزوعیمان هەیە، یەکیان یاسای شاروانیەکانە لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراو ڕێگا دەدات بە فرۆشتن و بە بەکرێدان لە خارجی ئەو قانوونەی کە ئەوڕۆ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات، دووەمیشیان یاسای ئیصلاحی زراعییە کە ڕێگا دەدات وەزارەتی کشتوکاڵ تەنها بەکرێدان بکات فرۆشتن نا، تەنها بەکرێدان بکات بۆ ئەو ئەرزە زراعیانەی کە هەیە بەمەبەستی باشتر بەڕێوە چوونی کاری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە زۆر زەroورە کە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی لا روون بێت کە قانوونی هەموو ئەو وەزارەتانە و ئەنجومەنی وەزیران هەموو بەکرێدان و فرۆشتنێك خاضعە بۆ ئەو یاسایەی کە ئەمڕۆ مناقەشە دەکرێ، تەنها ئەو دوو یاسایەمان هەیە، کە استپنا کراوە، یەکیان تەنها بەکرێدانە و ئەوی تر بەکرێدان و فرۆشتنە ئەویش لەبەر حاڵەتی زەرورەیە، بۆیە ئێمە وەکو حکومەت تەئکید دەکەینەوە کە ئەو بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەو خاڵەی کە دەڵێت مەگەر بەپێچەوانەی ئەمە دەقی لەسەر کرابێت، زۆر گرینگە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەم وەزرارەتی کشتوکاڵ و هەم وەزارەتی شارەوانیش بتوانن‌بەپێی پێویست کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تر خۆتان دەزانن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو پرۆژە یاسایە پێشتریش یاسای پێ هەبوو ساڵی (١٩٨٦) لە عێراق، هەمان دەق هەیە لەناو یاساکەدا، لە بەغدا کە لە ساڵی (٢٠١٣) دوا تەعدیلیش کراوە، دیسان هەمان دەق هەیە، ئەوەش لە هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی ئیستیناد لەسەر یاسا کۆنەکە و لەسەر ئینفاز کردنی قانوونی عێراقی کراوە، بۆیی ئێمە تەئکید دەکەینەوە ئەو بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، ماددەی (٣)، فەرموو.
**بەڕێز جلال محمد امین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣):

١-موڵـك و مـاڵی دەوڵەت تەنهـا بە بڕیـاری دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد لەكـاتی هـاتنەدی بەرژەوەنـدی گشتی دەفرۆشرێت یان بەكرێ دەدرێت بەمەرجێك لە بڕیـارەكەدا جـۆر و خەصـلەت و بـڕی ئەو موڵك و ماڵە دیاری بكرێت كە بۆ فرۆشتن یان بەكرێدان دادەنرێت.
٢- فرۆشتن یان بەكرێـدانی موڵـك و مـاڵی دەوڵەت لە ڕێـگەی زیـادكردنی ئاشكرا وە بەپێـی ئەو ڕێكارانەی لەم یاسایەدا دەقنـووس كـراون ئەنجـام دەدرێـن، ئەگەر دەقێكـی یاسـایی پـێچەوانە نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ بەڕێـزت، فەرمـوون بەڕێـزان ئەگەر كەسـێك دەیەوێـت قسـە بكـات لەبـارەی ئەو ماددەیەوە، كاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن ابراهیم حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە لیـژنە مناقەشـەم كـردووە، بـۆیە دەمەوێـت لێـرە مناقەشـە بـكەم، دیـارە لێـرەش هەمـان ئەو گـــرفتەی ئەوەی كە ئەورۆ بەڕێـــز (د.ڤـــالا) دای، ئەگەر ئەم دەقە بمێنێـــتەوە پێمـــان وایە ئەم یاسایانەی تر كە ئەو دەسـەڵاتانەی تـر كە لە مەسـەلەی بەكرێـدان و فرۆشـتنی مـوڵكی دەوڵەتـدا هەیە، وەكو خۆی ئەمێنێتەوە كاری پێدەكرێت، ئەگەر كێشەكە تەها لەوە بێت دوو یاسا پێویست دەكا بەركار بێ وە ئەو یاسایانەی تر هەموویان خـازع بـن بـۆ نـاوەڕۆك و بـڕگەی ماددەكـانی ئەم یاسایە، ئەوە ئێمە ئەتوانین وای لێبكەین ئەگەر ئەم دەقەش بمێنێتەوە، ئیشارەتەن هەبێ بۆ ئەم دوو یاسـایە بـدەین بەراسـتی، ترسـەكەی ئەوەیە ئەوەی كە لە لیـژنە مناقەشـەمان كـردووە ئەم یاسایە دەربچێ هەموو ئەو وەزارەت و شوێنانەی تری حكومەت خۆیان بەپێی ئەو یاسـایەی كە لەبەر دەستیاندایە مامەڵە لەگەڵ موڵك و ماڵەكان بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، كاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) خاڵی یەكەم، موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەنـد لەكـاتی هاتنەدی بەرژەوەندی گشتی، ئەم هاتنەدی بەرژەوەندی گشـتییە كـێ بڕیـاری لەسـەر ئەدا؟ چـۆن بزانرێ ئەمە بۆ بەرژەوەندی كەسێك یان سەرمایەدارێك نییە، دیـارە ئەم یاسـایە یاسـایەكی زۆر گرینگە و زۆر زۆریش خەتەرە، بەو شێوەیە بێت، ئەم حكومەتە دەستكراوە ئەبێت، ئەم بینـایەی پەرلەمانیش ئەتوانێ بفرۆشێ، خانوو شوقەكانی پەرلەمـان هەر هەموویـان ئەتـوانن بەم بڕیـارە بفرۆشن، سەرجەم موڵكەكان ئەفرۆشرێن، من حەز ئەكەم ئەم بەرژەوەندیە گشتییە بۆمان روون بكەنەوە كێ بڕیاری لەسەر ئەدا و چۆن ئەو بەرژەوەندییە گشتییە دێتە دی؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناتوانن ئەوانەی ئێمە بفرۆشن، لایەنی كەم، كاك (ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣)، بڕگەی دووەم، باس لەوە ئەکا کە چۆنیەتی بەکرێدانی یان فرۆشتنی موڵك و ماڵی دەوڵەت، لە کۆتایدا هاتووە دەڵێ ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبوو، کەواتە ئەم ڕوونکردنەوە بۆ ئەوەیە ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبوو، ئەی ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە هەبوو؟ ئەو ڕێکارانە یان ئەم شێوەی فرۆشتنە موڵك و ماڵی دەوڵەت چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.کاظم)، فەرموو.

**بەڕێز** کاظم **فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی سێیەم، بەراستی ئێمە تێبینییەکی گرینگ هەیە پێمان وایە دەبێ بڕگەیێکی بۆ زیاد بکرێت، دیارە ئەم پرۆژەیە پرۆژەی حکومەتە ناردوویەتی، پرۆژەکە بە وازحی دیارە، بەتایبەتی پرۆژەکانی حکومەت کە ئەینێرێ، بەوازحی دیارە کە زۆرینەیان دەرهێنانی پارەیە لە گیرفانی هاوڵاتی، بۆ گیرفانی حکومەت، شتێکی عەکسی تیا نییە، پرۆژەیێکی عەکسی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان باشە لە خاڵی سێیەمدا لایەنی کەم بۆ ئەوەی کە ئەڵێ لە کاتی هاتنی بەرژەوەندی گشتی، بەرژەوەندییە گشتییەکە لە خاڵی سێیەمدا دیاری بکەین بەوەی کە بڕگەیێکی بۆ زیاد بکرێ، ئەو پارەیەی کە لە ئەنجامی فرۆشتن و بەکرێدان ئەم موڵکانەوە دەست حکومەت دەکەوێت سەرجەمیان تەرخان بکرێ بۆ دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، کە ئێستا پرۆژەیێکی خوێندکاران چاوەڕێیانن، یان لایەنی کەم بۆ کەسوکاری شەهیدان بۆیە چیتر، ڕێزم هەیە دایبی و جووتە نەعل بەسەریانا دابەش نەکرێ، ئەم داهاتە ڕووبەڕووی ئەوان بکرێتەوە، بە خاڵێك ئیزافە بکرێ داهاتەکە تەرخان بکرێ بۆ دەرماڵەی خوێنکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بۆ ئەوەی تەنها پارە لە گیرفانی خەڵك دەرنەهێنین بۆ حکومەت، بەڵك و پارە لە گیرفانی حکومەت دەربێنین بۆ خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (حسيبە) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، بە دیتنی من دوو بڕگە بۆ ئەم ماددەیە زیادە، چونکە زۆربەی وشەکان لەناو ئەو دوو ماددەیە لەناو دوو بڕگەکاندا دووبارە بوونەتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە کاتی هاتنە دی بەرژەوەندی گشتی دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت لە ڕێگەی زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی ئەم ڕێکارانەی لەم یاسایەدا دەقنووس کراون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

یەکەم: ڕێکارە یاساییەکانی خەمڵاندن حەواڵە و فرۆشتن و بەکرێدان وەرگرتنی بڕی بەرامبەر فرۆشتن و بەکرێدان بە قیست کردن تەنها لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ماوەیەك لە (١٥) ڕۆژ لە ڕیگەوتی گەیشتنی کۆنوس تێپەر نەکات بڕیاری کۆتای لەم بارە دەدرێت بە بنبڕ دادەنرێت.

دووەم: ڕێژەی یاسایی لیژنەکانی خەمڵاندن، فرۆشتن، بەکرێدان بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان دروست دەبێت بڕیارەکانیشی لە ئەگەری ڕێکنەکەوتن بە زۆرینە دەردەچێت ئەو ئەندامەی رایەکی جیاوازی هەیە دەبێت رایەکەی لە کۆنوس جێگیر بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا بۆ ئەو فەرمانبەرانەی بەشدار بوون لە بڕیاری فرۆشتن یان بەکرێدان ئەندامانی هەردوو لیژنەی خەمڵاندن و فرۆشتن یان بەکرێدان قەدەغەیە، ئەم حوکمەش هاوسەر و پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوار دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٥)، مادده (٦)، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

فرۆشتنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتمانیان ڕێپێدراوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) فرۆرشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوەی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێگە پێدراوە، واتا تەنها هاونیشتیمانیان لە هەرێمی کوردستان یان عێراق دەتوانن بەشدار بن لە موزایەدە و کڕینی موڵك و ماڵە گشتی، من لێرە پێشنیاری ئەوە ئەکەم فرۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوە تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێپێدراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێم لەگەڵ مەبدەئی (المعاملة بالمثل)، بۆنمونە وڵاتێکی وەکو تورکیا ئەگەر ڕێگای دا هاوڵاتییەکی عێراقی یان کوردستانی بەشدار بێت لە موزایەدە لە کڕینی موڵك و ماڵی

گشتی دەوڵەت با لێرەش ڕێگا بدرێت، واتا معامەلە بلمپل هەبی، ئەو مەبدەئە زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (لقمان) ناوت نەنوسراوە، کاك (عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی پێنجەم ئێمە تەحەفوزێکمان هەیە لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوارەم دەگرێتەوە، من پێم وایە تا پلەی سێیەم بێت باشە، نەك چوارەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی تایبەتمەند قسەتان هەیە لەسەر ئەو ڕەئیانە؟

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا سەبارەت بە پلەی چوار ئەمە بە عام بۆ هەموو.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عباس) لەم ماددەیە ڕۆیشتین، جوابی کاك (عثمان) مەدەوە، لە ماددەی شەشین ئێمە ئێستا، ئەگەر قسەتان لەسەر شەش هەیە، کاك (بەڵێن) قسەت هەیە لەسەر شەش؟ فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی شەش ئەوەی کە کاك شێخ (ظاهر ) باسی کرد، لەسەر ئەوەی کە معاملە بمپل هەبێ، بەڕاستی لە لێژنە مناقەشەی ئەم بابەتە زۆر کرا، یەکێك لە کێشە ئەساسیەکان ئەوە بوو مەسەلەن ئێمە لەبەر ئەوەی خۆمان دەوڵەت نین، چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق هەیە دەبێ ئەو معامەلەیە بکەین ئەو موڵك و ماڵەی کە لە دەرەوە بۆ هاوڵاتیەکی عێراقی دەبێت ئەوەی کە لەناو هەرێمە ئەوەی لە دەرەوە ئەکرێ بۆ هەرێم نابێت، بۆ عێراق دەبێ، نەك ببێتە موڵکی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەوە ئەچێتە سەر وەزارەتی خاریجیەی عێراق، پێم وایە ئەبێت بە موڵکی دەوڵەتی عێراقی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٧)، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی دووەم: فرۆشتنی یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا.

بەشی یەکەم: لێژنەکانی خەملاندن، فرۆشت یان بەکرێدان.

ماددەی (٧):

فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت لە ڕێگای ئەم لێژنانە ئەنجام دەدرێت کە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند پێك دەهێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (٧)، کاك (بهمن)، کێی تر دەیەوێت قسە بکات دواتر ئیزافات نییە، کاك (بالانبو)، کاك (بهمن)، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆربەی ماددەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو لیژنەیە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند یان دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەو بڕیارە، ئەو دەسەڵاتە تایبەتمەندە کێیە؟ ئەنجومەنی وەزیرانە، وەزیرە، سەرۆك وەزیران خۆیەتی، کێیە دیاری بکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەی (١) تەعریفی دەسەڵاتی تایبەتمەندی تێدایە، ئەگەر بڕۆیتەوە سەر ماددەی (١) لە تەعریفاتا وازح ئەبێ کە دەسەڵاتی تایبەتمەند کێیە، کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فرۆشتن یان زیادکردنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا، من پێشنیار ئەکەم بکرێت بە فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان، بە زیاد کردنی ئاشکرا، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئێمە دەوڵەت نین، ئێمە حکومەتین، هەمان شتیش لە خوارەوە فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەو لێژنانەوە، بەو شێوەی لێبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخەر ئێمە تەعریفی موڵك و ماڵی دەوڵەتمان کردووە، کاك (زیاد) کاك (اومید) نوقتەی نیزامی هەیە، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥٦) بڕگەی دووەم دیسان دووەم ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون، بۆتە عورفێك هەموو جەلسەیێکە پەرلەمان گفتوگۆکان لە بابەتەکە دەردەچین، بابەتی کامێرا و نیشاندانیش بۆتە عەیبەیێك کە زۆر باسی لێدەکرێت لە پەرلەمان، هیوادارم ئێستا کامێرای پەرلەمان ئەو زۆنە نیشان بدات کە هەموو جەلسەیێکی پەرلەمان سەعاتێك دوو سەعات کاتمان بەفیڕۆ دەڕوات، کاتێکیش دێینە سەر گفتوگۆ جدیەکان بابەتی بەرنامەی کار گفتوگۆ نییە و کەسی لێنییە، هەر تەنها بۆ ڕوونکردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دروستە، دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم لەحزەوە دەست پێدەکات گرینگە تا کۆتایی، لەبەر ئەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە نیو سەعاتی یەکەمدا ئامادە دەبێت،

گرینگە تا کۆتای دانیشتنەکەش ئامادە بێت، ئەم یاسایەش یاسایەکی گرینگە، تێبینیەکەشت تێبینیەکی دروستە، کاك (اومید)، راگەیاندنیش دەتوانن ئیشی خۆیان بکەن، ماددەی (٨)، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

یەکەم: لێژنەی خەملاندن: لە ژمارەیەك فەرمانبەری شارەزا پێك دەهێنرێت کە ژمارەیان لە (٣) کەس کەمتر نەبێت، سەرۆکەکەی لایەنی کەم بەڕێوەبەر بێت، ئەندامانیشی پلەی وەزیفیان لە پلەی (٤) کەمتر نەبێت.

دووەم: فەرمانبەرێك لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە و فەرمانبەرێکیش ژمێرکاری لە فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی، ئابووری هاوەڵی ئەم لێژنەیە دەکەن، کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراوە.

سێیەم: لێژنە دەتوانێ پشت بە شارەزا ببەستێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان (د.محی الدین)، کاك (عثمان)، کاك (رێبوار)، سێ کەس ناویان نووسیوە، (د. محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بڕگەی دوو لە ماددەی (٨) نوسراوە فەرمانبەرێکی ژمێرکاری، ئەوە موتتەبەعە ئەوە خۆمان پێی دەڵێین فەرمانبەری ژمێریاری، نەك ژمێرکاری ئەوە یەك، دوو خاڵی سێیەمی بڕگەی سێیەمی لێژنە دەتوانێ یەعنی بۆ هەیە ئیستیعانەی پێ بکا، بۆی هەیە ئیستیعانەی نەکا، من لەگەڵ ئەوەم پێویستە لێژنەی خەملاندن ئیستیعانە بکا، پێویستە لێژنەی خەملاندن پشت بە شارەزایان ببەستێ بۆ خەملاندنی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە فرۆشتنیان و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستی پرسمان بە زمانەوانیش کرد لەسەر ئەو ژمێریاری و ژمێرکارییە، ئەوان ئەڵێین ژمێریاری بۆ محاسەبییە، بەڵام کەسێك کە محاسب بێت ئیش بکات پێی دەوترێت ژمێرکار، بۆیە لە راستیا ئەوە دانراوە، ئەوەی جەنابیشت دروستی خۆی تێدایە، کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە گرینگە بەراستی پەیوەستە بە بەرژەوەندی گشتی، کاتێکیش تایبەت دەبێت بە کرێدان و فرۆشتنی موڵکی گشتی، لێرە لێژنەیەك دیارکراوە، چەند کەسێك یان چەند پلەی وەزیفی ناویان هاتووە، بۆ ئەوەی کە بەرژەوەندی گشتی تەحقیق بکرێ، بەشێوەیەك ئەو بەکرێدان یان فرۆشتنە، هەم ئینصافی تیابێت، لە راستیا لەگەڵ نرخی بازاردا بگونجێت،

پـارەکەی بچێـتەوە خەزێـنەی حکـومەت، جۆرێـك لە گرێنتـی، مـن پـێم باشـە پێشـنیاری کاتـب عەدلیش بکرێ وەکو ئەنـدامێکی لیـژنەکە یـان سـەرۆکی لیـژنەکە بێـت، ئەنـدامی لێـژنەکە بـۆیە گرینگە لە لێژنەکە بوونیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (عثمان) سێدەری، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی هەشـتەم، بـڕگەی یەکەم، لیـژنەی خەملانـدن لە ژمـارەیەك فەرمـانبەری شـارەزا پێـك دەهێنرێت کە ژمارەیان لە سێ کەس کەمتر نەبێت، من پێم وایە ئەوەی بـۆ زیـاد بکـرێ، لە پێـنج کەسیش زیاتر نەبێـت، لەبەر ئەوە ئەگەر بنوسـی لە سـێ کەس کەمتـر نەبێـت، ئەوە بەکراوەیـی دەمێنێـتەوە، بـۆی هەیە لیـژنە زیـاتر بێـت و ئەوانە، سـەرۆکەکەیان لایەنـی کەم بەڕێـوەبەر و ئەندامانیشی پلەی وەزیفیان لە پلە (٤) کەمتر نەبێت، بۆیە مـن ئەو پـلە چـوارەش مـن پـێم وایە بکرێت بە پلە (٦)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر بۆ بکرێ؟

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جـاری وا هەیە لە هەنـدێك نـاحیە هەیە، لە هەنـدێ قەزا هەیە لەوانەیە ئەو پلەیـان دەسـتیش نەکەوێ، لەبەر ئەوە مـــن پـــێم باشـــە ئەوە وای لێبکرێـــت، هەنـــدێ نـــاحیە هەیە مەســـەلەی خزمایەتیەکەش جاری تر قسەم کرد هەندێ شار هەیە هەمـووی خزمـی یەکـن، ئەگەر باسـی پـلە چوار بکەین، ئێمە لە دەرەوی ئەو شارە لێژنە بۆ ئەوانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیجازە هەیە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو، (ئاشنا) خان با قسە بکات، دواتر دەرفەت دەدەین بە لێژنە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاست دەکەم بۆ دەرفەتەکە، لەسەر مـاددەی (٨) کاتێـك کە پێکهـاتەی ئەنـدامانی لێـژنەی خەملاندنی فرۆشتن دیاریکراوە، هەموو ئەندامەکان فەرمانبەری وەزارەتەکانن، یەعنی ڕێـگەش دراوە کە پشـت بە خەبیـر ببەسـترێت، پشـت بە شـارەزا ببەسـترێت، باشـترە لەم دوو مـاددەیە نوێنەری دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێری دارایی لە لێژنەکە جێگیر بکـرێ، چـونکە هەمـوو تەصـەروفەکان صـرف مـالین، زەرورە نـوێنەری ئەو دوو شـوێنەی تێـدابێت، گـرینگە ئەنـدامانی

دەستەی دەستپاكی یان دیوانی چاودێری دارایی لە هەردوو لیژنەی رێكخستن و مەزەندە كردن زائیدەن لە لیژنەی فرۆشتنەكەشدا هەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام لەرووی قانوونیەوە بەڕێزان لە دیوانی چاودێری دارایی پرۆسەكە دەكەن، لە دەستەی نەزاهەش ئەگەر گەندەڵیەك روویدا ئەوان دەست بە تەحقیقات ئەكەن، ئێمە ئەزموونێكی واشمان نییە لە پەرلەمانی كوردستان دیوان جارێك داوایان لێكردبوو بۆ ئیشێكی وا وەڵامیان دابووینەوە كە ئەمە صەڵاحیەتی ئەوان نییە، بەشدار نابن، ئێمەش ناتوانین بە قانوون ئیجباریان بكەین بە ئەركێك لە ئەصلا مەهامی ئەوان نییە، لیژنەی مخگص، كاك (بهجت) قسە دەكەی، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

................یەعنی لە دیاركردنی بابەتەكان، چونكە هەندێكجار هەیە هەموو شارەزاكان دەتوانن بكەنە ناو بابەتەكە، بەڵام شارەزای تایبەتمەند نیە، یەعنی پسپۆر و تایبەتمەندی تێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو تێبینەی كە باسی لە رەقابەی مالی كرا كە ئاشنا خان باسیكرد لە ماددەی (٣٨)ی ئەم یاسایە بە روونی ئەوەمان دەستنیشانكردووە، ئەوەشمان بۆ زیادكردووە كە هەموو ئەو رێكار و بڕیارانەی بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن راستەوخۆ بۆ دیوانی چاودێری دارایی دەنێردرێت و ملكەچی چاودێری و وردبینی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان لەسەر بڕگەی یەك هەیە، ئێمە لە پڕۆژەكەی حكومەت بەو شێوەیە ناردوومانە كە لیژنەكە تەنها لە سێ كەس پێك دێت، ئەو سێ كەسەش شارەزاییان هەیە، هیچیان پلەی وەزیفیان لە پلەی پێنجەم كەمتر نەبێت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئەو لیژنەیەی دێتە گۆڕان، یەعنی بۆی هەیە چەندجارێك كڕین و فرۆشتن بكات، ئەو لیژنەیە لیژنەیەكی سابت نیە لە ناو هیچ وەزارەتێكدا كە گۆڕانكاری بەسەردانێت، لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی گۆڕانكاری بەسەردا دێت، لەبەر ئەوەی كە ئەوەی تەحدیدكراوە لایەنی كەم بەڕێوەبەر بێت و ئەندامانیشی پلەی وەزیفیان لە پلەی چوار كەمتر نەبێت، رەنگە وا بكات كە ئەو لیژنەیە سابت بێت لە وەزارەتەكان و هەندێك لە شارەوانییەكان و لەو شوێنانەی كە موەزەفیان نییە، بۆیە تاوەكو مەرجی ئەو كەسانەی كە دەبنە ئەندامی لیژنە بە شارەزایی

ببستـــرێتەوە، بەڵام تەحدیــد نەکرێـــت پلەیـــان لە خـــوار پـــلەی پێـــنجەم بێـــت، بـــۆیە دوای موناقەشـــەیەکی زۆر لە حکـــومەت گەیشـــتینە ئەو قەنـــاعەتەی کە ئەو لیـــژنەیە لەبەر ئەوەی لە گۆڕانکارییـــدایە پێویســـتە شـــروتی ئەو فەرمـــانبەرانەی کە دەبـــن بە ئەنـــدامانی لیـــژنە شـــروتی ئاسانکاریان تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی هاتە گۆڕان موەزەفێك هەبێت جێگای بگـرێتەوە، بـۆ نمـوونە پلەی بەڕێوەبەر لەوانەیە لە وەزارەتێك یان لە شارەوانییەك دوو کەسی هەبێت یان سێ کەسـی هەبێت، یـان لە نـاحیەیەك وەکـو بەڕێـز کـاك عوسـمان ئیشـارەتی پێـدا، بـۆ ئەوەی تووشـی ئەو ئیشکالییەتە نەبین ئێمە پێمانباشە کە بڕگەی یەکەم لە ماددەی حەوتە لە پڕۆژەی حکومەت وەکو خۆی لێبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی نۆ، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

یەکەم: لیژنەی پێکهاتوو بەپێی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدات:-

١- دەرخستـەی مـاڵە نەگوازراوەکـان بـۆ دیـارکردنی شـوێن، ژمـارە، رەگەز، جـۆر، سـنوور، خەسڵەت، رووبەر و پێکهاتەکانی لەگەڵ جێگیرکردنی ئەوەی لەسەر دروستکراوە یان چێنـدراوە یان رووێندراوە.

٢- خەملاندنی بەهای شایستە و موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە یان کرێی شایستەی ساڵانەی لەبەر رۆشـــنایی بەهـــای خەملێنـــدراو لەلایەن فەرمـــانگەی تۆمـــاری خـــانووبەرە، وە بەهـــای خانووبەرەکانی هاوسێ و یان هاوشێوەی یان بەهای فرۆشتنی یـان کرێـی سـاڵانەی راسـتەقینە یان خەملێندراوی بۆ مەبەستەکانی باج.

٣- لیژنە کۆنووسێك رێك دەخات و ئەو زانیاریانە لە خۆ دەگرێت کە لە هەردوو خاڵی یەك و دووی ئەم بڕگەیەدا دەقنووسکراون، لەلایەن ئەندامانی لیژنەی خەملاندنی تۆماری خانووبەرە و فەرمـانبەری ژمێرکـاری لە وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری و شـارەزایان ئەگەر هەبـوو واژوو دەکرێت.

دووەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت داوا لە لیژنەی خەملاندن بکات بۆ دووبارە خەملاندنەوە ئەگەر بـری خەملێنـدراوی پـێ شایسـتە نەبـوو یـان گەیشـتە ئەو ئەنجـامەی کە بنەماکـانی خەملاندنی هاتووە لەم یاسایە وەك پێویست پیادە نەکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە، کێ دەیەوێت قسە بکات دەستی بەرزکاتەوە ناو دەنووسین؟ (کاك سیروان، د.محی الدین، کاك شێخ زاهیر)، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی نۆ، دووەم، لە باسی خەملانـدنی بەهـای شایسـتەی موڵـك و مـاڵەکە لە پـێش کۆتـایی هـاتووە دەڵێـت بەهـای خانووبەرەکـانی هاوسـێی یـان هاوشـێوەی، ئینجـا مـن لێـرە دەڵـێم ئەو

هاوسێیە زیادەییە یان مەبەستە، مەتاتییە، ئەگەر هاوسێ بێت رەنگە ئەم خانووە یان ئەم زەوییە هەندە نەبێت، بەڵام بێ خەملیندرێت دەتوانن سوود لەوە ببینین بە قەزانجێکی کەسایەتی، ئینجا من بەس ئەوە دەڵێم رەنگە ئەو زەوییە روکن بێت و ئەوەی تەنیشتی روکن نەبێت کەمتر بێت، زەرەر لە خەڵکەکە بگەیەنێت، داوا دەکەم ئەو هاوسێیە یان لابرێت یان شتێکی بۆ زیاد بکرێت و ئەو مەتاتییە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس زیاتر لە پێوەرێکیان هەیە، بە تەنها بە هاوسێیەتی وەرناگرن، چەند پێوەرێکیان هەیە، فەرموو د.محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە ماددەی نۆ بڕگەی دووەم، جەخت دەکەمەوە کە لیژنەی خەملاندنیش بە شارەزایی پسپۆری ئەو بوارە ببەستێت، لە بڕگەی سێیەمدا لە کۆتا دێردا نووسراوە فەرمانبەری ژمێرکاری لە وەزارەتی ئابووری و شارەزایان ئەگەر هەبن، بەڵام پێموایە لە کوردستان بە قەدەر عێراق زیاتر شارەزامان هەیە لە بواری ئەوەوە، ئەو خەبیرانەی ئێستا هەن بە قەدەر دەوڵەتێکە، لە خاڵی سێیەم بۆیە پێموایە دەبێت ئەگەر هەبن لابەین، پشت بە شارەزایان ببەستین لەوێندەردا، لە دووەمدا دەسەڵاتی تایبەتمەند داوا لە لیژنەی خەملاندن بکات بۆ دووبارە خەملاندنەوە ئەگەر بری خەملیندراو پێی شایستە نەبوو یان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بنەماکانی خەملاندنی هاتوو لەم یاسایە وەك پێویست پیادە نەکرا، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم خەملاندنەی دووبارە ناکۆك نەبێت لەگەڵ بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەگەر هەبن لە ماددەی هەشت پشت بەستن بە شارەزایان جەوازی بێت، بۆیە لێرەش وا دانراوە، ئەگەر پشتیان پێ بەستبوو، ئەگەر بوو بە وجوبی ئەو بڕگەیە زیاد دەبێت ئەو کاتە، کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە پەیوەستە بە مافی گشتی، بۆیە پێشنیاز دەکەم لە هەردوو لیژنەی خەملاندن و لیژنەی فرۆشتن و نوێنەری داواکاری گشتی تێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی بۆ نموونە لە قەزایەك یان لە ناحیەیەك پڕۆسەی فرۆشتن ئەنجامدەدرێت لیژنەکە، ئەعنی هەموو ئەو لیژنانە ئەندامێکی داواکاری گشتی تێدابێت، بەڵێ، ماددەی (١٠) بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

لیـژنەی فرۆشـتن یـان بەکرێـدان بـۆ لە ئەسـتۆگرتنی ڕێکارەکـانی فرۆشـتنی موڵـك و مـاڵی نەگوازراوەی دەوڵەت یان بەکرێدانی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە سێ فەرمـانبەری شـارەزا پێکدەهێندرێت کە ناونیشانی وەزیفی هەر یەکەیان لە بەڕێوەبەر یان سەرۆکی تێبینەران کەمتر نەبێت، یان لایەنی کەم (١٠) ساڵ ڕاژەی وەزیفی هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە هەر بەڕێزێك قسەی لەسـەر ئەو مـاددەیە هەیە نـاوی خـۆی تۆمار بکات، کەس نیە، دەچینە سەر ماددەی یانزە،، فەرمووو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

یەکەم: لە کاتی فرۆشـتن یـان بەکرێـدانی موڵـك و مـاڵێکی نەگـوازراوەی دیـاریکراودا سـەرۆك و ئەندامانی لیژنەی خەملاندن ناکرێنە ئەندامی لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان.

دووەم: هیچ فەرمانبەرێك نابێت لە ساڵێکدا زیـاتر لە دووجـار بەشـداربێت لە سـەرۆکایەتی یـان ئەندامییەتی لیژنەکانی خەملاندن فرۆشتن یان بەکرێدان.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هەر کەسێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات ناوی تۆمار بکات، کاك عوسمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یانزە لە بڕگەی دووەم دەڵێت هیچ فەرمانبەرێـك نابێـت لە سـاڵێکدا زیـاتر لە دووجـار بەشداربێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامییەتی لیژنەکانی خەملاندن فرۆشتن یان بەکرێدان، بۆیە ئەو دووجـارە زۆر کەمە، لەبەر ئەوەی هەنـدێك لە شـارەوانییەکان یـان لە هەنـدێك ناحییەکـان لەوانەیە فەرمانبەرەکانیان ڕێژەیەکی وایان نەبێت کە بتوانن بەو شـێوەیە ئەگەر دووجـار بێـت، لەوانەیە پێویستی بەوە بێت جارێکی تر لە قەزایەك یان لە شوێنێکی تر خەڵکیان بۆ بێـت، بـۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتە پێنج جار، لەبەر ئەوەی هەندێك شارەوانی هەیە مانگی وا هەیە چەندجار موڵك و ماڵی دەوڵەت دەفرۆشرێت، بۆیە کەمە بکرێت بە پێنج جار، یان بە شەش جار، پێنج جار باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت فەرمووو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دکەم ئەندام ل وان لیژناندا کو نە دوو جار بن، داوا دکەم یەك جار زێدەتر نەبیتە ئەنـدام ل ڤێ لیژنەیاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زکری فەرمووو.

**بەڕێز زکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیا یازدە خالا دووێ هیچ فەرمانبەرێك نابێت لە ساڵەك زیاتر لە دووجار بەشدار بێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامییەتی لیژنەی خەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدان، من پێم باشە لە ساڵەکدا ئەوە لابەن، تەنێ هیچ فەرمانبەرێك نابێت زیاتر لە دووجار بەشدار بێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامییەتی لیژنەی خەملاندن و فرۆشتن یان بەکرێدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند هیچ رەئییەکتان هەیە؟ بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی (١٠)ەی پڕۆژەکەدا تەنها باسی ئەوە دەکەین کە نابێ جەمع بکرێت لە هەمان کاتدا ئەندام بێت لە لیژنەی فرۆشتن و ئەندامیش بێت لە لیژنەی بەکرێدان، بەڵام ئەوە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە زیادکراوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ بڕگەی دووەم نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە، بەشی دووەم، فەرموون.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم

ڕێکارەکانی فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت

ماددەی (١٢):

ڕێکارەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی نەگوازراوە لەلایەن لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان بەم شێوەیە دەبێت:-

یەکەم: ڕێکخستنی لیستی زیادکردن لەبەر رۆشنایی خەسڵەتەکانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە کە لەلایەن لیژنەی خەملاندنەوە چەسپێندراوە، وە ئەگەر زیاتر لە موڵك و ماڵێکیش بوو ئەوە بۆ هەر یەکێکیان لیستێکی زیادکردن ڕێك دەخرێت.

دووەم: ١- جاڕنامەی فرۆشتن یان بەکرێدان بە زیادکردنی ئاشکرا لە دوو رۆژنامەی رۆژانە بڵاودەکرێتەوە کە یەکێکیان لە هەولێر و ئەوەی دیکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایە دەبێت کە زیادکردنەکەی تێدا دەکرێت، وێنەیەکی جارنامەکەش لەو فەرمانگەیە هەڵدەواسرێت کە فرۆشتن یان بەکرێدانەکە ئەنجام دەدات، لیژنە ئەگەر بە پێویستی زانی دەتوانێت بڕیاری بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندنەوە لە ناویاندا پێگە ئەلکترۆنیە فەرمیەکان بدات.

٢- ئەو موڵك و ماڵە نەگوازراوەی بەهای خەملیندراوی بەکرێدانی ساڵانەی لە یەك ملیۆن دینار کەمتر بێت لە جاڕدان بەدەر دەکرێت.

سێیەم: ١- جاڕنامەکە گشت ئەو خەسڵەتانەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە کە لە کۆنووسی لیژنەی خەملاندندا هاتوون رۆژ و ڕێکەوت و کاتژمێری زیادکردنەکە، مەرجەکانی بەشداریکردن، ئەو

شوێنەی تێیدا ئەنجام دەدرێت و بڕی ئەو بارمەتەی واتە تەئمینات پێویستە سپاردە بکرێن لە خۆ دەگرێت.
٢- فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە بەپێی ئەو ریزبەندییەی لە جاڕنامەکەدا هاتووە ئەنجام دەدرێت.
چوارەم: لیستی زیادکردنەکە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ کراوە دەبێت، وە پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی خواستی کڕین یان بەکرێگرتنی موڵك و ماڵەکەیان هەیە سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ دەربڕینی خواستی کڕین یان بەکرێگرتن بەو مەرجەی هەر یەکێکیان پێش بەشداریکردنی لە زیادکردنەکە بارمەتەیك سپاردە بکات، بڕەکەی لە (٢٠%)ی بەهای خەملێندراو لە حاڵەتی فرۆشتن و لە کۆی بڕی بەرانبەری بەکرێدان بۆ تەواوی ماوەکەی لە حاڵەتی بەکرێدان کەمتر نەبێت.
پێنجەم: زیادکردن بە مەبەستی فرۆشتن یان بەکرێدان تەنها لە بازنەی ئەو یەکە کارگێڕییە ئەنجام دەدرێت کە موڵك و ماڵە نەگوازراوەکەی تێدایە دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ لە کاتی پێویستدا بڕیار بدات کە زیادکردنەکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایە بکرێت کە موڵك و ماڵە نەگوازراوەکەی تێدایە.
شەشەم: لە رۆژی دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی کە لە بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووسکراوە لەو کات و شوێنەی دیاریکراون بۆ فرۆشتن یان بەکرێدان بانگەواز دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنەکە بە مەرجێك بانگەوازەکە و وەسفکردنێکی تەواوی ئەو موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە لە خۆ بگرێت.
حەوتەم: زیادکردنەکە بە ئاشکرا دەبێت بە زیاتر لە (٧٠%)ی بەهای خەملێندراو دەست پێدەکات، دواتر لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان بڕیاری هەواڵەکردن بۆ کۆتا کەسی زیاد بکات دەدات و ئەو خستنەڕووەی لە ماوەی پێنج خولەك هیچی لەسەر زیاد نەکرێت بە کۆتایی زیادکردنەکە دادەندرێت.
هەشتەم: ١- دەکرێت لەسەر بڕی بەرامبەری دوایین زیادکردن لە ماوەی پێنج رۆژ کە لە رێکەوتی هەواڵەکردن بە بڕێك کە کەمتر نەبێت لە (١٥%)ی دوایین ئەو بڕی بەرامبەرەی زیادکردنەکەی پێی گەیشتووە خستنە سەر لەلایەن کەسی ترەوە بکرێت.
٢- لە ئەگەری بوونی داواکاری خستنە سەردا لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەیەك بە هەمان میکانیزمی یەکەمجار زیادکردنێکی نوێ بۆ ماوەی حەوت رۆژ دەکرێتەوە، دواتر هەواڵە دەکرێت و نابێت جارێکی تر خستنە سەر لەسەر کۆتا بڕی بەرامبەری زیادکردنەکە بکرێت.
٣-داواکاری خستنە سەر تەنها دوای وەرگرتنی بارمەتەی یاساییەکان ئەوانەی بەپێی ئەو رێژەیەی لەسەر بنەمای ئەو بڕی بەرامبەرە دیاریکراوە کە کەسی داواکار خستوویەتە روو قەبول دەکرێت.
**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئێستا هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ماددەی (١٢) و بڕگەکانی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ناوەکان دەنووسین دواتر ئیزافە ناکەین، ناوەکان ( کاك سیروان، ئاشنا خان، کاك رێبوار، کاك مەلا وەیسی)، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (١٢)، دووەم، یەکەمیان، تەنها سەرنجم لەسەر جاڕنامەی فرۆشتن یان بەکرێدانەکە هەیە، وەك دەزانین بەپێی یاساکانی عێراقی و هەم یاساکانیش کە لە کوردستاندا باس لە دوو ڕۆژنامە دەکات کە جاڕنامەکەی تێدایە، بەڵام ئێستا وەك دەزانین دنیا پێشکەوتووە کەمترین کەس ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێت بۆ ئەوەی کە خەڵکانێك بزانن ئەم مۆڵکە یان ئەم جاڕنامەیە هەیە، پێشنیاز دەکەم ئەو دوو ڕۆژنامەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە لە یاسا هەیە جۆرێکی تریش لە ڕاگەیاندن بێت بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك پێی بگات، بۆ ئەوەی وەك دەزانین ڕۆژنامەکە دەمێنێتەوە بۆ دیکۆمێنتاری، بەڵام لە شوێنێکی تریش دیاری بکرێت ئەگەر بەڕێزان لە لیژنە پێشنیازی بکەن جاڕنامەکە پەخش بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئاشنا خان فەرموو.
**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تێبینییەکەی من هەر لەسەر هەمان ماددەیە کە کاك سیروان گوتی، بەڵام من چارەسەرەکەشیم بۆ دۆزیووەتەوە، ئەم ماددەیە تایبەتە بە ڕێکاری فرۆشتن، لە بڕگەی دووەم، خاڵی یەکەم، باشترە ئەوە جێگیر بکرێت کە هاوشان لەگەڵ ڕۆژنامەکە ڕاگەیاندنەکە لە سایتی فەرمی حکومەت یان لە سایتی وەزارەتی پەیوەندیدار بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەگەر ئامانجەکە ئەوە بێت کە زۆرترین بە قاسەی گشتی بکات دەبێت زۆرترین خەڵك بیبینێت، جگەلەوەش بڵاوکردنەوەی لە پێگەی فەرمی یارمەتیدەرە کە زیاتر شەفافیەت بچەسپێت ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی دەرچوواندنی پڕۆژەکە نووسراوەکە کە ئامانجی پڕۆژە یاساکەشە، وە ڕۆژنامە کە ڕۆژنامەیەکیان دەبێت لە هەولێر بێت ئەوەش لابرێت بۆ ئەوەی موقەید نەبێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك ڕێبوار فەرموو.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من لەگەڵ ئەوەنیم ئەگەر پێویست بوو جاڕنامەکە لە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن، دەبێت بڵاوبکرێتەوە ئێستا وەکو گوترا لەگەڵ ڕێزم ڕۆژنامە ئەوەندە خوێنەرێکی ئەوەتۆی نییە، ئێستا ڕۆژنامەش بۆتە ئەلیکترۆنی، بۆیە زۆر گرنگە پڕۆسەکە تەواو شەفاف بێت لە ڕاگەیاندنەکان بڵاوبکرێتەوە، ئەو ووشەی ئەگەر پێویست بوو لابرێت، بکرێتە ئیجباری، لە خاڵی سێیەمدا وشەی بارمەتە هەیە لە نێوان دوو کەوانە بە عەرەبیەکەی (تأمین)ە، تەئمینات نابیتە بارمەتە، بارمەتە بە عەرەبی یەعنی (رهن)، بۆیە داوا دەکەم بگۆڕدرێت ئەو ووشەیە، چونکە عەرەبییەکەی هەمان مانای کوردییەکەی نییە، لە خاڵی حەوتەم دەڵێت زیادکردنی ئاشکراکە (٧٠%)ی بەهای خەملێندراوی مۆڵکەکە دەست پێ دەکات، من دەپرسم بۆچی لە (٧٠%)وە دەست پێ بکات،

ئەوەبێــت زیــادکردنەکە (٧٥%) کە ئەو کــاتە نــاکرێتە تەواو (١٠٠%)ی بەهــای خەملێنــدراوەکە لەوێووە وەستاوە؟ من پێشنیار دەکەم کە لە (٩٠%)ەوە دەست پێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەس تەنها تێبینیەك هەموو رۆژنامەیەکی رۆژانە ئێستا ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی کە لە رۆژنامە بە وەرەقە بڵاو دەکرێتەوە لە ماڵپەڕەکەشی بڵاو دەکرێتەوە، تەنها وەکو ئیزافەیەك بۆ ئەوانی تر، کاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بڕگەی سێیەم پێشنیارێکم هەیە کە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت، پێویستە لافیتە بنووسرێت و لە شوێنی فرۆشتنەکە یان بەکرێدانەکە و شوێنی ئەنجامدانی زیادکردنەکە هەڵبواسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر را و سەرەنجێکتان هەیە، باشە، ماددەی دوای ئەوەی، دەچینە سەر ماددەی (١٣)، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

یەکەم: ئەگەر لە ئەنجامی زیادکردنەکە بری بەرامبەر نەگەیشتە بەهای خەملێندراو ئەوە زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) رۆژی تر درێژ دەکرێتەوە کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکەوە دەست پێدەکات.

دووەم: ١- ئەگەر بری بەرامبەر لە ئەنجامی زیادکردنی نەگەیشتە لە (٨٠%)ی بەهای خەملێندراو ئەوە لەلایەن لیژنەیەکی دیکە خەملاندن بۆ بەهای موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە دەکرێتەوە و جاڕ دەدرێت بۆ ئەنجامدانی زیادکردنێکی نوێ.

٢- لە کاتی نەگەیشتنی بری بەرامبەر بە لە (٨٠%)ی بەهای خەملێندراوی جاری دووەم ئەوە پرسەکە دەخرێتە بەردەم دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆ تاوتوێکردنی هۆیەکانی و چارەسەکردن یان هەڵوەشاندنەوەی زیادکردنە ئاشکراکە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێکی پەرلەمان دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ئەم ماددەیە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ئێستا ناوەکان تۆمار دەکەین، ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمارکردووە (کاك رێبوار، کاك شێخ زاهیر، کاك هیمداد، کاك نزار)، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣)، خاڵی یەکەم، ئەگەر لە ئەنجامی زیادکردنەکە بری بەرامبەر نەگەیشتە بەهای خەملێندراو ئەوە زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) رۆژی تر درێژ دەکرێتەوە، من پێمباشە لەبەر

ئەوەی ئێمە وا هەست دەکەین ئێستا کات و ڕۆژ و مانگ خێرا تێدەپەڕێ، بۆیە من (١٥) ڕۆژەکەم پێ کەمە، ئەگەر بکرێت زیاتری بکەین زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیمداد فەرمووو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣)، خاڵی یەکەم، هەمان تێبینیم هەبوو، ئەگەر بێت ئەو (١٥) ڕۆژ زیاد بکرێت باشترە، بەلاینی کەم (٢٠) ڕۆژ یان (٢٥) ڕۆژ بێت، بەڵێ، پشتیوانی لە ڕایەکەی کاك نزار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ زاهیر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣)، بڕگەی یەکەم، ئەگەر لە ئەنجامی درێژکردنەوەی بڕی بەرامبەر نەگەیشتە بەهای خەملێندراو ئەوە زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژی تر درێژ دەکرێتەوە، من لێرە پێشنیار دەکەم بە هەمان نرخ بۆ ئەوەی دەقەکە ڕوون بێت، بە هەمان نرخ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی جاڕدانەکە دەست پێ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێبوار فەرمووو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من کرا، پاڵپشتی لە بەڕێزان کاك شێخ زاهیر و کاك نزار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ڕەئیتان هەیە؟ باشە، دەچینە سەر ماددەی چواردە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

یەکەم: ١- لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی سیانزەی ئەم یاسایە کڕین و فرۆشتنی خانوو، شوقە یا زەوی نیشتەجێبوون کە ڕووبەری لە سێ سەد مەتر دووجار زیاتر بێ و خاوەنداریەتی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت لە ناو فەرمانبەراندا جاڕدانی بۆ دەکرێت بە لەبەر چاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

أ-فرۆشتنی (....٢:٠١:٣٢ ..) فەرمانبەران وەك وەزارەت دادەڕێت لەگەڵ پێدانی پێشەنگی بۆ فەرمانبەرانی ئەو فەرمانگەیەی خانوو، شوقە یان زەوی نیشتەجێبوونەکەی داناوە بۆ فرۆشتن.

ب-	ئەگەر هیچ فەرمانبەرێك وەزارەت یان فەرمانگەی پەیوەندیدار خواستی كڕینیان نەبوو یان بەشێك لە موڵكەكەی بە نەفرۆشراوی مایەوە ئەوە سەر لە نوێ جاڕدانی فرۆشتن لە رێگەی زیادكردن لە ناو سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم دەكرێت.
ج- لە ئەگەری هەبوونی كڕیاری فەرمانبەر یان مانەوەی بەشێكی موڵكەكە بە نەفرۆشراوی ئەوە سەر لە نوێ جاڕدانی فرۆشتنی بە رێگەی زیادكرنی سەرجەم هاوڵاتیاندا دەكرێت.
د- لەسەرجەم بڕگەكانی (أ، ب، ج) پێشەنگی بۆ ئەوانە دەبێت كە هاوسەرگیریان كردووە و خۆیان و هاوسەرەكانیان یان منداڵە ناكامەكانیان خانوویەك یان شوقەیەك یان زەویەكی نیشتەجێبوونیان بە شێوەی سەربەخۆن و پێشتر یەكەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەویان لە دەوڵەت یان لە كۆمەڵە هەرەوەزیەكان وەرنەگرتوون.
٢- حوكمەكانی خاڵی یەكی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە لەسەر ئەو فەرمانبەرانەش جێ بەجێ دەكرێت كە لە ناو یەكەیەكی نیشتەجێبوونی فەرمانگەیەكی دیاریكراو نیشتەجێبوون هەرچەندە لەسەر بنەمای پێداویستی كار بە فەرمانگەیەكی دیكە لە ناو هەمان وەزارەت گوازرابێتەوە بە مەرجێك سەرباری گواستنەوەی راژەی بە نیشتەجێی ئەو یەكەیە نابێتەوە.
دووەم: ١- فەرمانبەری خانەنشینكراو ئەگەر پێشتر سوودمەند نەبووبێ دەتوانێ بەشداری لە زیادكردنی چاڕدراو بۆ سەرجەم فەرمانبەران بكات بۆ كڕینی ئەو خانووبەرانەی نیشتەجێبوون كە لە خاڵی یەكەمی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێدراوە.
٢- ئەگەر لە كاتی فرۆشتنی یەكەی نیشتەجێبوونەكە بە كردەیی بە شێوەیەكی یاسایی لەسەر بنەمای ئەو رێكارانە كە لە یاسا بەركارەكاندا دەقنووسكراون خانەنشینكراو نیشتەجێی یەكەكە بێت ئەوە هەمان مامەڵەی فەرمانبەری ئەو فەرمانگەیەی لەگەڵ دەكرێت كە خاوەنداری یەكەكە دەكات بە مەرجێك پێش خانەنشینبوونی فەرمانبەری هەمان فەرمانگە بووبێت.
٣_ بۆ فەرمانبەری خانەنشیكراو لە حوكمی دووی ئەم بڕگەیە سوودمەند بێت پابەند دەكرێت تا بە شێوەیەكی نووسراو بەڵێن دەدات بە چۆڵكردنی یەكە نیشتەجێبوونەكە لە ماوەی شەش مانگ لەو رێكەوتەی كە بڕیاری هەواڵەكردنی زیادكردنەكە بۆ كەسێكی دیكە پلەی بنبڕ وەردەگرێت، بە پێچەوانەوە یەكەی نیشتەجێبوونەكەی بە زۆرەكی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێكردنی تایبەتمەندەوە بە پێدانی هیچ مۆڵەتێكی دیكە پێی چۆڵ دەكرێت.
سێیەم: پشكی هاوبەش ناو یەكە نیشتەجێبوونەكان نەشیاو بێت جیاكردنەوە واتە ئیفرازكردن بەدەر دەكرێت لە حوكمی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە و جاڕدانی فرۆشتن بۆ سەرجەم هاوڵاتیان دەكرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێكی پەرلەمان دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی چواردە و بڕگەكانی بكات با بفەرمووێت، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت گفتوگۆ بكەن (كاك سەروان، كاك رێبوار، گلستان خان، كاك شێخ زاهیر)، كاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چواردە دوو پێشنیارم هەبوو، فەرمانبەری وەزارەت بۆ وەزارەتێکی تر جیاوازی هەیە، جیاوازی هەیە لەنێوان مەعیشەتیان، یەعنی لە وەزارەتێك هەیە مووچەی باشە و وەزعی زۆر باشە، یەعنی دەتوانێت موڵك و ماڵ یان ئەوەی کە وەزارەتەکەی بەکرێی دەدات یان دەیفرۆشێت بیکڕێت، بەڵام لە وەزارەتێکی تر ناتوانێت بەکرێش شوقەیەك بگرێت، بۆیە جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەوەنە، یەعنی ئەوەی کە پێویستر لە وەزارەت بۆ وەزارەتێکی تر هەیە ئەو شتانە جیاکاری بکرێت لێرانە زۆر باشە، ئەوەی تریش لە بڕگەی دووەم فەرمانبەری خانەنشینکراو ئەگەر پێشتر سوومەند نەبووبێت باشە پێشمەرگەمان هەیە پێشتر بۆ نموونە لە وەزارەتی پێشمەرگە پێشتر زەوی وەرگرتووە، سوودمەندبووە، بەڵام لە شەڕی بەرگیری زەویەکەی فرۆشتووە چارەسەری خۆی پێکردووە، یەعنی ئیتر تەواو ئەو پێشمەرگەیە یان ئەو فەرمابنەرە هیچی تر سوودمەند نابێت، جیاکاری لەوەش بکرێت ئەوەی کە سوودمەندبووە، بەڵام بڵێین ئیستیفادەی لە سوومەندبوونەکە وەرنەگرتووە، جیاکاری بکرێت زۆر باش دەبێت ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چواردە لە بەشی یەکەمی خاڵی (د) کە دەڵێت لەسەرجەم بڕگەکانی (أ، ب، ج) پێشەنگی بۆ ئەوانە دەبێت کە هاوسەرگیریان کردووە، وە ئەوانەی کە هاوسەرگیری ناکەن بە درێژایی تەمەن، یەعنی بەڕاستی ئەمە جۆرێك لە نا عەدالەتی تێدایە، چونکە ئێستا لەوانەیە بڵێین لە رووی کۆمەڵایەتیەوە خەڵکی رەبەن و خەڵکی سەڵتمان زۆر بێت، بۆیە من پێمباشە ئەو خاڵە لابرێت کە پێشەنگی بۆ ئەوانە بێت کە هاوسەرگیریان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینم لەسەر بڕگەی سێیەم هەیە پشکی هاوبەشی ناو یەکە نیشتەجێبووەکانی نەشیاو بۆ جیاکردنەوەی ئیفرازکردن بەدەر دەکرێت لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە و جاڕدانی فرۆشتن بۆ سەرجەم هاوڵاتییان دەکرێت، پرسیارم بۆ لیژنەی یاسایی ئەوەیە مەبەست لە پشکی هاوبەش (المال المشاع) کە پێی دەڵێین کێیە؟ کە لە کاتێکدا ئەوە موڵك و ماڵەی دەوڵەتە، یەعنی موڵکییەتی دەوڵەتە، چۆن دەبێتە (المشاع)؟ روونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەپرسم حیکمەت لە چیدایە بۆ دەبێت لە کڕین و فرۆشتنەکە کە یەکەم جار زیادکردنی ئاشکراکە لە نێوان فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتە بێت، یەعنی حیکمەت لە چیدایە بۆ گشت فەرمانبەران ئەگەر لە خاڵی دواتر هاتووە دەڵێ ئەگەر لە نێوان ئەواندا ساغ نەبۆوە، نەفرۆشرا، بەکرێ نەچوو ئەوە بۆ گشت فەرمانبەرانە، ئەگەر یەکسەر بابڵێین بۆ گشت فەرمانبەران بتوانن بەشداربن لەو زیادکردنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشەنگیدان بەوانەی کە هاوسەرگیریان کردووە مانای ئەوەنیە ئەوانی تر بێ بەش دەبن، بەڵام ئەگەر لە فەرمانگەیەك مەسەلەن یەك خاوەن خێزان بێت عادەتەن دەبێت لە پێشتر بێت، بەڵام ئەگەر ئەوان نەبوون ئەوانەی تریش دەتوانن بەشداری لەو موزایەدەیە بکەن، مەسەلەی ئەوەی کە دەڵێت پێشمەرگەیەك خانەنشین بووە یان سوودمەندبووە و وەریگرتووە بە مانای ئەوە نایەت ئەوەی سوودمەندبووە بەڕاستی ناتوانێت جارێکی تر سوودمەندبێت، بەڵام ئەوانەی کە سوودمەند نەبوونە خۆ لەوانەیە هەمان وەزارەت هەیە سوودمەندبووە و هەیە سوودمەند نەبووە، یەعنی ئەویان لە پێشتر دەبێت، یەعنی مانای ئەوەنیە بێ بەش دەکرێت، مەسەلەی پشکی هاوبەش لە ناو یەکە نیشتەجێبوونەکان نەشیاوە بۆ جیاکردنەوە، ئێمە یاسایەکمان هەیە لە وەزارەتی شارەوانی کە ئەوانەی کە لە دوو سەد مەتر ناتوانن ئیفرازی بکەی، بەشی بکەی بەسەر دوو بەشەوە لە دوو سەد و پەنجا مەتر کەمتر بێت، لەو حاڵەتەدا ناتوانی ئیفرازی بکەی ئەم خانووەی کە پشکی هاوبەشە بیکەی بە دوو بەشەوە بە ناوی فلان و فلانی بکەی، یەعنی هەر بە یەك بەشی دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تایبەتمەند فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیکد لەسەر ئەو ماددەیە دەکەینەوە کە لە پڕۆژەی حکومەتدا هاتووە، بۆیە هیوادارین وەکو خۆی بڕوات ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی پانزە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

دەسەڵاتی تایبەتمەند دەسترۆیە بۆ مەبەستەکانی چالاکی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و گشت و گوزاری و وەبەرهێنان لە رێگەی زیادکردنی ئاشکراوە بە هەمان ئەو رێکارانەی لە ماددەی چواردەی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراوە، بنیادنانی مافەکانی بانەوانی لەسەر موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان رابگەیەنێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

یەکەم: نابێت ماوەی بانەوانی لە (٢٥) ساڵ زیاتر بێ و یارای نوێ کردنەوە و بە موڵکردنی نییە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی بانەوانی هەرچی بنیات نرابێت دەبێت بە خاوەنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە بەبێ بەرامبەر.

دووەم: بڕی بەرامبەری بانەوانی ساڵانە وەردەگیرێت بە مەرجێك هەر پێنج ساڵێك جارێك لە رێکەوتی گرێبەستی بانەوانی پێداچوونەوەی لێبکرێت ئەم بە رێنمایی رێك دەخرێت کە وەزیری دارایی و ئابووری دەری دەکات.

سێیەم: ١- بانەوانیکار لە ماوەییەی لە گرێبەستی بانەوانی دیاریکراوە و رازامەندی دەسەڵاتی تایبەتمەندی لەسەردراوە پابەندی بە دروستکردنی بیناکاری دەبێت.

٢- بانەوانیکار بارمەتەی کۆتایی کە یەکسان بێت بە لە (٥%)ی بەهای تەواوی بڕی بەرامبەری زیادکراوەکە بۆ تەواوی ماوەی گرێبەستەکە بۆ مسۆگەرکردنی باش جێ بەجێکردنی بیناکاریەکە پێشکەش دەکات کە بە درێژایی ماوەی گرێبەستی بانەوانیکارییەکە دەمێنێتەوە، وە تا کۆتایی ماوەکەی رادەستی ناکرێتەوە و ساڵانە بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ پێداچوونەوەکان نوێ دەکرێتەوە.

٣_ ئەگەر لەو ماوەیەدا بانەوانیکار تەواوی بیناکاریەکانی دروست نەکرد ئەوە بڕە بارمەتەکراوەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت و گرێبەستی بانەوانییەکە بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و ئەو بیناکارییەی هەیە بەبێ بەرامبەر دەبێتە موڵکی ئەو لایەنەی کە خاوەنداریەتی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە دەکات.

چوارەم: ئەگەر کەسی بانەوانیکار لە دانەوەی بڕی بەرامبەری ساڵانەی لە وادەی دیاریکراو دیارکرد و دەسەڵاتی تایبەتمەد دەتوانێت وەرگرتنی ئەو بڕی بەرامبەرە بۆ ماوەیەکی گونجاو لە رێکەوتی شایستەبوونی دوا بخات، لەم بارەشدا سوی دواکەوتن بە رێژەی (٧%)ی بڕی بەرامبەری شایستە دەخرێتە ئەستۆی کەسی بانەوانیکار ئەگەر دووبارەبێتەوە ئەوە دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت گرێبەستی بانەوانی هەڵبووەشێنێتەوە و بینکاریەکان بەبێ بەرامبەر دەبنە موڵکی ئەو لایەنەی کە خاوەنداریەتی مایە نەگوزراوەکان دەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی تۆمار بکات، ئەوانەی ناویان تۆمارکردووە (کاك سیروان، کاك هیمداد، کاك شێخ زاهیر)، کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پانزە، تێبینیەکەی من لەسەر خاڵی یەکەمە، موساتەحە نابێت بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ، بە رەئی من ئەوە بکرێت بەپێی بەهای مەشروعەکە، مەشروع هەیە ملیۆنێکە، هەیە پێنج ملیۆن دۆلارە، ئەو ساڵە بە گوێرەی وی بگۆرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٥) بە کـۆی مـاددەکە کە باسـی مەسـاتەحە ئەکـات، نـازانم ئەگەر لە شـوێنێکی تـری ماددەکانی یاساکە هاتبێ باسی ئەوە ئەکات، ئەگەر گرێبەستەکە (٢٥) ساڵ بێ، ئەبێ ئەو کەسەی مەساتەحەی بۆ دەرچووە بینـاکەی لە ٥٠% تەواو کردبـێ، یـان بـۆ (٢٥) سـاڵ وەریگرتـووە و (١٥) ساڵە هیچی لەسەر نەکردووە، پێم وایە ماددەیەکی بۆ زیاد بکرێ کە ئەبێ لە ئەوەنە ساڵە ئەوەنە لە سەدی بیناکەی تەواو کردبێ یان پرۆژەکە، ئەگەرنا لێ وەرئەگرێتەوە و بێ بەرامـبەر ئەدرێ بە کەسی تر.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٥) و یەکەم، نـابێ مەسـاتەحە لە (٢٥) سـاڵ زیـاتر بێـت، پـێم وابـێ بە پێـی قـانوونی مەساتەحە تا (٥٠) ساڵ ئەتوانی، لە کاتێکدا ئێستا قەیرانە و حکومەت پێویسـتە بەوەیە موڵـك و ماڵی بفرۆشێ، ئەگەر کەسێ بە مانەوانی مولکی وەرگرتووە بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ لەو حاڵەتە چۆن ئەتوانێ ئەو موڵکە بفرۆشێ، لە خاڵی چوار ئەڵێ ئەگەر کەسی مانەوەکار لە دانەوەی بڕی سـاڵانە لە وادەی دیاری کراو دواکەوت، پێویستە لە وادەی دیاری کراو دیاری بکرێ، چەند ماوەکەی.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەو کاتە دیاری ئەکرێ کە موساتەحەکەی ئەدرێتـێ لەلایەن دەولەتەوە، ئیتـر کـاتەکە دیـاری ئەکرێ خۆ لێرە لە یاسا دیاری ناکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو وەزیری هەرێم ئەگەر ڕەئییەك هەیە.

**بەڕێز د. ڤالا فەرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیـا لە بـرگەی دووەم پێمـان باشـە وەزیـری پەیوەندیـدار دابنـرێ، تەحدیـدی هـیچ وەزارەتێـك نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەشی سێیەم.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم:

دانەوەی بری بەرامبەر:

یەکەم- دانەوەی بری بەرامبەری فرۆشتنی مولك و مالی گۆزراوە:

ماددەی :١٦

١ کریـار پابەنـدە لە مـاوەی (٣٠) رۆژ لە رێکەوتـی هـاوەلا کردنـی بنبـڕ بە یەکجـاری بەرامـبەری فرۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوە بدات.

٢- بەدەر لە حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەسەڵاتی تایبەتمەنـد ئەتـوانێ رەزامەنـدی لەسەر دانەوەی بری بەرامبەری فرۆشتن بە شێوەی قیست بدات بەو شێوەی خوارەوە:

١ نیـوەی بـڕی بەرامـبەری فرۆشـتنی و تەواوی خەرجییەکـان لە مـاوەی (٣٠) رۆژ لە رێکەوتـی هاوەڵە کردنی بنبڕ.

٢- ئەوەی ئەمێنێتەوە لە بڕی بەرامبەری فرۆشتن ئەکرێ بە چەند قیستێك بە مەرجێـك لە پێـنج قیست زیاتر نەبێ و وادەی دانەوەی دواین قیست نەگاتە زیـاتر لە سێ سـاڵ لەو رێککەوتەی لە خاڵی یەکی ئەو بڕگەیە دیاری کراوە.

٣- لە کـاتی فرۆشـتنی خـانووبەرەی نیشـتەجێ بـوونی مـوڵکی دەوڵەت یـان کەرتـی گشـتی بە فەرمانبەران بۆ دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە ئەو حوکمانەی خوارەوە پیادە ئەکرێ.

١ رێژەی بارمتەکان ٥% بەهای خەملاندنی یەکە یان پارچە زەوی نیشتەجێ بوونەکە ئەبێ.

٢- رێـژەی ٥% بـڕی بەرامـبەری فرۆشـراوەکە وەرئەگرێـت وەك پێشـەکی بـاقییەکەی بە قیسـتی ساڵانە یەکسان بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ لە رێککەوتی فرۆشتن ئەدرێتەوە.

٤- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران یـان هەر کەسـێ رێـگەی پـێ بـدات ئەتـوانێ دووبـارە مـاوەی قیستی شایستەی سەر پرۆژەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشت و گوزاری فرۆشراو بە پێـی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە بە جۆرێـك دابرێـژرێتەوە کە مـاوەی دانەوەی قیسـتەکان درێژبکـاتەوە پاڵپشت بە راسپاردەی لیژنەیەکی تایبەتمەند کە بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران یـان هەر کەسێ رێپێدراو پێك ئەهێنرێ لەسەر بنەمای پاسا و یان بارودۆخی زۆر پێویسـت بەرامـبەر بە بـری ئەو سـوودەی دواکەوتـنەکەی کە بـانکە حکومیەکـان بەپێـی سروشـتی مولـك و مـالە نەگوزاراوەکە وەریئەگرن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم، لە کاتی فرۆشتنی خانووبەرەی نیشتەجێ بوون و موڵکی دەوڵەت یان کەرتی گشتی بە فەرمانبەران بۆ دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە ئەو حوکمانەی خوارەوە پیادە ئەکرێ، ئەو فرۆشتنی خانووی نیشتەجێ بوون ئەگەر مودیر ناحیەیەك لە جێگەیەك لە خانووێکە، ئەو خانووە ئەگەر پێی بفرۆشرێت و ببێتە موڵکی سبەی مودیر ناحییەکی تر ببێتە بەڕێوەبەر لەو ناحیەیە ئەوە چی دەبێ؟ بۆ بفرۆشرێ ئەو خانووانەی حکومین و تایبەتن بە فەرمانبەرانی ئەو ناحییە و قەزاییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە، یەکەم ماددەی (١٦) بڕگەی یەك، کریار پابەندە لە ماوەی (٣٠) رۆژ، ئایا (٣٠) رۆژ زیاتر بێ باشترە یان کەمتر؟ هەروا لە کاتی فرۆشتنی خانووی موڵکی دەوڵەت یان کەرتی گشتی بە فەرمانبەران، دەست پێکا موڵکی دەوڵەت هەندەك برادەر پێشنیار کر کو کەرتی گشتی بێتە زێدە کرن، لیژنا هاتییە رەفز کرن، ئەو کەرتی گشتی ل ڤێرێ بێتە ئیزافە کرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ( ١٦ ) و بڕگەی دووەم و خالی دووەم، ئەوەی ئەمێنێتەوە لە بری بەرامبەری فرۆشتن ئەکرێ بە چەند قیستێك بە مەرجێ لە (٥) قیست زیاتر نەبێ و وادەی دواین قیست نەگاتە سێ سال، ئەو رێککەوتە دیاری کراوە، بەڵام بۆ پێنج قیست پێنج ساڵ باشە، هەر سالێ قیستێك بدرێ باشترە بۆ ئەوەی کڕیارە یان بە کرێی ئەگرێ، هەم بۆ حکومەت پارەکەی بە دروستی پێی ئەدات و هەم کڕیاریش بە دروستی بیدات، ئەوەی تر بڕگەی سێیەم هاوڕای برای بەڕێز کاك رزگارم، هەندێ شت هەیە بۆ بفرۆشرێت، جیاکاری بکرێ لە نێوانی فرۆشراوی موڵکی دەولەت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی چوارەم باس ئەکات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان هەر کەسێك رێگە پێدراو ئەتوانێ دووبارە ماوەی قیستەکە درێژ بکاتەوە لەسەر پرۆژەکانی پیشەسازی و گەشت و گۆزار، ئەگەر ئەو بڕە پارەییەی لەسەرییەتی هاوکاریمان کردووە، بۆ ئەوەی بکرێتە قیست، هیچ حیکمەت نییە دەسەڵاتدان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان دەسەڵاتی تایبەتمەند کە

ماوەی قیست درێژ بکاتەوە، برێك پارەی لەسەر شانە پێویستە بیدات و هاوکاریت کردووە و کردۆتە قیست، پێم وایە ئەو دەسەڵاتە هەڵگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو لیژنەی تایبەت مەند.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا وەڵامێك بۆ ئەو بەڕێزانەی وتیان هەندێ موڵك و ماڵ زەرور نییە بفرۆشرێ، ئەو دەسەڵاتە دراوەتە لایەنی تایبەتمەند کە لە تەعریفەکە هەیە واتە هەمووی نافرۆشرێ، بەڵکو بە پێی پێویستی بۆ خۆیان ئەو پۆلێن بەندیە ئەکەن، ناچێ موڵکی مودیر ناحیەیەك بفرۆشێ کە پێویستییەتی، تەنیا ئەو موڵکانەی رەنگە ئەمساڵ پێویست نەبن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو وەزیری هەرێم ئەگەر رەئییەك هەیە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

لە بڕگەی سێیەم لە خاڵی دووەم ماوەی (٢٠) ساڵ دانراوە بۆ دانەوەی قیستەکان، ئێمە لە پرۆژەی حکومەت (١٠) ساڵمان داناوە، داواکارین (١٠) ساڵ بێ بۆ دانەوەی ئەخیر قیست.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧) فەرمووو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی :١٧

١ ئەگەر کریار لە دانەوەی یەکێ لە قیستەکانی لە وادەی خۆی دوا بکەوێ دەستەلاتی تایبەتمەند ئەتوانێ وەرگرتنەوەی ئەو قیستە لەسەر داوای کریار بۆ ماوەی گونجاو لە رێکەوتی شایستە بوونییەوە دوا بخات بەرامبەر بە بڕی ئەو سوودی دواکەوتنەکەی کە بانکە حکومییەکان بەپێی سروشتی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە وەریئەگرن.

٢- ئەگەر دواکەوتنی قیست دووبارە بێتەوە دەسەڵاتی تایبمەند ئەتوانێ لەسەر بنەمای پێویستی دیاری کراو وەرگرتنەوەی قیست یان قیستە دواکەوتووەکان لەگەڵ ئەو سوودە و لە برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقنووس کراوە قەبول بکات،، یان بە قیست کردنەکە هەڵئەوەشێنێتەوە، ئەوەی لە بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە ماوە بە یەکجاری وەریبگرێتەوە، بە گرتنەبەری ئەو رێکارانەی خوارەوە:

١ ئەگەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە بە ناوی کریار تۆمار نەکرابێ ئەوا خاوەنەکەی بەپێ حوکمەکانی ئەو یاسایە دەفرۆشێتەوە، لەو بارەش کڕیاری دووەم بە یەکجاری بڕی بەرامبەری کڕینەکە دەدات و ئەو قیستانەی لە ئەستۆی کڕیاری یەکەم مابوونەوە سوودەکانی دواکەوتن و خەرجی فرۆشتنی دووەم لە بەهاکەی وەرئەگرێ، دوای ئەوەی شایستەکانی کڕیاری یەکەم رادەست ئەکرێ ئەوەی ئەمێنێتەوە وەك داهاتێك بۆ فرۆشیار تۆمار ئەکرێ.

٢- ئەگەر خانووبەرە بە ناوی کریار تۆمار کرابێ بەپێی حوکمەکانی یاسای تۆمار کردنی خانووبەرەی بەرکار لە هەرێم لەسەر ئەو بنەمایەی بە حوکمی بارمتەی گەرەنتی کار گلدراوتەوە ئەفرۆشرێ، ئەو قیستانەی لە ئەستۆی کڕیاری یەکەم ماونەتەوە لەگەڵ سوودەکانی دواکەوتن لە بری بەرامبەری فرۆشتنەکە وەرئەگیرێ و ئەوەی ئەمێنێتەوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرە بەپێی یاسا رادەستی کریاری یەکەم ئەکرێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك سیروان.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٧) و دووەم، ئەگەر خانووبەرە بە ناوی کڕیار تا دوایی، لە دواییا ئەڵێ هەرچی ئەمێنێتەوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرە بەپێی یاسا، ئەو بەپێی یاسایە ئەگەر بکرێ بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە، بۆ ئەوەی دەرفەتی تر نەرەخسێ بە یاسایەکی تر یان بە شێوازێك یان بە پێی تەنسیفی لیژنەکە ئیشی پێ بکرێ، ئەمەوێ ئیزافەیەکی بۆ زیاد بکرێ کە خانووبەرە بەپێی یاسا نەبێ و بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بێ، ئەو پێشنیارانەی ئەیکەم پشتگیری پێویستە تەنیا کاك مەم لەگەڵ من ماوە، کەس بلۆك نییە لەگەڵم، تکا ئەکەم پێنشیارەکان بەرێزان لیژنە بینووسن، بەلکۆ پالپشتی بکرێ، چەند پێشنیارێکم کردووە کەس پاڵپشتی نەکردووە لەبەر ئەوەی لێرە نین.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم ئەگەر کڕیار لە دانەوەی یەکێ لە قیستەکانی لە وادەی خۆی دوا بکەوێ دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ وەرگرتنەوەی ئەو قیستە لەسەر داوای کڕیار بۆ ماوەی گونجاو لە رێکەوتی شایستە بوونییەوە دوا بخات، پێم وایە ماوەیەکی گونجاو ئەبێ پرەسنیپێك هەبێ دەسەڵاتی تایبەمەند سەقفێکی هەبێ ئەو ماوە گونجاوە چەندە؟ بە کراوەیی نەمێنێتەوە، بڕگەی دووەم خالی یەك و دوو هەردوو بار وەسف ئەکات، ئەگەر خانووەکە بە ناوی کرابێ یان نا، حیکمەت چییە ئەگەر ماوەی ئەقساتی لەسەر مابوو موڵکی بە ناو ئەکرێ؟ چ پێویست ئەکات پاشان لە بارمەتەی گەرەنتی کراو بفرۆشرێتەوە، پێم وایە مادام ئەقساتی لەسەر ماوە بە ناوی نەکرێ تووشی ئەو ئیشکالە قانوونیانە نابین، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) بڕگەی یەکەم، لە بڕگەی یەکەم ئەگەر کڕیار لە دانەوەی یەکێ لە قیستەکانی لە وادەی خۆی دوا بکەوێ دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ وەرگرتنەوەی ئەو قیستە لەسەر داوای

کڕیار بۆ ماوەی گونجاو لە ڕێککەوتی شایستە بوونییەوە دوا بخات، پێم وایە شێواز و سیاغەی داڕشتنی ئەو ماددەیە جۆرێك لە هاندانی تێدایە بۆ کڕیار کە درەنگتر قیستەکانی بداتەوە، بۆ ئەوەی کە ماددەکە درێژ بکرێتەوە، پێم وایە لەسەر بنەمای تەلەبێکی خۆییتی، ئەگەر ئەو بڕگەیە لابرێ باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو ماددەی دواتر.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٨:

خانووبەرەی فرۆشراو لە فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرە بە ناوی کڕیار تۆمار ئەکرێ و لە دوای هاولەکردنی بنبڕ و دانەوەی تەواوی بڕی بەرامبەر و خەرجی یان ئەو بەشەی پابەندە بە دانەوەی لە دوای رەزامەندیان لەسەر بە قیست کردن و تەواوی خەرجییەکان رادەستی ئەکرێ و دانەوەی باقی بەرامبەر بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە ڕێکئەخرێ و ئاماژەی گلدانەوە بە حوکمی بارمتەیی گرەنتیکار لەسەر خانووبەرەکە فەرمانگای تۆمار کردنی خانووبەرەی تایبەتمەند دائەنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی دواتر فەرمووو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٩:

لقی دووەم:

دانەوەی بڕی بەرامبەر و بەکرێدانی موڵك و ماڵی گوازراوە:

١ کرێچی پابەند ئەبێ بەدانەوەی بڕی بەرامبەری بە کرێدان لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە ڕێککەوتی هەواڵە کردن بنەبڕ کردن ئەگەر ماوەی گرێبەستەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێ و دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ رەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدانەکە بە قیست بەو شێوەی لای خوارەوە:

١ /٣ بڕی بەرامبەری بەکرێدانی ساڵانە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە ڕێککەوتی هەواڵە کردنی بنەبڕ.

٢_ باقی بڕی بەرامبەر بەکرێدانی ساڵانە بە چەند قیستێك بەو مەرجەی لە چوار قیست زیاتر نەبێ و وادەی دواین قیست نەگاتە زیاتر لە نۆ مانگ لە ڕێکەوتی دەست پێ کردنی ماوەی دەست پێ کردنی بە کرێدانەکە.

٢- ئەگەر ماوەی گرێبەستی بەکرێدانەکە لە ساڵێك زیاتر بێ ئەوا کرێچی پابەند ئەکرێ بە دانەوەی تەواوی بڕی بەرامبەرەکە لەگەڵ خەرجییەکانی لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵە کردنی بنەبڕ دەسەڵاتی تایبەمەند ئەتوانێ رەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان بە قیست بەو شێوەی خوارەوە:

یەکەم: ٣/١ تەواوی بری بەرامبەری بە کرێدانەکە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی هەواڵە کردنی بنبڕ.
دووەم: باقی بڕی بەرامبەرەکە بە چەند قیستێك کە ژمارەیان لە دوو هێندەی ساڵانەی بەکرێدان زیاتر نەبێ بەو مەرجەی دواین قیست لای کەم لە کۆتایی ماوەی بەکرێدانەکە بە شەش مانگ بدرێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك سەروان.

**بەرێز سەروان محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ماددەی (١٩) بڕگەی یەکەم، بەکرێدان لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی هەواڵە کردنی بنبڕ ئەگەر ماوەی رێکەوتێ بەکرێدانەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێ، ئێمەی ئابووری خۆمان لەبەر دەستە تا بریاری وا بدەین، ئەوەی موڵك ئەکرێ یان بە کرێی ئەگری بتوانێ لە ساڵێك ئەوە بدات؟ چوار ساڵ بۆ پێنج ساڵ شەری داعش، خۆ ئابووریمان هاتە سفر، سبەی پێشبینی بکەن تووشی حاڵەتی لەو جۆرە بن، بۆ وڵاتێك یان هەرێمێکە تەحدیدی بکات و ئابووری خۆی لە دەستی خۆی بێ، حکومەتی عێراق هیچ نانێری، منیش موڵکی دەوڵەتم کرێوە، قوڕی کوێ بکەم بە سەری خۆم پارە بدەم، واجبیشە کە ساڵێك رەت نەکات، شتێ زیاد بکرێ، ئەگەر ماوەی گرێبەستەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێ، بەپێی بارودۆخی ئابووری ئیزافە بکرێ، چونکە ئابووری خۆمان لە دەست نییە، تەحدید کردنی کات غەلەتە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ ماددەی دوای ئەو فەرموو.

**بەرێز زیاد جبار محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی :٢٠

١ بەکرێدراو رادەستی کرێچی ناکرێ بەر لە دانەوەی بڕی بەرامبەر لە پێدانەکە بە پێی حوکمەکانی ماددەی (١٩)ی ئەم یاسایە.

٢_ ئەگەر کرێچی دوا بکەوێ لە دانەوەی یەکێ لە قیستەکان لە وادەی خۆی ئەوا ئەو قیستەی دواکەوتووە پێبژاردنێکی ئەخرێتە سەر کە هاوتا بێ لەگەڵ ئەو سوودەی دواکەوتنی بانکەکان بە گوێرەی سروشتی بەکارهێنانی خانووبەرە وەرئەگیرێ، ئەگەر دووبارە بوویەوە دەسەڵاتی تایبەتمەند ئەتوانێ لە دوای هۆشداریدان بە کرێچی قیستەکان هەڵوەشێنێتەوە و ئەو ماوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان و پێ بژاردنەکەی هاوتایە لەگەڵ نرخی سوودی شایستە بوو، بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حوکمە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان بەیەکجاری وەرگیرێتەوە.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی ٢١ فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢١:

بەشی چوارەم: پاشەگەز بوونەوەی کڕیار یان کرێچی:

١ ئەگەر کەسی هەواڵە بوو کراو لە دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە و خەرجییەکانی حاڵەتی فرۆشتنی بڕی بەرامبەری بەکرێدان و خەرجییەکانی حالەتی بەکرێدان پاشەگەز بێتەوە ئەوا:

یەکەم: موڵك و ماڵە نەگوێزراوەکە ئەخرێتە بەردەم دواهەمین کەسی بەشداربووی زیاد کردنەکە ئەوەی پێش کەسی زیاد کردنەکە دەستی لێ کێشاوەتەوە بەو بڕەی بەرامبەری خستوویەتە ڕوو.

دوو: ئەگەر ئەو کەسە ڕازی بێ لەسەر هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە و ئامادە بێ بارمتەیی یاسایی دیاری کراو لەسەر بنەمای ئەو بڕەی بەرامبەری خستوویەتە ڕوو سپاردە بکات، ئەوا بە بریاری لیژنەی فرۆستن یا بەکرێدان لەو بارمتەیە کە کەسی پاشەگەز بوو داوییەتی جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر لە حاڵەتی فرۆشتن و جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەری ماوەی بەکرێدان لە حالەتی بەکرێدان وەرئەگرێ.

سێ: ئەگەر بڕی بارمتە کەمتر بوو لە بڕی جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر لە حاڵەتی فرۆشتنی جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەر و ماوەی تەواوی بەکرێدان لە حالەتی بەکرێدان ئاوا موڵك و ماڵەکەی دیکەی بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرز لە حوکمەکانی بەرکار لە هەرێم بە دەست ئەهێنرێ.

٢- یەکەم: ئەگەر دواهەمین کەسی بەشدار بوو زیاد کردنەکە ئەوەی پێش کەسی پاشگەز بووە دەستی لە زیاد کردن کێشاوەتەوە هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە ڕەت بکاتەوە ئاوا سەر لە نوێ زیاد کردنی بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاو کردنەوەی جار نامەکە ئەنجام ئەدرێ.

دووەم- لیستی فرۆشتنەکە لەو ماوەیە لە خاڵی یەکەمی ئەو بڕگەیە هاتووە کراوا ئەبێ و بە بریاری لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان کەسی پاشگەز بووە جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەرەکە و خەرجییەکانی دووبارە کردنەوەی زیاد کردنەکە لەئەستۆ ئەگرێت و لە بڕی بارمتە وەرئەگیرێت ئەگەر بڕی بارمتە کەمتر بوو لە بڕی پابەندییەکانی پاشگەز بووە ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکمییەکان بەرکارلە هەرێم لێی وەرئەگیرێت.

سێیەم: ئەگەر هیچ کەسێك خواستی کرینی لە حاڵەتی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکەی لە حالەتی بەکرێدان نەبوو ئەوا ئەو بارمتەیی کەسی پاشگەزبوویەوە داوییەتی ئەبێتە داهاتێك بۆ خاوەنی موڵك و ماڵەکە، ئەگەر بڕی بارمتە کەمتر بێ لە خەرجییەکانی هەردوو زیاد کردنەکە ئەوا کەسی پاشگەزبوو جیاوازی نێوانی لە ئەستۆ ئەبێت و بەپێی حوکمەکانی یاسای ورگرتنەوەی قەرزە حوکمییە بەرکارەکان لە هەرێم لە موڵك و ماڵەکانی تر بەدەست ئەهێنرێ.

چوارەم: ڕێگە نادرێ کەسی پاشگەز بوو بەشدار بێ لەو زیاد کردنەی پاشگەز بوونەوەکە بۆتە هۆکاری دووبارە کردنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی ئەو پرۆژە یاسایەی حکومەتی هەرێم ناردوویەتی کە (٤٢) ماددەیە ببورە لەو چەمکە بەکاردێنم مەبەستم لە توانج نییە، درێژ دادری زۆر هەیە لە رووی وشەوە، دەستووری ئەمریکی (٧) ماددەیە، ئەو یاسایە بە تایبەت ماددەی (٢١) هەموو ئەوانەی وترا ئەکرێ لە سێ دێر کۆ بکرێتەوە، لە دواتر ئەڵێ ڕێنمایی پێویست، لە ڕێنمایی ئەو تەفاسیلە باس بکرێ، زۆر لە یاساکانی تر دەرچوون لە ڕێنماییەکان روون کراوەتەوە، پێم وایە ئەو تەفاسیلە لە خزمەتی یاساکە نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم لە یەکەم خالی دوو دژ بە یەکە لەگەڵ چوارە، لە چوارەم ئەڵێ ڕێگا نادرێ کەسی پاشگەز بوو بەشدار بێ، زۆر ناوازیحە، پشتگیری لە وتەکانی کاك مەم ئەکەم، لێرە ئەگەر بخوێنرێتەوە چیرۆکە، نابینرێ کێ چییە، بە کورتی ئەگەر ئەو کەسە رازی بێ لەسەر هەڵگرتنەوەی موڵك و ماڵ، جارێ ئەو کەسە بۆی نییە بەشدار بێ بە پێی یاسا، موزایەدە هی ئەو کەسەیە زیاترین ئەکات، کەسی تر نییە فەرموو بۆ تۆ، زۆر موتەناقیزە..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان با بۆتی باس بکەم، کەسێ بۆی دەرئەچێ، حەوالە ئەکرێ، ئەلێ پاشگەز ئەبمەوە، ئەچی بۆ کەسێکی تر کە لەو کەمتری عەرز کردووە، بەڵام ئاخیر کەسە، کەسە پاشگەز بووەکە نییە بەشداری موزایەدەکە ئەکاتەوە، ئەگەر کەسی دووەم بۆی دەرچێ بۆ ئەوە، ئەو بۆی هەیە هەڵیبگرێتەوە، زۆر تەکنیکییە، تەناقوزی تێدا نییە.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

....... کە ئەلێم پەشیمان ئەبێتەوە مەسەلەن دوای دوو رۆژ، دیسان ئەو خەڵکە دێتەوە......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خەڵك نایەتەوە، بۆ نموونە بە (١٠) هەزار دۆلار، یەکی تر وتوویەتی بە (١٠) هەزار و سەت دۆلار، دەهەزار و سەت دۆلار پەشیمان بوویەوە عەمەلیەکە دووبارە ناکرێتەوە ئەدرێ بە (١٠) هەزار، ئەگەر ئەو رازی نەبوو ئینجا دووبارە ئەکرێتەوە، ماددەی دواتر.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی سێیەم:

فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بەبێ زیاد کردن:

بەشی یەکەم: فرۆشتنی مولك و ماله نەگوازراوەکان.

ماددەی :٢٢

١ ئەکرێ موڵك و ماڵی نەگوازراوەکان بەبێ زیاد کردنی ئاشکرا بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بە بڕی بەرامبەرێکی گونجاو بەو مەرجەی کەمتر نەبێ لە ٥٠% بڕی بەرامبەری راستەقینەی خانووبەرە و بەپێ ئەو نرخانەی باون بۆ ئەو نرخانەی هاوشێوە و هاوشێوەکانی خەملێنراو لەلایەن لیژنەی خەملاندن و پەسند کراو لەلایەن دەسەڵاتی تایبەمەند بفرۆشرێنەوە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە حاڵەتی بەکارهێنانی خانووبەرە بۆ مەبەستە فەرمییەکانی فەرمانگە لە نێوان وەزارەتە پەیوەندییدارەکان و پەسند کراوی ئەنجوومەنی وەزیران.

٢- ئەکرێ خانووبەرەکانی نیشتەجێ بوون بفرۆشرێنە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی بەبێ زیاد کردنی ئاشکرا بە نرخی راستەقینە و بەپێی نرخە باوەکانی خانووبەرە هاوشێوە و هاوسێکانی خەملێنراو لەلایەن لیژنەی خەملاندن و پەسند کراو لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند بە مەبەستی فرۆشتنی بە فەرمانبەرەکانی لە ڕێگەی زیاد کردنی ئاشکراوە.

٣- شارەوانی تایبەتمەند لە دوای وەرگرتن و رەزامەندی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار ئەتوانێ ئەو زەوییانەی بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان کراون بە بەرامبەرێکی راستەقینە و بەپێی نرخە باوەکانی هاوشێوە و هاوسێکانی خەملێنراو لەلایەن لیژنەی خەملاندن بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بەبێ زیاد کردنی ئاشکرا بفرۆشرێنە ئەو کەسە هاونیشتیمانیانەی کە خۆیان یان هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان خانوو یان شوقە یان زەوییەکی نیشتەجی بوونیان نییە بە سەربەخۆیی و پێشتر یەکەی نیشتەجێ بوون یان پارچە زەوی نیشتەجێ بوونیان لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوزی نیشتەجێ کردن وەرنەگرتووە.

٤- دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ڕێگەی کۆنووسی دەرخەستە کردن لەگەڵ فەرمانگەی خانووبەرە بۆی هەیە بڕیار بدات بە:

یەکەم: فرۆشتنی پاشماوەی ڕێگاو و بان و هەموو پاشماوەکانی تر کە رووبەرەکانیان لە کەمترین رووبەری دیاری کراو بۆ جیا کردنەوە ئیفراز کەمترە، یان ئەوانەی یارای جیا کردنەوە نین ئەوەش بە ڕێنمایی ڕێکئەخرێت و وەزیری تایبەتمەند دەریئەکات.

دووەم: فرۆشتنی پارچە زەوی جیاکراوە بە قەوالەیەکی سەربەخۆ یان ئەو پارچە زەوییەی ئەکرێ جیا بکرێتەوە و دەروازەیەکی هەیە لەسەر ڕێگەی گشتی وەك پارچە زەوییەکی سەربەخۆ بە زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە، بەو مەرجەی ڕێگە لە پارچە زەوییەکانی دەورووبەری نەگرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ كاك رزگار نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناو قاعە چۆڵ بووە، حەقە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نیسابی ناوێ، موناقەشەی قانوون نیسابی ناوێ، سەیری كۆبوونەوەی ئەنجومەنی عێراق بكە لە هۆلەكە جاری وایە (١٠) كەسی تێدا نییە، بۆ دەست پێ كردنی كۆبوونەوە پێویستمان بە نیسابە، بۆ بەردەوامیدان بۆ كۆبوونەوە ئەگەر دەنگدانی تێدا نەبێ پێویستی بە نیساب نییە، ئەوانە ئەمێنەوە كە قانوونەكە بەلایانەوە جێگەی بایەخە، فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فۆشتنی موڵك و ماڵی نەگوازراوە پێویست ئەكات ئەو شوێنانەی كەلتورین یان خەسلەتی شارێك ئەگۆڕێ ئەوانەی لێ بەدەر بكرێ، هیچ ئاماژەیەك نییە لەو یاسایە ئەو موڵك و ماڵانە نەگرێتەوە كە خەسلەتی تایبەتمەندی شارێكە، زۆر شوێنی سلێمانی كەوتۆتە سەر شەقامی سەرەكی و شوێنی زۆر باشی بازرگانییە، بتوانرێ بە پارەی زۆر بفرۆشرێ، بەڵام خۆی ناسنامەی شارێكە، بە گرنگی ئەزانم لەو ماددەیە خاڵێك زیاد بكرێ كە ئەو موڵك و ماڵانەی ئەبنە ناسنامەی شارێك یان كەلتووری شارەكە بەدەر بكرێن لە فرۆشتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر محی الدین.

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ئاسانكاری بۆ وەزارەتەكان ئەكات بۆ ئەوەی فەرمانگەیەك سوودی لێ ببینێ، بەڵام رەنگە هەندێ وەزارەت موڵك و ماڵی خۆی بفرۆشێتە فەرمانگەیەكی تر بە نیوەی نرخ، پێشنیار ئەكەم ئەو موڵكەی وەزارەتێك ئەیفرشێتە وەزارەتێكی تر ئەو موڵكە نەفرۆشێتەوە بە نرخی راستەقینەی خۆی، پێشنیار ئەكەم ئەو موڵكەی وەزارەتی ئەوقاف ئەیفرۆشێتە وەزارەتی شارەوانی ئەویش قازانجی لێ بكات، بڕگەی سێیەم ئەوانەی سوود مەند نەبوونە یاخود كۆمەڵە هەرەوەزەكان ئەو كۆمەڵە هەرەوەزییەكان كاتی خۆی كە هەبوە فەرمانبەران یان ئەوانەی كە بەشداریان لە كۆبوونەوە بە پارەی خۆیان یەكەی نیشتە جێبون یان زەوییان كریوە كردویانەتە خانوو پێویست ناكا، پێم وایە بە سودمەند لێرانە هەژمار بكرێت و بێ بەش بكرێ لەو مافە لەگەڵ ئەوەش كە ئەوانە هەموویان بە زیادكردنی ئاشكرا بكرێت و بە بێ موزایەدە ئەو پرۆسەیە بەڕێوە نەچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی سێیەم دەسەڵات دەداتە شارەوانی تایبەتمەند کە وەسفی کراوە، ئەو بەڕێزانە بە بێ زیادکردنی ئاشکرا و ئەو پارچە زەویە وەربگرن پشتگیری لە رائیەکەی دکتۆر محی الدین دەکەم، یەعنی ئەگەر لە سنووری دەسەڵاتی شارەوانییەکی تایبەتمەند دە کەس هەبوونە ئەو مواسەفاتەیان تێدا هەبوو و ئەو پارچە زەوییە دەست نیشان کرابوو دەسەڵاتی تایبەتمەند کە شارەوانییە، یا شارەوانی تایبەتمەندە بە چ پرەنسیپێك یەکلای دەکاتەوە لە نێوان ئەو دە کەسەدا، بۆیە دەبێ ئەمەشیان بچێتەوە ناو زیادکردنی ئاشکرا بۆ ئەوەی هیچ کەسێك تێدا مەغدور نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لەو بارەیەوە هیچ قسەیەکتان نییە؟

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنە تایبەتمەندەکان ئێوە هیچ قسەتان نییە ؟نییە، بەڵێ ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: بەکرێدانی مووڵك وماڵی نەگوازراوەکان.

ماددەی ٢٣:

١- دەکرێت موڵك و ماڵە نەگوازراوەکان بە بڕی بەرامبەری راستەقینەوو خەمڵێندراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەلایەن لیژنەی خەمڵاندن لەسەر بنەمای بڕی بەرامبەری هاوشێوەو هاوسێ بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بە کرێ بدرێن بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە.

أ-فەرمانبەران و دەوڵەت و کەرتی گشتی لە هەرێم سەبارەت بەو یەکانەی نیشتەجێبون کە موڵکی دەوڵەتن.

ب- فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی سەندیکا یەکیەتی رێکخراو کۆمەڵەکان لە هەرێم بۆ مەبەستی وەسود هێنانی مایە نەگوازراەی بەکرێ دراوەکە وەك فەرمانگەیەك یا بارەگایەك بۆ کارەکانی یا بۆ ئەو مەبەستانەی لە یاساکەدا دەق نوسکراون.

ج - کرێچی کرێی حانووتی هێزە چەکدارەکان کە دەکەونە ناو سەربازگەو کۆگاو فەێرگەو نەخۆشخانە سەربازییەکان و هی دیکەو کرێچی حانووتەکانی لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ئەوانەی بارودۆخی تایبەتیان هەیە کە پێویست دەکات رەچاوی وردبینی بکرێت لە دەست نیشانکردنی کەسی کرێچیدا.

د-	خاوەنی ئەو موڵکانەی دەکەونە تەنیشت کەنارە ئاوییەکانی موڵکی دەوڵەت ئەگەر ئەو کەنارانەی دانراون بەکرێ بدرێن پێوەلکاوبن رێگەی هاتووچۆیان تەنها لەناو ئەو موڵکانەدا هەبێت.
ە-	کرێچی ئەو خانووبەرانەی تەرخانکراون بۆ بەرهەمهێنانی نان و سەموون لە دوای کۆتایهاتنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی یەکەمیان هەرچەندە پێشتر لە ئەنجامی زیادکردنی ئاشکراوە بەکرێدرابن بەو مەرجەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان دووبارە خەمڵاندنی لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پێکهێندراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ بکرێت.
و-	کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە پسپۆرن لە سیستەمەکانی گەیاندن ئەوانەی مۆڵەتی یاسایان وەرگرتوەو گرێبەستیان کردووە لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند بە مەبەستی دروستکردنی تاوەرەکانی پڕۆژەی مۆبایل و هۆڵەکانی پڕۆژەی مۆبایل و بێتەل و هۆڵەکانی بەکارهێنانی وێستگەکانی ڤیسات ئەوانەی بە بگۆرەکان دەبەسترێنەوە.
٢-	کرێچی ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن بە مەبەستی دامەزراندنی وێستگەکانی پشوودان و وێستگەکانی پڕکرلادنەوەی سوتەمەنی لەسەر رێگە دەرەکییەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان کە رێك سازییەکانی بەکرێدانی زەوی لەسەر رێگا دەرەکییەکان دەیان گرێتەوە رێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرای لەسەر جێبە جێ دەکرێت.
دووەم:
١-	وەزیری بازرگانی و پیشەسازی رێپێدراوە بە کرێدانی ئەو زەوییانەی نانەواخانەو ئاش و گەراج و شوێنەکانی چاکردنەوەی ئەو شوێنکارانەیان لەسەربینا کراوە بەو کەسانەی زیادکردنی ئاشکرای کرینی ئەو شوێن کارانەیان بۆ یەکلای دەبێتەوە.
٢-	ئەو زەوییانەی لە خاڵی یەکەم ئەم بڕگەیە باسکراون بە دەر لە رێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرا بە کرێ دەدرێن و بەرامبەری بە کرێدانەکەی پێش وەختە لەلایەن لیژنەی خەملاندنی پێکهێندراو بە پێی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت.
٣-	دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر داوای کرێچی دەتوانێت ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێ بوون نین و بە بێ زیادکردی ئاشکرا بە کرێ دراون درێژ بکاتەوە بەو مەرجەی بڕی بەرامبەری راستەقینەی ساڵانە جارێك بە پێی ئەو رێکارانەی لەم یاسایەدا دەق نوسکراون بخەملێندرێتەوە.
چوارەم:
١- دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر داوای کرێچی دەتوانێت ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانەی بۆ نیشتەجێبوون نین و بە زیادکردنی ئاشکرا بە کرێ دراون و ماوەی بەکرێدانی بنەڕەتیان لە (١٠) ساڵ کەمتر نییە بە مەرجێك درێژ بکاتەوە کە لە هیچ بارێکدا ماوەی گرێبەست بە هەردوو ماوەی بنەڕەتی و ماوەی درێژکراوەش پێکەوە (١٠) ساڵ تێنەپەڕێنێ.
٢- پێویستە ئەو کرێچییەی خواستی درێژکردنەوەی هەیە داواکارییەکی نووسراو بۆ درێژکردنەوە بەر لە سێ مانگ لە کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستی بە کرێدانی بنەرەتی پێشکەش بکات و بە پێچەوانەوە مافی داواکردنی درێژکردنەوەی نامێنێت.

٣- له كـاتى ڕەزامەندیـدان لە سـەر داواكـارى درێژكـردنەوە ئەوا سـەر بارێـك دەخرێتەسـەر بەرامـبەرى بە كرێـدانى نـاونراو لە گرێبەسـت بە ڕێـژەى دە لە سـەدى بەكرێـدان سـاڵى پـێش درێژكـردنەوەكە بەرامـبەر بە هەر سـاڵێك لە سـاڵەكانى درێژكـردنەوە بە پێـى هاوكێشـەیەكى ژمارەیى.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو نجات خان فەرموو.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەختـێ خۆشـى ئیشـارتم پێـدابوو هاوكێشـە ژمێریـارى نیـنە، یەعنـى بیـتە یەك بە دواى یەكـى ژمێریارى بەس لێرە سەهوایا هاتى.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئاشكرایە كە پڕۆژەى یاسـایى فرۆشـتن و بەكرێـدانى مایەكـانى دەوڵەت لە هەرێمـى كوردسـتان وەرگیرانـى هەمـان قـانوونى ( بیـع وتجـارة امـوال دولـة العراقیـة) لەم مـاددەیەدا كە لە بەشـى دووەم باس لە بەكرێدانى موڵك و ماڵە نەگوازراوەكـان دەكـا، مـن پێشـنیارى ئەوە دەكەم كە ئەو ڕاییەى كە لە پڕۆژە یاساى حكومەتەوە هاتووە جێگیر بكرێ لەنـاو ئەو یاسـایەدا، چـونكە بڵێـین ماددەكە پڕۆژە یاساى حكومەت چڕترو پوختتر دیارە، ئەوە تۆزێك تـێكەڵاوى پێـوە دیـارە، بـۆیە پێشنیارى ئەوە دەكەم كە لەو ماددەیە رائى حكومەت وەربگیرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەم مـاددەیەدا دیسـان بەراسـتى كۆمەڵێـك خـاڵ ئامـاژەى پێكـراوە كە دەسـەڵات دەدا، ئـێمە دەمانەوێت یاسایەك دەربكەین كە ئەو حاڵەتانەى پێشتر بە هەر ڕێگایەك ڕێگـاییەكى نەخـوازراو جێبەجێكراون لە موزایەدە بە دەربووینە ئەم ڕێگا لەم حاڵەتـانە بگیـرێ، بەڵام بەداخەوە لێـرە لە خاڵى جیم دیسان باس لەوە دەكا كە كرێچى حانووتەكان ئێستا كرێچى حانووتەكان بە موزایدە دەكرێ، ئەمە بۆ ئێستا یاسـایەك دەربكەیـن ئەوە دەسـەڵات بـدەین دەسـەڵاتى تایبەتمەنـد بە بـێ موزایدە حانووتەكان بە كرێبدا ئەمە یەك لە خاڵەكان، خـاڵى تـر هەر لەسـەر هەمـان مەبەسـت لە خاڵى (ە) ئاماژەى دەكات كە ئەوانەى كرێچى بن و ماوەكەیان كۆتایى پێ بێت جارێكى دیـكە بە بێ موزایدە بە لیژنەیەكى تایبەتمەند خەمڵانـدنى بـۆ بكـرێ و دیسـان جـارێكى دیـكە بـۆى درێـژ بكرێتەوە مـاوەكەى، جـا ئەوە دەسـەڵاتێكى تـرە دەیـدەین بەراسـتى و پێویسـت نیـیە لە یاسـادا ئاماژەى پێبكرێ و حەقە دواى تەواوبـوونى مـاوەكەى جـارێكى دیـكە بكـرێتەوە مـوزایەدەو زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زاهر فەرموو.

**بەرێز ظاهر محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر داوای کرێچی دەتوانێت ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێ بوون نین، بەراستی ووشەی خانووبەرە بکرێتە مولکەکان باشترە، لەبەر ئەوەی ئەگەرخانووبەرە بێ نیشتەجێبونە ئەوە یەکیان، ئەوەی تریشیان چوارەم دیسان دەسەڵاتی تایبەتمەند لەسەر داوای کرێچی دەتوانێ ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانە خانووبەرە دیسان لێرە هاتووە ئەویش بکرێتە مووڵکەکان باشترە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خانووبەرە لێرە بەمانای عەقارات هاتووە.

**بەرێز ظاهر محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عقارات مەبەستی نیشتەجێ بوون نین، ئەگەر خانووبەرە مەبەستی نیشتەجێبونە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان سەبارەت بەو تێبینیەی کاك زانا کە دەڵێ حانووتەکانی هێزە چەکدارەکان لە ئێستا بە موزایەدەیە بۆ حکومەت، دەیەوێ ئەمجارە بە موزایەدە نەبێ ئەگەر رونکردنەوەیەك بدەی بێ زەحمەت.

**بەرێز د.ڤالا فرید أبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە دیارە ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستا هاتووە زۆر زۆر توندترە لەو یاسایەی کە ئێستا بەرکارە لە هەرێمی کوردستان، بۆ زانینی بەرێزتان ئەوەی کە ئێستا بەرکارە لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ هەوڵ َدراوە لەو پرۆژە یاسایەدا بە باشترین شێوە کەلێنە یاسایەکانی ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستا بەرکارە پڕبکرێتەوە و هەوڵدراوە وەك یەك بوونێك لە حوکمەکان دەستەبەر بکات کە لە نێوان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی ئیتحادیدا هەیە و، هەروەها حوکمەکانی ئەم یاسایە بابەتی وەبەر هێنانی لەبەرچاو گرتووە بۆ یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە گرێبەستی بانەوانی رێکخراوە وەهەروەها هەوڵدراوە دەستەبەری دەست پاکی و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و بکرێ لە رێکارەکانی ئەو پرۆژە یاسایە بەو جۆرەی کە بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگیرێ بە مەبەستی پاراستنی سامانی گشتی گرنگترین بنەما سەرەکییەکانی ئەو پرۆژە یاسایەش بریتیە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی بەرامبەری فرۆشتن یان بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت راستەقینە بێت و رەمزی نەبێ، بەمەش دەبێتە هۆی مایەی بە هەدەر نەدانی سامانی گشتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دیارە ئەو بابەتانەی کە لە ناو ئەو پرۆژە یاسایەدا جێگیر کراوەو لەلایەن حکومەتەوە هاتووە هەمووی بە دیراسە بووە لە حکومەت، پێمان باش بوە بەو شێوەیە بێتن بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەی بەرێزتان کە بەرێز کاك زانا کردوویەتی بۆ تێبینی ئێمەش

لەسەر بڕگەی سێیەمی ئەو ماددەیە ئەوەیە کە لە لیژنە تایبەتمەندەکان خەمڵاندن هەموو ساڵێك جارێك داوای خەمڵاندنەوەیان کردووە ئێمە لە پرۆژەکەی حکومەت سێ ساڵ جارێك داوای نوێکردنەوەی خەمڵاندن دەکەین، بۆیە هیوادارین وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەو ماددەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت ماددەی دواتر بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) وەزیری دارایی و ئابوری لەسەر داوای فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن بە کرێ بداتە وڵاتانی بیانی بۆ دروستکردنی بارەگای نوێنەرایەتییە سیاسییەکانیان یان قونسولخانەکانیان یان بە مەبەستی دروستکردنی خانوی نیشتەجێ بوون لە سەریان یان نوسینگە بێ پاشکۆکانیان ئەویش ماوەیەك زیاتر نەبێت لە ماوەی بە کرێدانی ڕێگە پێدراو لە وڵاتی لایەنی بەرامبەر، ئەویش بە بەرامبەرێك لیژنەیەکی تایبەت خەمڵاندنی دەکات کە وەزیری دارایی پێکی دەهێنێت یان بە پێی بەرامبەر بە بێ بەرامبەر بە مەرجی بونی مامەڵی هاوشێوە لایەنی بەرامبەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مامەڵەی هاوشێوە دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتی دەکات، پێم وایە ئێمە هەرێمێکین لە ناو دەوڵەتدا من پێم وایە ئەو دەستەواژەیە لا ببەین کە بەرامبەر ئەویش بەرامبەر لیژنەیەکی خەمڵاندن کە وەزیری دارایی پێکی دەهێنێت یان بێ بەرامبەر ئەوی تری ئەو دەستەواژەیە لا ببەین، بۆ ئەوەی توشی هەم ئەوەك نەبین، چونکە هەم لە عورفی دەوڵەت نێو دەوڵەتی پێم وایە معامەلەی دەوڵەتان دەیکەن نەك هەرێمێك لە ناو دەوڵەتێکدا، پێم وایە ئەو دەستەواژەیە لاببەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٥) بخوێنەوە بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی چوارەم: فرۆشتن و بەکرێدانی مووڵك و ماڵە گوازراوەکان دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا.

بەشی یەکەم:

فرۆشتنی مووڵکوو ماڵە گوازراوەکان.

ماددەی ٢٥:

بەهای ئەو مووڵك و ماڵە گوازراوەی دانراوە بۆ فرۆشتن لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پێك هێندراوبێ بە پێی حوكمەكانی ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە بە بێ بەشداری كردنی نوێنەری فەرمانگەی تۆماركردنی خانووبەرە دەخەمڵێندرێ ئەو رێكارانەی دەگیرێنە بەر كە لە ماددەی (٩)ی ئەم یاسایەدا دەقنوسكراون بە رەچاوكردنی سروشتی مووڵك و ماڵی نەگوازراوە.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هەر بەرێزێك دەیەوێ قسە بكات لەسەر ماددەی (٢٥) با دەست بەرز بكاتەوە، كەس نییە ماددەی (٢٦) بخوێنەوە.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی فرۆشتن و بەكرێدانی پێكهێندراو بە پێی حوكمەكانی ماددەی (١٠)ی ئەو یاسایە فرۆشتنی مووڵك و ماڵە گوازراوەكە لە ئەستۆ دەگرێ بە پێی ئەو رێكارانەی خوارەوە.

یەكەم: رێكخستنی لیستێكی زیادكردن لەبەر رۆشنایی ئەو خەسلەتانەی مووڵك و ماڵە گوازراوەكە لە لایەن لیژنەی خەمڵاندنەوە لە كۆنووس چەسپێندراون.

دووەم:

١- خستنە ڕووی مووڵك و ماڵەكە بۆ فرۆشتن لە زیادكردنی ئاشكرادا بۆ ماوەكەی لە (٧) رۆژ كەمتر نەبێ و لە (٣٠) رۆژ زیاتر نەبێ رادەگەیەندرێ ماوەكە لە رێكەوتی ئەو رۆژەی دەكەوێتە دوای بڵاوكردنەوەی جاڕنامەكە بە هەمان رێكارەكانی دەق نوسكراو لەم یاسایە دەست پێ دەكات.

٢- پێویستە جاڕنامەكە گشت خەسڵەتەكانی ئەو مووڵكوو ماڵە گوازراوەی دانراوە بۆ فرۆشتن شوێن و رۆژوو رێكەوت و كاتی زیادكردنەكە مەرجەكانی بەژداریكردنی بڕی ئەو بارمتانەی پێویستە سپاردە بكرێن لە خۆ بگرێت.

سێیەم: لیستی زیادكردنەكە لە رێكەوتی ئەو رۆژەی دەكەوێتە دوای بڵاوكردنەوەی جاڕنامەكە كراوە دەبێت و پێویستە لەسەر ئەو كەسانەی خواستی بەژداریكردنیان هەیە سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەند بكەن بۆ خستنە رووی خواستی كرین بەو مەرجەی هەر یەكێكیان پێش بەژداری كردن لە زیادكردنەكە بارمتەیەك سپاردە بكات بڕەكەی (٢٠) لە سەدا بێت بەهای خەملێندراوی مولكوو ماڵەكەو كەمتر نەبێ.

چوارەم: لەو رۆژەی دیاری كراوە بۆ فۆرشتن لە كات و شوێنی دیاریكراو بانگەواز دەكرێ بۆ دیاریكردن بۆ زیادكردنەكەو بەو بەهایەی خەملێندراو بەو مەرجەی بانگەوازەكە وەسفكردنێكی تەواوی ئەو مولكو ماڵانەی خراونەتە روو بۆ فرۆشتن لە خۆ بگرێ.

پێنجەم: زیادكردنەكە بە ئاشكرای دەكرێ دواتر لیژنەی فرۆشتن بڕیار دەدات بە هەواڵەكردنی بۆ دواین كەسی زیادكار ئەو خستنە روەش لە پاش بەسەرچوونی پێنج خولەك بە كۆتایی زیادكردنەكە دابنرێت.

شەشەم:

١-	دەكرێ لەسەر بڕی بەرامبەری دواین زیاد كردن كە لە ماوەی پێنج ڕۆژ كار لە ڕێكەوتی هەواڵەكردن بە بڕێك كە كەمتر نەبێ لە (١٥) لە سەدا ئەو بڕەی بەرامبەری زیادكردنەكەی پێی گەیشتوە خستنە سەر لە لایەن كەسی ترەوە بكرێ.
٢-	داواكردنی خستنە سەرەكەش بە قبوڵكراو دادەناندرێت هەتا كەسی داواكار بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠) لە سەدی ئەو بڕەی بەرامبەری خستویەتییە ڕوو دانەنێت.
٣-	ئەگەر خستنە ڕوو هەبوو زیادكردنێكی نوێ بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوكردنەوەی جارنامەو بە هەمان میكانیزم یەكەم جار دەكرێتەوە دواتر هەواڵە دەكرێت و نابێت جارێكی تر خستنە سەر لەسەر كۆتا بڕی بەرامبەری زیادكردنەكە بكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ماددەی (٢٦) با دەست بەرز بكاتەوە، وادیارە كەس نییە فەرموو ماددەی (٢٧) بخوێنەوە كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە بیدایەتیش ئیشارەم پێدا بەراستی مووڵك و ماڵی گوازراوەو نەگوازراوە، یەعنی بابەتێكی بە تایبەتی گوازراوەكان لە ڕوی نقڵ بوونی موڵكیەكان لە ڕووی حیاجا لە ڕوی ئەو شتانە، بە ڕاستی پێم باشە پێناسەیەكی ماڵی گوازراوە بكەین، بۆ ئەوەی یاساكە ڕوون بێت ماڵی گوازراوەی دەوڵەت چ دەگرێتەوە ئایە؟سەنەداتی تیجاری دەگرێتەوە ئەوراق دەگرێتەوە یان هەر ئەو شتانەی كە پێویستە بە شێوەیەك بێت كە لە كاتی جێبەجێكردنی ئیشكال دروست نەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس موعەرفن ( اموالی مەنقولەو غیر منقولە)، بۆیە دەستكاری نەكراوەتەوە ماددەی (٢٧) بخوێنەوە بەڕێزان.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٧:

یەكەم: ئەگەر بڕی بەرامبەری فرۆشتنی موڵك و ماڵەكە لە ئەنجامی زیادكردنی ئاشكرا نەگەیشتە بەهای خەمڵێندراوە ئەوا زیادكردنەكە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ درێژ دەكرێتەوە لەو ڕۆژەوەش دەست پێ دەكا دەكەوێتە ڕۆژی دوای بڵاوكردنەوەی جاڕنامەكە.
دووەم: مووڵك و ماڵەكە لە زیادكردنی دووەم بەو نرخەی لە سەری دەوەستێت دەفرۆشرێت، ئەگەر لەو مانایە نەبێت دەكرێت لە پیشەسازی گۆڕین سودی لێ وەر بگیرێت.
سێیەم: ئەگەر لیژنەی فرۆشتن وای بینی ئەو نرخەی زیادكردنی دووەم لەسەری وەستاوە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر ناكا ئەوا زیادكردنەكە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژی دیكە درێژ دەكرێتەوە لەو ڕۆژەوەش دەست پێ دەكات كە دەكەوێتە ڕۆژی دوای بڵاوكردنەكەی جاڕنامەكەو موڵك و ماڵەكان لە زیادكردنی سێیەم بەو نرخە دەفرۆشرێت كە لەسەری دەوەستێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە تەبعەن لە ماددەی (٢٧) دا ئیشارەت بەوە دراوە کە لە ماوەی یەکەم فرۆشتن (١٥) ڕۆژ درێژ دەکرێتەوە لەو ڕۆژەش دەست پێ دەکات کە دەکەوێتە ڕۆژی دوایین بڵاوکراوەکەی جاڕنامەکەوە، بۆیە ئەم ڕۆژە کێ دەڵێ عوتڵە نییە، یەعنی هەر ئەگەر عوتڵە بوو، جومعە بوو، شەمە بوو یا ئەوە، بۆیە من پێم خۆشە ئیستسنائێك لەسەر ئەو بکرێت و ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ماددەیەك لە دوای ئەوەوە باس لەوە دەکات دەڵێ کە هەر ڕۆژێك عوتڵەبوو دەکەوێتە ڕۆژی دوای ئەوە، هەموو ئەو موددانەی کە لێرە هاتوون، سوپاس تێبینیەکەت دروستە ماددەی (٢٨) بخوێنەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٨:

یەکەم :

١- ئەگەر ئەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ یەکلایی بۆتەوە پاشگەز ببێتەوە ئامادە نەبێت لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ بەرامبەری فرۆشراوەکەو تەواوی خەرجییەکان بدا ئەوا مووڵك و ماڵەکە دەخرێتە بەردەم دوایین کەسی زیادکار ئەوەی پێش کەسی پاشگەز بۆوە و دەستی خۆی لە زیادکردنەکە کشاندۆتەوە بەو بڕی بەرامبەری خستبویەڕوو.

٢- ئەگەر دوایین کەس لەسەر هەڵگرتنەوەی مووڵك و ماڵەکەو پێشکەشکردنی بارمتە یاساییەکان بە ڕێژەی (٢٠) لەسەدی بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە کە ڕەزامەند بوو ئەوا کەسی پاشگەزبۆوە بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەر لە ئەستۆ دەگرێت و لە بارمتەکانی وەردەگرێت و ئەگەر بڕی بارمتەکان لە پابەندییەکانی کەمتر بوو ئەوا بە پێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزییە حوکمییەکانی بەرکار لە هەرێم لە مووڵکو ماڵەکەی دیکەی وەردەگیرێ.

دووەم:

١- ئەگەر دواهەمین کەسی بەشداربوو زیادکردنەکە کە پێش کەسی زیادبووەکە دەستی لە زیادکردن کشاوەتەوە هەڵگرتن و مووڵکو ماڵە نەگوازراوەکە ڕەت بکاتەوە ئەوا سەر لە نوێ زیادکردن بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە جاڕنامەکە ئەنجام دەدرێتەوە.

٢- لیستی فرۆشتنەکە لەو ماوەیەی لە بەندی یەکی ئەم بڕگەیەدا هاتووە کراوە دەبێت و بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن کەسی پاشگەزبۆوە جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەرەکەو خەرجییەکانی دووبارەکردنەوەی زیادکردنەکە لە ئەستۆ دەگرێت و لە بڕی بارمتەکەی وەردەگیرێت ئەگەر بڕی بارمتەکە کەمتربوو لە بڕی پابەندبوونەوەکانی پاشگەزبۆوە ئەوا بە پێی

حوكمەكانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوكمەكانی بەركار لە هەرێم لە مووڵكو ماڵەكانی دیكەی وەر دەگیرێت.

٣- ئەگەر كەسێك دەست كەوت خواستی كرینی مووڵك و ماڵە گوازراوەكەی هەبێ ئەوا ئەو بارمتەی كەسی پاشگەزبۆوە داویەتی دەبێتە داهاتێك بۆ خاوەنداری مووڵك و ماڵەكەو ئەگەر بڕەكەی لە خەرجییەكانی هەردوو زیادكردنەكەی كەمتربێ ئەوا كەسی پاشگەزبۆوە جیاوازییەكە لە ئەستۆ دەگرێت و بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حكومییەكانی بەركار لە هەرێم لە موڵكو ماڵەكانی دیكەی وەر دەگیرێتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان لەسەر ماددەی (٢٨) كێ قسەی هەیە، كەس نییە ماددەی (٢٩) بخوێنەوە.

**بەرێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٩:

دەكرێ مووڵك و ماڵە گوازراوەكانی دەوڵەت بفرۆشرێن و بەكرێ بدرێن بەبێ بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامە خۆجێیەكان و بە بێ زیادكردنی ئاشكراو بەهای خەملێندراو بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە یەكێ لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- ئەگەر فرۆشتن یا بەكرێدانەكە بۆ فەرمانگەكانی دەوڵەت و كەرتی گشتی بێ.

٢- ئەگەر ئەو مووڵك و ماڵانەی دەویسترێن بفرۆشرێن تێكچوونیان خێرابێ یان بەهایان بەرەو كەمبونەوە بچێ.

٣- ئەگەر كۆی گشتی بەهای خەملێندراو بۆ ئەو موڵك و ماڵانەی دەویسترێن بفرۆشرێن لە هەر حاڵەتێك لە (٥٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت.

٤- ئەگەر خەرجییەكانی پارێزگاری لێكردن چاكردنەوەی ئەو موڵك و ماڵانەی دەویسترێن بفرۆشرێن زۆر گران بێ بە بەراورد بە بەهاكەی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (٢٩)، كەس نییە ماددەی (٣٠) بخوێنەوە.

**بەرێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٣٠:

هەردوو لیژنەی خەملاندن و لیژنەی فرۆشتن و بەكرێدانی پێكهێندراو بە پێی حوكمەكانی هەردوو ماددەی (٨ و١٠)ی ئەم یاسایە بێجگە لە نوێنەری فەرمانگەی تۆماركردنی خانووبەرە خەملاندنی بەهای مووڵك و ماڵی گواستراوە فرۆشتنی بە بێ زیادكردن ئاشكرا لە ئەستۆ دەگرن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، كەس نییە فەرمووو ماددەی (٣١) بخوێنەوە.

**بەرێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ۳۱:

١- رادەستکردنی مووڵك و ماڵی فرۆشراو لە دوای دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتن و خەرجییەکان دەبێت و فرۆشتنەکە بە بنبڕ دادەنرێت و کریار پابەند دەبێت بە گواستنەوەی لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رێکەوتی حواڵەکردنی بنبڕاوەو دەسەڵاتی تایبەتمەند بەرپرسیاریەتی لە ناوچوونیان ئەو زیانانە لە ئەستۆ ناگرێ کە لە دوای ئەو ماوەیەی دووجاری مووڵك و ماڵەکە ببێت.

٢- دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت ماوەیەك لەسەر راوەستان بداتە کڕیار کە لە (٣٠) رۆژ زیاتر نەبێت بۆ گواستنەوەی مووڵك و ماڵەکە، ئەگەر بە پێویستی بزانێت یان پاساوێکی هەبێت و کڕیار کرێی لە کۆگا دانانی ماوەی لەسەر راوەستانەکە لە ئەستۆ دەگرێ.

٣- لە حاڵەتی نەگواستنەوەی مووڵك و ماڵە گواستراوەکان لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو یان ماوەی لەسەر راوەستانەکە ئەوە کرێ لە کۆگا دانانی لێ وەردەگرێت و بە رێژەی صفر پۆینت پێنج لە سەدا بڕی بەرامبەری فرۆشتنەکە لە بڕی بەهای هەر رۆژێك بۆ ماوەیەك (٣٠) رۆژو ئەگەر ئەو ماوەیە کۆتایی هات و کریار مووڵك و ماڵەکەی نەگواستەوە ئەوا فەرمانگە دەتوانێت بۆ دووبارە فرۆشتنەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە جاڕ بداتەوە.

٤- ئەگەر بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە لە زیادکردنی دووەمدا لەو بڕی بەرامبەری کڕیاری یەکەم داویەتی کەمتر بێ ئەوا جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەرامبەرەکە کرێ لە کۆگا دانان لە ئەستۆی کڕیاری یەکەم بێت لە بڕی پارە وەردەگیرێت کە پێشتر داوییەتی و، ئەگەر بڕەکەی لە پابەندییەکانی کەمتر بوو ئەوا بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم لە مووڵك و ماڵەکانی دیکەی وەردەگیرێت.

٥- ئەگەر کەسێك نەبوو خواستی کڕینی هەبێت ئەوا دەکرێت لە یەکێك لە کۆگاکان سپاردە بکرێت بەو مەرجەی تێچووەکانی گواستنەوە و سپاردن لە ئەستۆی کەسێکی کڕیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، نجاه خان فەرموو.

**بەرێز نجاه شعبان عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە زمانێ هاریکاریدا نینە صفر پۆین پێنج دەبێژی نیڤ سەدێ پێنج دەهێ، یەعنی نیڤ صفر پۆین پێنج پیجەك نەشیرنە زمانێ هاریکاریدا.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ماددەی (٣٢) بخوێنەوە.

**بەرێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم بە کرێدانی مووڵکوو ماڵە گوازراوەکان:

ماددەی ٣٢:
یەکەم: دەکرێت مووڵکوو ماڵە گوازراوەکان دەوڵەت لە کاتی پێویستی بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەکرێ بدرێن.
دووەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ بە بێ جاڕدان و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا مووڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت بە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە هەرێم بەکرێ بدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ قسەی لەسەر ماددەی (٣٢) هەیە، فەرمووو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ بە بێ جاڕدان و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا مووڵك و ماڵە گوازراوەکان هەر شتێك بە ئاشکرا نەبێت، با وشەی ئەوە لا بدرێت، چونکە هەر مووڵك و ماڵێك چ بەکرێ بدرێ چ بفرۆشرێت دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆی نەبێت بە بێ ئاشکرا بفرۆشرێتن یان بەکرێی بدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەوە بە فەرمانگەیەکی تری دەوڵەتی ئەدا، یەعنی بۆ؟ مەسەلەن دائیرەییەك بە دائیرەییەکی تری دەدات بە کرێ، سوپاس ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە ماددەی (٣٣).

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

دەروازەی پێنجەم حوکمە کۆتاییەکان:
ماددەی ٣٣: ئەگەر ئەو وادانەی بە پێی ئەم یاسایە دیاری کراون لە ڕۆژێکی پشووی فەرمیدا کۆتایی بێت ئەوا درێژ دەکرێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە کارکردنی فەرمی کە دەکەوێتە دوای پشووەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئەوەیە کە کاك عوسمان داوات کردبوو بۆ هەموو ئەو مودده زەمەنییانەی کە لە ناو ئەو ماددەیەدا لە ناو ئەو قانوونەدا هاتووە ئەوە موعالەجەکەیەتی، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە کەس نییەتی، ماددەی دواتر بخوێنەوە.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٣٤: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لە کاتی پێویست بڕیار بدات بە فرۆشتنی مووڵك و ماڵە گوازراوەو نەگوازراوەکانی دەوڵەت یان بە کرێدانیان بەدەر لەم کارانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە ڕۆژان خان،کاك بەڵێن، کاك یاسین، سلما خان، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
**بە ناوی خوای گەورەو مهرەبان.**
سەبارەت بە ماددەی (٣٤) لەبەر نەبوونی دەستەواژەی پێناسەیەك بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانیش بە تایبەتی و لەبەر داد پەروەری گرنگی ئەم یاسایە، ئەگەر سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران من پێم باشە پێشنیار دەكەم بكرێ بە ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لە كاتی پێویست بڕیار بدەین بە فرۆشتنی مووڵك و ماڵە گوازراوە و نەگوازراوەكان دەوڵەت یا بەكرێدانیان لەو ڕێكارانەی لەم یاسایەدا دەقی لەسەر كراوە، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، كاك یاسین فەرموو.
**بەڕێز یاسين خضرطە:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ڕۆژان خان قسەكەی منی كرد پشتگیری قسەكەی وی دەكەم، لەبەر ئەوەی شەرت نییە هەر ئەوڕۆ ئەو سەرۆك وەزیرانە باش بێ، لەوانەیە سەرۆك وەزیرانێك دروست بێ هەموو كورد بفرۆشێ، جا بۆیە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بێ باشترە نەك تەنها سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق /سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان :**
سوپاس، كاك سەروان فەرموو.
**بەڕێز سروان محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
قسەكانی منیش كرا هەمان ڕام هەبوو پشتگیری ئەوان دەكەم.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، سەلما خان فەرموو.
**بەڕێز سلمە فاتح توفيق:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەمە یەكێكە لە ماددە گرنگەكان، بەڵام ڕێگە دەدات لە هەموو كارەكان بەدەر لە حوكمە یاساكانی لەو ڕێكارانەی لێرە هەیە، بۆیە پێم وایە دەسەڵاتێكی زۆر زۆر زیاترە كە پێیان دەدرێ ئەگەر ماددەكە نەبێ باشترە، بەڵام لە كاتی مانی ماددەكە منیش هەمان ڕام هەیە ئەنجومەنی وەزیران، چونكە هەر سەرۆكایەتیش نییە لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران گونجاوترەو، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە یەکێك بوو لەو ماددە گرنگانەی کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی ئەم یاسایە یەکێك لەو ماددانە وەسفکرا کە حیکمەتی گرنگی یاساکە بەڕاستی بەتاڵ دەکاتەوە، ئەگەر بەو شێوازە بڕوا تکا دەکەم هەموومان بە مەسئولییەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ماددەیە بکەین، بێجگە لەو تێبینیانەی کە رۆژان خان باسی کرد کە لەوەی هیچ شتێك نییە ناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێ و ئەم دەسەڵاتە لە کاتی پێویستدا، ئەوەی کە لێرەیە ئیشارەتی پێدراوە بدرێ بە ئەنجومەنی وەزیران تەواو، پشتیوانی تەواوی ئەو هاورێیانە دەکەم کە قسەیان کرد لەسەر ئەم ماددەیە و ئەو ماددەیە بەراستی دەبێ بە هەستکردن بە مەسئولییەتێکی گەورە لێی بڕوانین بەو شێوازە تێنەپەڕێ بۆوەی حیکمەتی یاساکەی گرنگی یاساکە لە دەست نەدەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە منیش پێشتر هەمان رەئیم هەبوو، ئێستاش لێرە ددوبارەی دەکەمەوە خۆ ئەنجومەنی وەزیران لە هەموو حالەتێکدا دەتوانێ لە هەر شوێنێکی پێویست و لە هەر وەزارەتێك بێ هەمان وەزارەت ئاراستە بکات بۆ ئەم کارە ئەنجام بدەن و هەر ڕێگا قانونەکەش بگرێ، بەڵام لێرە کە بەم ماددەیە هەموو ئەو ماددانەی پێشخۆی باطل دەکاتەوە بۆ وەی کە بەراستی لە کاتی پێویست دەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدا ئەنجومەنی وەزیران پێم وایە ئەو ماددەیە هەر هەڵ بگیرێ باشترە هەر لە ناو یاسایەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددەیە وەختی خۆشی لیژنا تایبەتمەند زۆر مناقەشەی لەسەر کرد و پێویستە یەکێك هەبیتن بشێتن بڕیارەك بداتن کە هەموو بڕیارێ قرارات دەتوانێ خوارەوە هاتینە، لەبەر هەندێ زۆر زەرەرە کە وەکی خۆی بیتن و پێشنیاردەکەین وەکی خۆ بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٣٥:

١-	كرێی خزمەت گوزاری بە رێژەی ٢% بەرامبەرەکانی فرۆشتن لە سەدی بەرامبەرەکانی فرۆشتن یان بە کرێدانی ئەو موولْك و ماڵانەی حوکمەکانی ئەم یاسایانە دەیانگرێتەوە لە کڕیار یان لە کرێجی وەردەگیرێ.

٢-	ئەو بڕە پارانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە گشت ئەو خەرجییانەی پێویست بوو ئامادەکردنی موولْك و ماڵەکان بۆ فرۆشتن یان بەو کرێدانی دەبڕدرێت لە نێوانیشیاندا کرێی راگەیاندن و بانگەوازەکان و کرێی لیژنەکانی دەرخستەکردن و ئەرکەش وخەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدان.

٣-	کرێیەك دەبەخشرێتە ئەندامانی هەردوو ئەندامانی لیژنەی دەرخستەکردن و کەشف و گەیاندن و فرۆشتن و یان بەکرێدانی موولْك و ماڵە گوازراوەکان و نەگوازراوەکانی دەوڵەت بە بڕی (١٠) هەزار دینار بۆ هەر یەکێك و (٥) هەزار دینار بۆ هەر یەکێك لە فەرمانبەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەو نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەگەر خانووبەرەکە هی وەزارەتی دارایی نەبێ و بۆ کەسی شارەزاو سکرتێری لیژنەو ئەمینداری سندوق و شۆفێرە هاوەڵەکانی لیژنە بەرامبەر بە هەر کۆنوسێکی خەملاندنی پەسەندکراو لە لیژنە رێك دەخات، یان لیستێکی زیادکردن لە لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان، کۆی گشتی ئەو کرێیانەی دەبەخشرێتە هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە لەم بڕگەیە دەقیان لەسەر کراوە مانگانە نابێت لە چوارسەد هەزار دینار زیاتر بێت و بۆ هەر هاوەڵێکیش مانگانە نابێت لە دووسەد هەزار دینار زیاتر بێت.

٤-	ئەو بانگەوازکارەی هەڵدەستێت بەبانگەوازکرن بەمەبەستی فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك وماڵە گوازراوە یان نەگوازراوەکانی دەوڵەت، کرێی بانگەوازکردنی پێ دەبەخشرێت، بەبڕی پێنج هەزار دینار لەبڕی هەر حاڵەتێکی فرۆشتن یان بەکرێدان و بەو مەرجەی مانگانە لە سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت.

٥-	ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ ئەم کرێیانە لە هەردوو بڕگەی سێیەم و چوارەم ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە هەرکاتێك پێویست بێت هەموار بکات.

٦-	لە دوای لێبڕینی ئەو کرێ و خەرجییانەی لە بڕگەی دووەم و سێیەم و چوارەمی ئەو ماددەیە دا پۆستکراوەو، گشت ئەو کرێ و خەرجییانە لە حاڵەتی پاشگەزبوونەوە لە بوونی کەسێکی تر کە خواستی کڕینی هەبێت وەردەگیرێت، ئەو بڕەی دەمێنێتەوە لە بڕی خزمەتگوزاری دەبێتە بەشێك لە داهات و بۆ خەزێنەی گشتی تۆمار دەکرێت.دووەم/ لەو رێژەی کە لەحاڵەتی یەکەمی ئەو بڕگەیەدا باسکراوە کرێی بڵاو کردنەوەو ڕاگەیاندن و حاڵەتەکان وەردەگیرێت، کە تیایدا فرۆشتن یان بەکرێدان ناکرێت لەبەر نەبوونی کەسێك کە خواستی کڕین یان بەکرێ گرتنی هەبێت.

٧-	حوکمەکانی ئەو ماددەیە بەسەر لیژنەکانی خەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدان و موڵك و ماڵە گوازراوەو نە گوازراوەکان ئەوانەی لە وەزارەتی ئاوقاف و کاروباری ئاینی پێکدێن هەروەها بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی هاوەڵی ئەو لیژنانەش دەکەن پیادە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات، کاك سروان، ئاشنا خان، د. محی الدین،

د.گەلاوێژ، دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە لەو ماددەیە لە یەکەم نووسراوەدا ٢% خزمەتگوزارییەکان وەردەگیرێت، من پێم باشە بەپێی جۆری مۆڵەکە بێت، چونکە لە ماددەکانی پێشووتر نووسراوە مەسەلەن ئەو جارڕدانە ناکرێتن بۆ ئەو مۆڵکانەی کە لە ملیۆنەك کەمتر خەمڵاندنیان بۆ دەکرێت، بۆیە لێرە نا ڕوونییەك دەردەکەویت، چونکە لە بڕگەی (دووەم) دا دەڵێت بانگەوازو بەکرێدان ئەوانە هەموو لەو کرێیە دەبڕدرێن، بۆیە پێویستە بڵێین بەپێی جۆری مۆڵکەکە، کە جارڕدانی بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕای خوشکی بەڕێزم دکتۆرە گەلاوێژم، بەپێی جۆری مۆڵکەکە بێت لەوە هاوڕام، بەنسبەت بڕگەی (سێیەم) کرێیەك دەبەخشرێتە ئەندامانی هەردوو لیژنەی دەرخستە کردن کەشف خەملاندن فرۆشتن یان بەکرێدانی مولك و ماڵ، قەسد لەوە دانی دە هەزارو پێنج هەزارە بۆ لیژنەکەو بۆ فەرمانبەرەکە یانی ئەوەی کە مۆڵکەکە دەفرۆشێت یان ئەوەی کە لێژنەیەك بەشدار بوونە، ئەی ئەوان فەرمانبەری حکومەت نین یان ئەو بڕە پارەیە بۆ ببەخشرێت بەوان، ئەوان فەرمانبەری حکومین و مووچەی تایبەت بەخۆیان هەیە یان ئەوە کاری ئەوانە، لابردنی ئەو دە هەزارو پێنج هەزار دینارە مەسەلەن شتێکی پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز/ ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٣٥) بڕگەی(سێیەم) لەسەر ئەوەی کە ئەو وشەیە کە ئەڵێ کرێ ببەخشرێتە ئەندامانی هەردوو لیژنەی دەرخستە کردن کەشف و خەمڵاندن، من پێموایە ئەو کرێیە لە جێی خۆیا نییە بکرێ بە پاداشت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان تێبینیم هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تۆکمە ئەوانەی بەتایبەتی بڕگەی (سێیەم) دانانی ئەوە پاداشتە یاخود کرێیە بۆ ئەندامانی لیژنەکەی خەمڵاندن، یاخود ئەوانەی ترن، پێم وایە ئەرکی فەرمانبەرانی دەوڵەتە لە بەرامبەر ئەوەی کە ئیشێك بەڕێ دەکەن لەبۆ دەوڵەت، ئەگەر ئێستا مووچە نییە، بەڵام خۆ جاران مووچە هەبوو، پێم وایە ئەو کرێیە یان ئەو پاداشتە لاببرێت بێ جیاوازی، تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە شارەزان پشتیان پێدەبەسترێت بۆ خەمڵاندن وە

لەگەر ئەوانەی کە بانگەواز دەکەن لە بۆ فرۆشتنی یاخود زیادکردنی ئەو موڵك وماڵە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەنجومەنی وەزیـران دەتوانێـت ئەو کـرێیە لە هەردوو بـڕگەی (سـێیەم و چـوارەم)ی ئەم ماددەیە دەقیـان لەسـەر کـراوە هەرکاتێـك پێویسـت بکـات هەمـواری بکـات، ئـێمە یاسـایەك دادەڕێژین کە ئەو یاسایە دەبێت پەرلەمان هەمواری بکاتەوە، پێموایە لە دەسەڵاتی ئەنجـومەنی وەزیران نیـیە بـێ کرێیەکـان یـاخود بـڕگەیەك لە بڕگەکـانی مـاددەکە یـان ئەو مـاددەیە هەمـوار بکـاتەوە، بـۆیە پێویسـتە لە حـاڵەتی پێویسـت کـردن لە هەمـوار کـردنەکە پێویسـتە لە ڕێگـای پەرلەمانەوە ئەو بڕگەیە هەموار بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەندییەکان پرسیارێکم هەیە، بڕگەیەکتـان ئیـزافە کـردووە بـۆ مـاددەی (١١) بـڕگەی (دووەم)، لەمـاددەی (١١) هـیچ فەرمانبەرێـك نابێـت لەسـاڵێکا زیـاتر لە دووجـار بەشداربێت لە سـەرۆکایەتی یـان ئەنـدامێتی لیژنەکـانی خەمڵانـدن و فرۆشـتن یـان بەکـرێ دان وانییە، بەڵام لە پاداشتەکە بڕگەی (سێیەمی) ئەم ماددەیە هاتووە ئەڵێ ئیعتیادیە لە مانگێکـا بـۆ ئەندامەکان چوارسەد هەزار و بۆ هاوەڵەکان دووسەد هەزار، ئـێ ئەگەر کەسێك بـۆی هەبێـت لە ساڵێکا تەنها دووجار ئەندامی لیژنە بێت لە تەفسیرەکەشا وتووتانە بۆ ئەندامەکان دە هەزار و بۆ هاوەڵەکان پێنج هەزار، ئیتر چۆن دەگاتە ئەو مەبلەغانە، یان ئەبـێ ئەو بـڕگەیە لابەن یـان ئەبـێ بڕگەی (سێیەم) لابەن، ئەو تەفسیرەی تیایە سوڵتەی تەقدیری بدەنە دەسەڵاتی جـێ بەجێکـردن خۆی پاداشتیان کات یان ئەبێ ئەو بڕگەیە لابەن، چـونکە قەت ناگاتە ئەو مەبـلەغە ئیتـر بـۆچی ئەسڵەن دامان ناوە، یان ئەبێ زیادەکە لاببرێت سوڵتەی تەقـدیری بـدرێ بە دەسـەڵاتی جێبەجـێ کردن خۆی پاداشتێك بدا ئەم تەفسیرەی لە بڕگەی (سێیەم) هەیە لاببرێت یان ئەبێت ئەوەی تـر، ئەبێت شتێك بکەن کە لە ڕووی ڕەقەمـیـیەوە خەلەلێکـی زۆر گەورەیە، بەڵـێ فەرمـوو دەرفەتـت دەدەم، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی (٣٥) هەمـووی ئەحکـامی مەوزوعـین مـوتەعەلیقن بە مەوزوعـیەن، متەعەلـیقن بە ماددەکـانی فەصـلەکانی پێشـتر، بەهـیچ شـێوەیەك لە زمنـی ئەحکـامی خیتـامی دا نیـیە ئەو ماددەیە، یەعنی ماددەی خیتامی دائـیمەن ئەحکـامە کۆتاییەکـان و مـاددەیەکن کە زۆر دووبـارە دەبنەوە لە یاساکانیان، چەند ماددەیەکن کە دەمانەوێ ئستیسنا بخەینە سەر یاساکان، بەس لێرە ماددەی (٣٥) یەعنی هەمووی ئەحکامی مەوزوعین، بۆیە هیـوادارم وەکـو پـڕۆژەکەی حکـومەت ئەو ماددانە بچنەوە جێی خۆیان بە ئەحکامی خیتامی حیساب ناکرێن، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: ئەگەر ئینجـازە بفەرمـووی مـاددەی (٢٤) لەبەر ئەوەی ڕای خۆمـان نەدایە یـان دەرفەت نەبوو، ئەوەلەن ئـێمە کە پڕۆژەکەمـان نـاردووە گتوومـانە سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆی هەبێت ئەگەر زەڕووره موڵك و ماڵی دەوڵەت بەبێ موزایەدە بفرۆشێتن، لەپەرلەمانی کوردستان تەعـدیل کـراوەتە سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران، سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـرانیش وازحە کە سـەرۆك و جێگـرە، وە تەقییـد کـراون کە ئەگەر زەڕووره زۆرجـار دەوڵەت دەکەوێـتە حاڵەتی ئیعلانی حاڵەتی تەوارح، وە میزانییەی دەوڵەت پێویسـتی بە پڕکـردنەوەیە، ناچـارین نە

پەرلەمـان دەتـوانێ کـۆببێتەوە نە ئەنجـومەنی وەزیـران دەتـوانێ، ناچـارین کە سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار بدات لەو بابەتە یان سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران بڕیـار بـدات لەو بـابەتە، بـۆیە ئـێمە وەکـو حکـومەت زۆر بەگرینگـی دەزانـین کە ئەو مـاددەیە وەکـو خـۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان، مـاددەی (٣٥) دەتـوانین ئـێمە دەروازەکە بگـۆڕین بکەینە حوکمە گشتی و کۆتاییەکان، لیژنەکانی پەرلەمان ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کرد لەگەڵیان بـۆچی هێناویـانەتە ئەوێ، لەبەر ئەوەی لە مـاددەکە لە بیـدایەتەکەی یەکەم ئەڵـێ بەڕێزتـان لە مـاددەی (١١) داتاننـابوو کە پەیوەسـتە بە فرۆشـتنی مـادە، بەفرۆشـتنی بەکرێـدانی مـادە نەگوازراوەکان، بەڵام لە یەکەمی ماددەکەیا ئەڵێ، کرێی خزمەتگوزاری بەو بڕە لە بەرامبەرەکانی فرۆشـتن و بەکرێـدانی ئەو موڵـك و مـاڵانەی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە ئەیـانگرێتەوە، یەعنـی فرۆشـتن و بەکرێـدان و گـوازراوەو نە گـوازراوە لەبەر ئەوە دەتـوانین نـاوی دەروازەکە بگـۆڕین، بەڵام ناتوانین لەوێ کە باسی فرۆشتنی ماڵ و موڵکی گوازراوە نەگوازراوە دەکات ئەمە دابنێـین کە ئەڵـێ یـان لەجێـی ئەو دەروازە دایبنێـین کە ئەڵـێ هەمـوو ئەوانەی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە دەیـانگرێتەوە ئەوە تەبیـبە قـابیلە بـۆ چارەسـەر وە سـوپاس، بەڵام سـەبارەت بەو تەفسـیرەی لەبـڕگەی (سـێیەم)دا هەیە، بەڕێزتـان ڕەییەکتـان هەیە شـتێکی جیاوازتـان هەیە هەر ئەتـانەوێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

ئێمە تەکید لەسەر پڕۆژەکەی حکومەت دەکەین...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەی ئەو ئیزافەیەی کە کراوە تضاربی دەبێت لەگەڵ ئەمەیا...

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

ئەگەر تضارب هەبێـت هەڵبگیرێـت، بەڵام ئایـا ئەو تضـاربە کاتێـك کە ڕاپـۆرتی لیـژنە نووسـراوە، یانیش لە پڕۆژەی حکومەت دا هەیە ئەوە بابەتێکی کەیە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕاپۆرتی لیژنە ئیزافە کراوە...

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

لە ڕاپـۆرتی لیـژنە ئیـزافە کـراوە ئـێمە داواکـارین وەکـو پـڕۆژەی حکـومەت دابڕێـژرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز/عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددی (٣٦) ئەو پـڕۆژانەی ملکەچـن بـۆ حوکمەکـانی یاسـای وەبەرهێنـان بەکـار لە هەرێمـی کوردستان بەدەر دەکەوێت لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، فەرموو كاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضرطه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێمان بگەیەنە مەخسەدی چییە؟ ئەگەر مەخسەدی ئەوە بێت وەبەرهێنان بەدەر بكرێت لەو یاسایەی ئێ ئەو كوردستانە هەمووی بەناوی وەبەرهێنان تاڵانكرا، ئاخر چۆن دەبێت حكومەت بێت بەناوی وەبەرهێنان پارچە زەوییەك دەداتە كابرای مەتری بە پێنج هەزاری، كابرا وەبەرهێنانی لێدەكات تا دەیفرۆشێتەوە مەتری بە پێنج سەد دۆلاری، یەعنی ئەو وڵاتە كە وێران بووە، وەبەرهێنان وێرانی كردووە، یەعنی ئەگەر ئەو وەبەرهێنان بەدەر بێت یەعنی هیچ ئێمە ئەو یاسایەمان بۆ چییە، بۆیە دەمەوێت ڕوونتر بنوسرێتەوە یان ئەوەشی بخرێت كە گەرەكە وەبەر هێنانیش بگرێتەوە، ئێستا بۆ نموونە لە ڕانییە بەناوی ئیستیسمار من یەك شتت پێبڵێم خانووی قایمقامی ڕانییە مەتری بە پێنج دینار فرۆشراوە پێنج دیناری قەدیم، كابرا ئیستا هەڵساوە بەبەر جادەی كەوتووە مەتری بە دووانزە ملیۆن بەحكومەتی فرۆشتۆتەوە، یەعنی چۆن دەبێت شتی وا، جا بۆیە ڕوونكردنەوەی تەواومان دەنێ بزانین چۆنەو چۆن نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەكەم ماددە لە پڕۆژەكەی حكومەت وا هاتووە، دووەم بیانووی ئەمە ئەوەیە كە وەبەرهێنان خاوەنی یاسایەكی خۆیەتی، ئەوەی كە كاك یاسین باسی كرد یەكەم زەوییەكە كە ئەفرۆشێتەوە بۆ وەبەرهێنەر ئەگەر زەوییەكە بفرۆشێتەوە نا قانوونییە، ئێ خۆ ئەوە لە چوارچێوەی قانوونەكانە، قانوونەكان ڕێگەیان گرتووە، بۆیە ئەمەش هەر قانوونە وەكو قانوونی پێشوو، ئەگەر ئەوە ڕێگای گرتبێت ئەمیش ڕێگای لێدەگرێتەوە هەمان شتە ئەگەر بفرۆشرێت ئەفرۆشرێت، دووەم: ئەو نموونەی كە جەنابی باسیكرد مەوزوعی خانووی قایمقام و ئەو شتانە ئەوە وەبەرهێنان نییە ئەوە پێشتر فرۆشراوە ئەم قانوونە، بۆیە دەرئەكەین بۆ ئەو موڵك و ماڵی گشتییە بەو شێوەیە نەفرۆشرێت، كە لەڕابردووا فرۆشراوە، لەبەر ئەوە ئیستاش هەموو ئەزانین ئیستا لە سەرو بەندی ئەوەیاین یاسای وەبەرهێنان ئێستا ئەویش پیاچوونەوە بكرێت و هەموار بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز/عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٣٧):

یەکەم: ڕاگرتنی کارکردن بەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦)ی هەموارکراو لە هەرێم.
دووەم: ڕاگرتنی کارکردن بەو بڕیارانە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵوەشاوە کە لە خوارەوە دێت ژمارە (٤٠٠) لە ١٩٨٧/٦/٧ ژمارە (٥٢٢) لە ١٩٨٧/٧/٢١ژمارە (٨٣٢) لە ١٩٨٧/١٠/٢٨ ژمارە (٥٥٧) لە١٩٨٨/٥/٢٥ ژمارە (٦٨١) لە١٩٨٨/٨/٢ژمارە (٦٢) لە١٩٩٠/٢/٤.
سێیەم: ئەو ڕێنمایانە بەپێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی١٩٨٦دەرچووە ناکۆك نین لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە تاوەکو دەرچوواندنی جێگایان دەگرێتەوە، یان هەڵیان دەوەشێنێتەوە بە بەرکار دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نەجات خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەح کەینە مادده (٣٧) بڕگا یەکەم، تقیا دیڤ هەمی سەنەدێت دستوری بێت هاتییە حکومەتێ بێ گوتی ڕاگرتن کارکردن بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت ژمارە (٣٢) ساڵا (١٩٨٦) هەموار کراو لە هەرێم، لێرە تقیا شتی بێت دی بیت بێ حکومەتێ یەعنی ماددا (٢٩) ناهێتە گۆهرین، یەعنی شتی ڤێ بیتن، ل ڤێرێ گوهۆڕینەکا تێدا کری...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر گۆڕینەکە چییە؟

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

بەلێ گۆهرین ل ڤێرێ بێ گۆتی هەموار کراو لە هەرێم، ب دیتنا من، یەعنی ئەڤ یاسایە نەهاتیە هەموار کرن د ئەڤا (٣٢) یا ساڵا (١٩٨٦) کوردستانێ..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە یعنی ڕاگرتنەکەی لە هەرێم ڕابگیرێت، چونکە لە عێراق ئەسڵەن وجودی نەماوە.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

ئەزانم بەس هەموار کرین نینە لە هەرێمێ یعنی ئەف یاسایە دیتنا من نە هەموار کریە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە نجاة خان خۆی ناوی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) مەعەدەل هەموار کراوە، لە کوێ ڕابگیرێت لە هەرێم، چونکە لە عێراق کاری پێناکرێت ئێستا، خۆی کاری پێناکرێت ئێستا.

**بەڕێز نجاه شعبان عبدالله:**

ئەزانم بس لە کوردستانێ نە هەموار کریە ئەڤ یاسایە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر خۆ نەوتراوە لە هەرێم هەموار کراوەو، واناگەیەنێت، یعنی ڕاگرتنەکە لە هەرێمە ئەتوانین ئیعادەی سیاغە بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٨): ئەو ڕێکاریی و بڕیارانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن ڕاستەوخۆ بۆ دیوانی چاودێری دارایی دەنێردرێن و ملکەچی چاودێری وردبینی دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس تەنها ئیزافەك ڕاستەوخۆ بۆ دیوانێ چاودێری دارایی و دەست پاکی بێتە ڕەوانە کرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەگەر هیچ گەندەڵییەك ڕوونەدا بۆ بچێتە دەست پاکی، ئەوان قانوونی خۆیانیان هەیە ئەگەر شتێك ڕوویدا شەکوا هەبێت، ئینجا دەچێتە لایان، ئێستا ئێمە بەقانوون دێین ئەرکێکی تریان پێ ئەسپێرین کە لە ئەسڵا ئەرکی ئەوان نییە، بەس چاودێری دارایی نا بۆی هەیە وردبینی بکات.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس داکو دەست پاکی ڤی چونەك بکەت، ئایا ئەڤ حەقدە هەموو تشت دروستە هاتیە چێ کرن یان نە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئیشی چاودێری داراییە، هەرچەندە لە ڕووی عەمەلیشەوە ناکرێ هەر هەمووی بڕوا، بەڵام ئەوە لیژنەکان دایان ناوە، بۆیە بەم شێوەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٣٩) بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، ماددەی(٤٠) کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە كە بوونی دەستەواژەی ئاوا، ئەگەر دەقێكی یاسایی پێچەوانە نەبێت لە ماددەی (٢)و(٣) ئەم یاسایە هیچ كاریگەرییەك بۆ ئەم ماددەیە ناهێڵیتن، وەهەروەها تا ڕادەیەك ماددەی (٣٤)و ماددەی (٣٦) كە ئەوانە هەموو ئیستیسنائن، ئیستیسنائی زۆر هەیە لەناو ئەم یاسایە بەخۆشتان دەزانن كە ئیستیسنا لە بواری یاسایدا شتێكی داخوازراو نییە، بۆیە من پێموایە كە یان ئەم ماددەیە دەبێت هەڵبگری، یانیش لە ماددەكانی تایبەت (٢)و(٣) دەبیتن بە ڕوونی بە ڕاشكاوی بە دیاریكراوی ئەو ئیستیسنائە دیاری بكەین كە نییەتی مشارع وەكو بەڕێز وەزیری هەرێمیّ ژباسكرد كە دوو یاسایە یاسای لە بواری شارەوانییەكان و لە بواری اصلاحی زراعی دەبی، لەویّ لەو دوو ماددەیە ئاماژە پێبكرێت بە دیاری كراوی، چونكە ئەگەر بەم شێوازە دەربچیتن ئەم یاسایە ئەمە لەڕووی دەقەكانی ئەم یاسایە لەگەڵ یەكتر متحارز دەرەچیت، ئەوە حەیبەكی جەوهەرییە لەم یاسایەدا وە ئەوە وەكو مەسولییەتەكە لەسەر شانی هەموومان نابیت بەم شێوازە تێپەڕیت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی (٤١): وەزیری دارایی و ئابووری پێویستە ماوەی شەست ڕۆژ لە دوای بڵاوكردنەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی كوردستان) ڕێنمای پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەر بكات، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێزمحی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٠)و (٤١)و (٤٢) وەزیری دارایی و ئابووری پێویستە ماوەی شەست ڕۆژ دوای بڵاوكردنەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی ڕێنمای پێویست دەركات، ماددەی (٤٠) دەڵێ ئەو یاسایە دوای شەست ڕۆژ دەچێتە بواری جێبەجێ كردن لە دوای بڵاوبوونەوەی، یەعنی هەردووكیان ماوەكەیان شەست ڕۆژە، ئایا دوای شەست ڕۆژەكە كە بڵاو دەبێتەوەو وەزیری دارایی ڕێنمای دەردەكات یان ئەوە دەردەكات، من پێموایە جۆرێكە دەبێ شەست ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی یاساكە بێت لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی كوردستان)، بۆیە پێموایە پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە پڕۆژەی حکومەتدا هاتووە لەبەر ئەوەی مەوزوعەکە زۆر موتەداخیلە لەوێ نوسیتمان وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی ڕێنمای پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە دەردەکەن، وە هیچ ماوەیەکیشمان دانەناوە بۆ دەرکردنی ڕێنمایی، لەبەر ئەوەی یاساکە تەفاصیل و وردەکاری زۆری تێدایە، بۆیە پێمان باشە ئەگەر تەحدیدی ئەم ماوەیە نەکەن، کە لەو ماوەیەدا وەزیر پێویستە ئەو ڕێنمایە دەربکات، یەك تەحدیدی ماوەکە نەکرێت، دوو هەماهەنگیەك درووست بکرێت لە نێوان هەردوو وەزارەتی پەیوەندی دار وەکو ئەوەی لەناو پڕۆژە یاساکەی حکومەتدا هاتووە، لەبەر ئەوەی وەزیری دارایی ئەوە بەپێی یاساکان و بەپێی ئەوەی کە هەیە مولکیەت و ڕەقەبە هەمووی ئی وەزیری داراییە، بەڵام حادەتەن تەحدید کردن و دیاری کردنی وەزارەتی شارەوانیە، بۆیە زیاتر ئەو دوو وەزارەتە پابەندن بە دیاریکردن بۆ نموونە ماددەیەکمان هەیە لەسەر دیاری کردنی زەوی یاخود شوێنێك بۆ کونسوڵخانەکان حادەتەن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزیری شارەوانیەوە دەکرێتن، داواکاریەکە بۆ وەزیری دارایی بەرز دەکرێتەوە بەڵام وەزیری دارایی بۆ وەزیری شارەوانی دەنێرێت بۆ ئەوەی تەحدیدی بوقعەیەکی جوگرافی موعەدەد بکرێتن لە حدودی شارەوانیەکان بەمەبەستی دابین کردنی ئەو شوێنە مەسەلەن کە داوای کردووە کونسوڵخانەیە یان شوێنێکی کەیە، لەبەر هەبوونی پەیوەندیەکی موباشر لەنێوان ئەو دوو وەزارەتە بۆیە بەو شێوەیە دامانڕشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٢) ئەم یاسایە لە دوای بەسەرچوونی ماوەی شەست ڕۆژ لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردسان) جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هیچ تێبینی هەیە لەسەری؟ نییە، فەرموو ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن و کۆتای لەبەر گرینگی موڵك وماڵەکانی دەوڵەت چونکە خاوەندارییەتی بۆ گەلە، بۆیە کارگێڕی پابەندە چاك ڕەفتاری پێکردن بەو موڵك و ماڵانە، بەو شێوەیەی بەرزترین سود بۆ گەل دەستەبەر دەکات و زیاتر پێویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی لەبەر چاو دەگرێت، بۆیە پێویستە ڕەفتار بەو موڵك و ماڵانە بکرێت بە فرۆشتن یان بەکرێدان یان بانەوانی بەپێی چەند حوکمێکی یاسای کە ڕێکارەکانی ڕەفتاری پێکردن بەو موڵك و ماڵانە بۆ زۆرترین ئاستی

شــەفافییەت و ڕوونــی و نزیکییەتــی بــۆ داد پەروەری ڕێکبخــات، بەو شــێوەیەی ئامــانج لە مەبەستەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵـك وماڵەکـانی دەوڵەت دەسـتەبەر بکـات، لەبەر هەمـوو ئەمانە ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشـەی کـارگێڕی هـاتووە ئەگەر بە عەرەبـی تەرجـوومەی عەرەبـی بکەیـن دەبـتە الئیـداری، ئایـا مەبەست ئیداریە یان وەعـدەی ئیـداری؟ جـا ئەگەر ئەوە ڕوون بکـرێتەوە باشـە، ئەوەش ئیـزافە دەکەم پڕۆسەی شەفاف لەبەر ئەوەی کە تۆ موڵکێك بەکـرێ بـدەی یـان بیفرۆشـی بە زیـادکردنی ئاشکرا ئالیەتێکە بۆ شەفاف کردنی پڕۆسەکە، پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت لەکۆتایـدا، مەبەسـتەکانی بەو شـێوەیەی خـوارەوە، بـۆ دادپەروەری ڕێکبخـات و بەو شـێوەیەی ئامـانجە مەبەستەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی شەفاف دەستەبەر بکرێت واتا شەفافیشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٧

ساڵی/ ٢٠٢٠ – بەرگی سەدو هەڤدە

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢١

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) ی نائاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن - چوار شەممە ٢٠٢١/١/٦ل٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢١/٣/١ ل ٤٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢١/٣/٨` ل٨٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/٣/١٠ ل ٢١٥

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنها بڕگەکانی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت:

سێیەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند هەر یەکە لە وەزیر، سەرۆکی یەکە نەبستراوە بە وەزارەت، پارێزگار، سەرۆکی یەکەی ئیداری، یان هەر کەسێك کە ئەوانەی ڕێی پێدەدەن بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دەگرێتەوە.

چوارەم: موڵك و ماڵی گشتی موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنها بڕگەکانی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت:

سێیەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە هەر وەزارەتێك یان نەبستراوە بە وەزارەت لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ فرۆشتن و بەکرێدانی مایە گوازراوە و نەگوزراوەکانی دەوڵەت پێك بهێنرێت کە لە سێ کەس کەمتر نەبێت، وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبستراوە بە وەزارەت سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە بکات.

چوارەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت موڵك و ماڵی کەرتی گشتی گوازراو و نەگوزراوە لە هەرێم دەگرێتەوە.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی بەم شێوەیە:

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم: هەرێم/ هەرێمی کوردستان_عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان_عێراق.

سێیەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند هەر یەکە لە وەزیری سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان هەر کەسێك کە ئەوان ڕێی پێدەدەن بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دەگرێتەوە.

چوارەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەرسێ پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەك خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی دوو، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی تەنها رستەی ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە بێت لادەدرێت لە کۆتایی ماددەکە و بەم شێوەیە:

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر موڵك و ماڵی گوازراوە و نەگوزراوەی دەوڵەت لە کاتی فرشتنی یان بەکرێدانی جێ بەجێ دەکرێت.

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر موڵك و ماڵی گوزراوە و نەگوازراوەی دەوڵەت لە کاتی فرۆشتنی یان بە کرێدانی جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی دووەم، پێشنیاری یەکەم کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری دووەم پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی سێ، تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنها بڕگەیەك لە زنجیرەی سێیەم زیاد بکرێت بەم شێوەیە (سێیەم: ئەو پارەیەی کە لە ئەنجامی فرۆشتن یان بەکرێدانی ئەم موڵکانە بەدەست حکومەت دەکەوێت تەرخان بکرێت بۆ دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان)، پێشنیاری دووەم/ ماددەکە بکرێتەوە بەم شێوەیە (موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە کاتی هاتنە دی بەرژەوەندی گشتی دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت لە رێگەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی ئەو رێکارانەی لەم یاسادا دروستکراون)، پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی بەم شێوەیە:

ماددەی (٣):

یەکەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە کاتی هاتنە دی بەرژەوەندی گشتی دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت بە مەرجێك لە بڕیارەکەدا جۆر و خەسڵەت بڕی ئەم موڵك و ماڵە دیاری بکرێت کە بۆ فرۆشتن یان بەکرێدانی دادەندرێت.

دووەم: فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە رێگەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی ئەو رێکارانەی لەم یاسادا دروستکراون ئەنجام دەدرێت ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێسنیاری دووەم کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێشنیاری سێیەم کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری سێیەم پەسەندکرا، تکایە ماددەی چوارەم بخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤): هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

یەکەم: ڕێکارە یاساییەکانی خەملاندن هەواڵ، فرۆشتن، بەکرێدان، وەرگرتنی بڕی بەرامبەری فرۆشراو و بەکرێدان و بە قیستکردن تەنها لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ماوەیەك کە لە (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی کۆنووسیەوە تێپەڕ نەکات، بڕیاری کۆتایی لە بارەیەوە دەدرێت بە بنبڕ دادەندرێت.

دووەم: ڕێژەی یاسایی لیژنەکانی خەملاندن فرۆشتن یان بەکرێدان بە ئامادەبوونی گشت ئەندامەکانی دروست دەبێت، بڕیارەکانیشیان لە ئەگەری ڕێك نەکەوتن بە زۆرینە دەچێت، ئەو ئەندامەی رایەکی جیاوازی هەیە دەبێت رایەکەی بە کۆنووس جێگەی بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی چوار وکو خۆی دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی پێنج تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی پێنج وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦): دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ ئەم ماددەیە بەم شێوەیە لێبکرێت (فرۆشتنی موڵك و ماڵە نەگوزراوەکانی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێپێدراوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێم، وە کارپێکردنی پرەنسیپی مامەڵەی هاوشێوە)، پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی

ماددەی (٦):

فرۆشتنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێپێدراوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی شەش دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تکایە کێ لەگەڵیدایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی حەوتەم بخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧): هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی حەوت وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، كێ لەگەڵدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٦٧) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی هەشت بخوێننەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم/ وەك خۆی:

ماددەی (٨):

یەكەم: لیژنەی خەملاندن لە ژماریەك فەرمانبەری شارەزا پێك دەهێندرێت كە ژمارەیان لە سێ كەس كەمتر نەبێت، سەرۆكەكەی لایەنی كەم بەڕێوەبەر و ئەندامانی پلەی وەزیفیان لە پلە چوار كەمتر نەبێت.

دووەم: فەرمانبەرێك لە فەرمانگەی تۆماركردنی خانووبەرە و فەرمانبەرێكی ژمێركاری لە فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری هاوەڵی ئەو لیژنەیە دەكەن كە لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە دەقنووسكراوە.

سێیەم: لیژنە دەتوانێت لە كەسانی شارەزایی دەبەستێت.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی نۆیەم، بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە كۆبەندی ئەو بژاردانەی كە پێشنیاركراوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە روو، داوا دەكەین بخرێتە دەنگدان.

یەكەم: لیژنەی خەملاندن لە ژمارەیەك فەرمانبەری شارەزا پێك دەهێندرێت كە ژمارەیان لە سێ كەس كەمتر نەبێت و پلەی وەزیفیان هیچ كامیان لە پلەی پێنج كەمتر نەبێت.

دووەم: فەرمانبەرێك لە فەرمانگەی تۆماركردنی خانووبەرە و فەرمانبەرێكیش ژمێركاری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری هاوەڵی ئەو لیژنەیە دەكەن كە لە بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە دەقنووسكراوە.

سێیەم: لیژنە دەتوانێت لە كەسانی شارەزا و تایبەتمەند دەبەستێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی هەشت پێشنیاری یەكەم وەك خۆی، كێ لەگەڵدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵدانیە، پێشنیاری دووەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەش كێ لەگەڵدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٦٧) كەس لەگەڵدایە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی نۆیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی نۆ هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی نۆ وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ (٦٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دەیەم بخوێننەوە.
**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٠) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی دەیەم وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ (٦٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی یانزە بخوێننەوە.
**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی یانزە چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی تەنها لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەستەواژەی لە دووجار بکرێت لە یەکجار بەم شێوەیە (دووەم: هیچ فەرمانبەرێك نابێت لەساڵێکدا زیاتر لە یەکجار بەشدار بێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامیەتی لیژنەکانی خەمڵاندن و فرۆشتن یان بەکرێدان)، پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی تەنها لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەستواژەی لە ساڵێکدا لاببرێت، پێشنیاری سێیەم/ وەکو خۆی، پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لاببرێت و بەم شێوەیە (لە کاتی فرۆشتن یان بە کرێدانی موڵك و ماڵێکی نەگوازراوەی دیاریکراودا سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی خەمڵاندن ناکرێنە ئەندامی لیژنەی فرۆشتن یان بە کرێدان).
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ماددەی یانزە چوار پێشنیاری هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەوزیحێك بۆ کاك هێڤیدار، ل دوایین کۆبوونەوەیدا ئاماژە پێدا هەندەك پرسێت سەرەف قانونینە، جەنابێ تە و سەرۆکێ لیژنەی ئەو دسەلات دانە مە، ئەڤ بڕگە نوکە مەوجودە ل

جەلسا خویندنا دووێ ژی سەرۆکا پەرلەمانی ژی ئاماژە پێدابوو لەگەڵ ماددەیا (٣٥) تەعروزا (١٠٠٪)ە، مە ئیتیفاق کربوو کاك زیادیش ئامادەیە، پرسەکا قانونی هەوە دەسەڵات دانە مە، مەوزوعێ قانونی نە مەوزوعەکی فەنی، ئەگەر ئەو برگەیا دووێ لا نەچووبا لەگەڵ ماددەیا (٣٥) تەعاروز (١٠٠٪) دروست دەبێت، مەوزوعەکێ قانونیە، یەعنی مە هیچ دەستکاریەك نەکریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ (٥٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوانزە چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەکو خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی خوارەوە:

١. لە خاڵی یەکی بڕگەی دوودا دەستەواژەی ئەگەر بە پێویستی زانی لابرێت، لە خاڵی یەکی بڕگەی دوودا دەستەواژەی تەعینات بکرێت بکرێتە رەهن، لە بڕگەی حەوتەمدا لە (٧٠٪) بکرێتە لە (٩٠٪).

پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی تەنها زیادکردنی خاڵێك بە زنجیرەی سێ بۆ بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە (سێ: پێویستە ئەو جاڕنامەیەی کە لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیەدا هاتووە لە شوێنی فرۆشتن و بە کرێدانەکە شوێنی بە ئەنجامدانی زیادکردنەکە هەڵبواسرێت).

پێشنیاری سێیەم/ وەکو خۆی:

ماددەی (١٢):

رێکارەکانی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی نەگوازراوە لەلایەن لیژنەی فرۆشتن یان بە کرێدان بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم: رێکخستنی لیستی زیادکردن لەبەر رۆشنایی خەسڵەتەکان موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە کە لەلایەن لیژنەی خەملاندنەوە چەسپێندراوە ئەگەر زیاتر لە موڵك و ماڵێکی دی ئەوە بۆ هەر یەکێکیان لیستێکی زیادکردن رێك دەخرێت.

دووەم: ١- جاڕنامەی فرۆشتن یان بە کرێدان بە زیادکردنی ئاشکرا لە دوو رۆژدا بڵاو دەکرێتەوە، دوو رۆژنامەی رۆژانەدا بڵاو دەکرێتەوە کە یەکێکیان لە هەولێر و ئەوەی دیکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایەی کە زیادکردنەکەی تێدا دەکرێت، وەك جاڕنامە لە فەرمانگە هەڵدەواسرێت کە فرۆشتن یا بە کرێدانەکە ئەنجام دەدات، لیژنە ئەگەر بە پێویستی زانی دەتوانێت بڕیاری بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە لە رێگەی ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندنەوە لە ناویاندا پێگە ئەلکترۆنیە فەرمیەکان بدات.

٢. ئەو موڵك و ماڵە نەگوازراوەی بەهای خەملێندراوی بە کرێدانی ساڵانەی لە یەك ملیۆن دینار کەمتر بێت لە جاڕدان دەردەکرێت.

سێیەم:

١- جارنـامەکە گشـت ئەو خەسـڵەتانەی موڵـك و مـاڵە نەگـوازراوەکە کە لە کۆنـووس لیـژنەی خەمڵاندندا هـاتوون ڕۆژ و ڕێکەوت و کـاتژمێری زیـادکردنەکە مەرجەکـانی بەشـداریکردن ئەو شـوێنەی تێیـدا ئەنجـام دەدرێـت و بـڕی ئەو بارمەتـانەی کە پێویسـتە سـپاردە بکـرێن لە خـۆ دەگرێت.

٢- فرۆشـتن یـان بە کرێـدانی موڵـك و مـاڵە نەگـوازراوەکە بەپێـی ئەو ڕێزبەنـدیەی لە جارنامەکـدا هاتووە ئەنجام دەدرێت.

چـوارەم: لیسـتی زیـادکردنەکە لە ڕۆژی بڵاوکـردنەوەی جارنـامەکە بـۆ مـاوەی سـی ڕۆژ کـراوە دەبێت، پێویستە لەسـەر ئەو کەسـانەی خواسـتی کـڕین یـان بە کـرێ گرتنـی موڵـك و ماڵەکەیـان هەیە سەرەدانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ دەربڕینـی خواسـتی کـڕین یـان بە کرێگـرتن بەو مەرجەی هەر یەکێکیان پێش بەشداریکردنی لە زیادکردنەکە بـارمتەیەك سـپاردە بکـات، بـڕەکەی لە (٢٠٪)ی بەهای خەمڵێندراو لە حاڵەتی فرۆشتنی لە کۆی بڕی بەرامبەری بە کرێـدان بـۆ تەواوی لە حاڵەتی بە کرێدان کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

....هەر بەڕێزێکی لەگەڵە وەك خۆی؟ خۆی چوار پێشنیارە ئەوە هـی لیـژنە نیـیە ئەو پێشـنیارە، (١) کەس، پێشنیاری چوارەم پێشـنیاری لیـژنەی تایبەتمەنـدە، هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە؟ بە دەنگـی (٥٧) ئەندامی پەرلەمان پەسـەند کـرا، فەرمـوون کـاك بـژار، مـاددەی دوای ئەوە بخـوێننەوە، کـاك زیـاد ماددەی (١٣) .

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (١٣) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ماددەکە وەك خۆی، تەنهـا لە بـڕگەی یەکەم دا ماوەکە لە (١٥) ڕۆژ بکرێتە (٢٥) ڕۆژ، پێشـنیاری دووەم/ وەك خـۆی تەنهـا بە زیـادکردنی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا بەم شێوەی خوارەوە:

١-ئەگەر لە ئەنجامی زیادکردنەکە بڕی بەرامبەر نەگەیشـتە بەهـای خەمڵێنـراو ئەوا زیـاد کـردنەکە بۆ ماوەی (٢٥) ڕۆژی تر درێژ دەکرێتەوە بە هەمـان نـرخ لە ڕۆژی دوای بڵاوکـردنەوەی جارنـامەکە دەست پێدەکات.

پێشنیاری سێیەم وەك خۆی، تەواو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان سـێ پێشـنیارمان هەیە بـۆ مـاددەی (١٣) پێشـنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە؟ پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بەڵێ (١) کەس، پێشنیاری سێیەم وەك خـۆی؟ بە دەنگـی (٥٩) پەرلەمانتار پەسەند کرا، کاك سامان ئەگەر دەیـانەوێ بێـنەوە دەتـوانن بێـنەوە موەزەفەکـان، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (١٤) دوو پێشنیار هەیە:

-پێشنیاری یەکەمماددەکە وەك خۆی، تەنیا بە لابردنی ڕستەی (پێشەنگی بۆ ئەوانە دەبێت کە هاوسەرگیرییان کردووە) لە بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم دا.
-پێشنیاری دووەم وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی فەرموون؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) دوو پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم وەك خۆی.
-پێشنیاری دووەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە:
١-یەکەم لە پێشەنگی ماددەکە دەستەواژەی کشتوکاڵی لابدرێ.
٢-بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە بەم شێوەی لێ بکرێت (نابێت ماوەی بانەوانی لە ٢٥ ساڵ زیاتر بێت یارای نوێکردنەوە بە موڵك کردنی بۆ بانەوانیکار نییە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی بانەوانی هەرچی بونیات نرابێت دەبێتە خاوەن موڵك و ماڵ نەگوێزراوە بێ بەرامبەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دوو پێشنیار هەیە وەك خۆی، لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند، هەر بەڕێزێك لەگەڵ وەك خۆیەتی؟ (٣) بەڕێز، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنەیە؟ بە دەنگی (٥٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، کاك سامان بە کاروبار بڵێ بێنە ژوورەوە، وا خۆم ڕەقەمەکانیان بۆ دەنووسم، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

ماددەی (١٦):

سەبارەت بە ماددەی (١٦) چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی تەنیا لە خاڵی دووەمی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە سێ ساڵ بکرێتە پێنج ساڵ، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنها بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە لابرێ، پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی، پێشنیاری چوارەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە وەك خۆی تەنیا لە خاڵی دووەمی بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە (٢٠) ساڵ بکرێتە (١٥) ساڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ وەك خۆیەتی؟ (٤) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەندە؟ بەدەنگی (٥٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (١٧) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لابرێت، پێشنیاری دووەم وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماددەی (١٧) دوو پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ (١) کەس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی؟ لیژنە خۆتان دەنگ نادەن بەڕێزان؟ سارا خان خۆتان دەنگ نادەن بە ماددەکە؟ ئێوە بۆ ئێمەتان حازر کردووە، بەڵێ سوپاس، بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (١٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (١٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (١٩) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی تەنها زیاد کردنێك لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە (کرێچی پابەند دەبێت بە دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵە کردنی بنبڕ ئەگەر ماوەی گرێبەستەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێت بەپێی بارودۆخی ئابووری دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ ڕەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەر بەکرێدانەکە بە قیست بەم شێوەیەی خوارەوە، هیچ نەنووسراوە، پێشنیاری دووەم وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوە هی دیباجەکەیەتی بۆیە هیچ نەنووسراوە، بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە بۆ ماددەی (١٩)؟ یەك کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ وەك خۆیەتی؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٠) فەرموون.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (٢٠) وەك خۆی؟ بە دەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (٢١) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢١) هەر بەڕێزێکی لەگەڵە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٢).

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر كەسێك لەگەڵ ماددەی (٢٢) وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٣) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم ماددەكە وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی سێیەم و چوارەم لە خاڵی یەك دەستەواژەی (خانووبەرانەی) بكرێتە (مولكەكان)، پێشنیازی دووەم وەكو خۆی، پێشنیازی سێیەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە وەكو خۆی تەنیا لە بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیەدا (دەستەواژەی ساڵانە جارێك) بكرێتە (سێ ساڵ جارێك)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٢٣) پێشنیاری یەكەم هەر بەڕێزێكی لەگەڵە؟ دوو كەس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی هەر بەڕێزێكی لەگەڵە؟ پێشنیاری سێیەم پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند هەر بەڕێزێكی لەگەڵە؟ بەڵێ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٤) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم وەكو خۆی تەنیا دەستەواژەی (مامەڵەی هاوشێوەی) لابرێ لە كۆتایی ماددەكە، پێشنیازی دووەم وەكو خۆی، پێشنیازی سێیەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە ماددەكە بەم شێوەی لێ بكرێت (وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەسەر داوای فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە بە ڕەزامەندی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەو زەوییانەی كە مولكی دەوڵەتن بە كرێیان بدات و وڵاتانی بیانی بۆ دروستكردنی بارەگای نوێنەرایەتییە سیاسییەكانیان یان قونسوڵخانە یان بۆ مەبەستی دروستكردنی خانووە نیشتەجێكان لەسەریان یان نوسینگە بۆ پاشكۆكانیان ئەویش بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە ماوەی بە كرێدانی ڕێگەپێدراو لە وڵاتی لایەنی بەرامبەر ئەویش بە بەرامبەرێك لە لیژنەیەكی تایبەتمەند خەمڵاندنی دەكات كە وەزیری دارایی پێكیدەهێنێت یان بەبێ بەرامبەر بەمەرجی بوونی مامەڵەی هاوشێوە لەلایەنی بەرامبەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان بۆ ئەم ماددەیە سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم هەر بەڕێزێكی لەگەڵە؟ بەڵێ دوو كەس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی هەر بەڕێزێكی لە گەڵە؟ كەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری سێیەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی (٢٥) فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٥) هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٦).

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەکەیە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٧).

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەی (٢٧)ە وەکو خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٩) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەی (٢٩)یە وەك خۆی با بفەرموێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جلال محمد أمين احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٣٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی؟ بەدەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جلال محمد امين::**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣١) هیچ پێشنیارەك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو خۆی بەبێ هیچ دەستکارییەك؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٣٢) دوو پێشنیاز هەیە:
پێشنیازی یەکەم: وەك خۆی، تەنها بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لابرێت.
پێشنیازی دووەم: وەك خۆی.
ماددەی (٣٢):
١-دەکرێ موڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت لەکاتی پێویستی بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەکرێ بدرێن.
٢- دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ بەبێ جاردان و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا موڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت بە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە هەرێم بەکرێ بدات.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بۆ ماددەی (٣٢) هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (١) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ وەك خۆیەتی؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان وەك خۆی پەسەند کرا.
**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣٣):
سەبارەت بە ماددەی (٣٣) هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەکەیە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣٤):
سەبارەت بە ماددەی (٣٤) سێ پێشنیاز هەیە:
پێشنیازی یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێتە (ئەنجومەنی وەزیران).
پێشنیازی دووەم: ئەم ماددەیە لابرێت.
پێشنیازی سێیەم: وەك خۆی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لەکاتی پێویست بڕیار بدات بە فرۆشتنی موڵك و ماڵە گوازراوە و نەگوازراوەکانی دەوڵەت یا بەکرێ دانیان بەدەر لەو ڕێکارانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان هەر کەسێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ پێشنیاری یەکەم دەڵێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێتە (ئەنجومەنی وەزیران)؟ (٧) کەسی لەگەڵە. ئەوی دووەم کە دەڵێ هەموو ماددەکە لابرێ؟ (١) کەسی لەگەڵە. ئەوەی کە دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ بە دەنگی (٥٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣٥):
سەبارەت بە ماددەی (٣٥) سێ پێشنیاز هەیە:
پێشنیازی یەکەم: بڕگەی سێیەم لەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێبکرێت:
بڕگەی سێیەم/ پاداشتێك دەبەخشرێتە کەسی شارەزا لە هەردوو لێژنەی دەرخستنە کردن وە بڕگەی فرۆشتن یان خەملاندن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە گوازراوەکان و نەگوازراوەکانی دەوڵەت بەرامبەر هەر کۆنووسێکی خەملاندنی پەسەندکراو کە لێژنەکە رێکیدەخات یان لیستێکی زیادکردن لە لێژنەی فرۆشتن و بەکرێدان رێکیدەخات بە بڕی دە هەزار دینار کۆی گشتی ئەو پاداشتانە مانگانە نابێت لە چوار سەد هەزار دینار تێپەر بێت، بۆ هەر هاوەڵێکیش مانگانە نابێت لە دوو سەد هەزار دینار زیاتر بێت.
پێشنیازی دووەم: وەك خۆی.
پێشنیازی سێیەم: پێشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی سێیەم بەم شێوەی لێبکرێت:
بڕگەی سێیەم: پاداشتێك دەبەخشرێتە هەردوو لێژنەی رێکخستن، خەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدان هەر یەك لە فەرمانبەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرە و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری و شارەزا و سکرتێری لێژنە و ئەمینداری سندوق و شۆفێرە هاوەڵەکان لێژنە بەرامبەر هەر کۆنووسێکی خەملاندن پەسەند کراو یان هەر لیستێکی زیادکردن بەمەرجێك کۆی گشتی ئەو پاداشتانەی دەبەخشرێتە هەر ئەندامێکی لێژنە مانگانە لە چوار سەد هەزار دینار و بۆ هەر هاوەڵێکیش مانگانە لە دوو سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.
**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان بۆ ئەم ماددەیە سێ پێشنیارمان هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (١) کەس. هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پیشنیاری هەردوو لێژنە؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣٦):
هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.
**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان هەر کەسێك لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٣٦) وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣٧):
هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ مـاددەی (٣٧)ە وەك خـۆی؟ بە دەنگـی (٦٤) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٨):

هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (٣٨)ە وەكو خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٩):

سەبارەت بە ماددەی (٣٩) هیچ پێشنیازێك نییە، وەك خۆی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ مـاددەی (٣٩)ە وەك خـۆی؟ بە دەنگـی (٦٤) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٠):

سەبارەت بە ماددەی (٤٠) دوو پێشنیاز هەیە:

پێشنیازی یەكەم ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیازی دووەم: وەك خۆی.

ماددەی (٤٠):

كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیاری یەكەمە مـاددەكە لابرێـت كە مـاددەیەكی پرۆتۆكـۆلییە؟ (١) دەنـگ. هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە وەكـو خـۆی بمێنێـتەوە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤١):

سەبارەت بە ماددەی (٤١) دوو پێشنیاز هەیە:

پێشنیازی یەكەم: وەك خۆی.

پێشـــنیازی دووەم: پێشـــنیازی هەردوو لیـــژنەی تایبەتمەنـــد وەزیـــری دارایـــی و ئـــابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار پێویستە ڕێنمایی ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـــزان بـــۆ مـــاددەی (٤١) دوو پێشـــنیار هەیە، وەك خـــۆی هەر بەڕێزێکـــی لەگەڵە؟ (١) کەس. پیشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٢):

هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی (٤٢) هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە وەك خـۆی پەسـەند بکـرێ؟ بە دەنگـی (٦٣) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

هیچ پێشنیازێك نییە، وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چاکیان کـردووە کـاك (د.ڕێبـوار) جەنابـت ملاحەزەیێکـی دەقیقـت هەبـوو، هەر کردوویـانە بە یەك پێشنیار، ئەوەی جەنابتی تێدایە، بخوێننەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەبەر گرینگـی موڵـك و ماڵەکـانی دەوڵەت چـونکە خاوەنـداریەتی بـۆ گەلە دەسـەڵاتی ئیـداری پابەنـدە بە چـاك ڕەفتـار پێکردنـی بەم موڵـك و مـاڵانە، بەو شـێوەیەی بەرزتـرین سـوود بـۆ گەل دەسـتەبەر دەکـات و بەرژەوەنـدی گشـتی لەبەر چـاو دەگیـرێ، بـۆیە پێویسـتە فرۆشـتن یـان بەکرێدان یا بانەوانی بەپێی چەند حوکمێکی یاسایی بێـت، کە ڕێکارەکـانی ڕەفتـار پێکـردن بەم موڵك و ماڵانە بە زۆرترین ئاستی شەفافیەت و روونی و نزیکی بۆ دادپەروەری ڕێـك بخـات، بەم شێوەیەی ئامانجەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکـانی دەوڵەت دەسـتەبەر بکـات، لەبەر هەموو ئەمانە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان هەر ئەنـدامێکی پەرلەمـان لەگەڵ هۆیەکـانی دەرچـوونە بەم شـێوەیەی کە بەڕێـز کـاك (بەڵێن) خوێندییەوە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ کۆی یاساکەیە با بفەرمووێ دەنـگ بـدا؟ پێشـنیارێکی تـر هەیە کـاك (بەڵێن) دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد بە گرینگـی دەزانـین بـۆ ڕێکخسـتنی زنجیـرە و دابەشـکردنی ماددەکـان پێشـنیاز دەکەیـن ناونیشـانی دەروازەی پێـنجەم حـوکمە کۆتاییەکـان لە بەشـی دووەم بکرێتە حوکمە گشتی و کۆتاییەکان و داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەو گۆرانکاریەیە کە بەڕێـزان لە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان پێشـنیاریان کردووە با بفەرموێ دەنگ بدا؟ تەنها ناوی دەروازەکە دەگۆڕن، بە دەنگی (٥٨) ئەنـدامی پەرلەمـان پێشـنیازەکە پەسـەند کـرا. هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ کـۆی یاسـاکەیە؟ بە دەنگـی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. پیرۆزبـایی لە خۆمـان و لە گەلـی کوردسـتان دەکەیـن و بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتەنەکەمان دەهێنین و دانیشتن هەڵگیرا.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |